# ئەنارکیزم
# و
# ئەنارکۆسەندیکالیزم

نووسینی:
رۆدۆلف رۆکەر

و. لە فارسییەوە:
هەژێن

چاپی یەکەم، سێپتەمبەری ٢٠١١

# ئەنارکیزم
# و
# ئەنارکۆسەندیکالیزم

نووسینی:

## ڕودۆلف ڕۆکەر

و. لە فارسییەوە:

## هەژێن

چاپی یەکەم، سێپتەمبەری ٢٠١١

# نێوەڕۆکی پەرتووک


Ⓐ بەراییەکی کورت لەبارەی ئەنارکۆسەندیکالیزم

Ⓐ ئایدیۆلۆجی ئەنارکیزم

Ⓐ مێژووی فیلۆسۆفی ئەنارکیزم

Ⓐ لە لائۆ تسە (Lao-Tse)وە تا کرۆپۆتکین

Ⓐ ڕەگەکانی ئەنارکۆسەندیکالیزم

Ⓐ سۆشیالیزم و ئەنارکۆسەندیکالیزم لە فەرەنسە

Ⓐ ڕۆڵی یەکێتییە کرێکارییەکان : ڕوانگەی ئەنارکۆسەندیکالیزم

Ⓐ خەبات لە ئاڵمانیا و ئیسپانیا

Ⓐ خەباتی ڕامیاریی : ڕوانگەی ئەنارکۆسەندیکالیستی

Ⓐ ئەنارکۆسەندیکالیزم پاش جەنگی جیهانی یەکەم

Ⓐ بنچینەکانی سەندیکالیزم

# بەراییەکی کورت لەبارەی ئەنارکۆسەندیکالیزم

ئەنارکۆسەندیکالیزم، شێوازی خەبات و ڕێکخستنی ئازادیخوازانەیە لە بواری خەباتی جەماوەرییدا، کە لەسەر پایەی خۆڕێکخستن و خۆچالاکی و خۆبڕیاردان و خۆجێبەجێکردنی تاکی چەوساوە لە خوارەوەڕا، لە بنکەی جەماوەریی فراوان و لەنێوەندی ژیانی کۆمەڵایەتییدا وەك ئەڵتەرناتیڤی ڕێکخستن و چالاکی و فەرمانبەری و جێبەجێکردن لەسەر بنەمای گوێڕایەڵیی بۆ سەرەوە و شێوازی قوچکەییانەی (هیراشی) ڕێکخسنی باو، کە دەسەڵات و ئاراستە ڕامیارییە دەسەڵاتخوازەکان بۆ ڕاگرتن و پاراستنی سیستەمی چینایەتی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی پێ لەقاڵبدەدەن و گیانی ئازادیخوازیی و کارابوون و دەستپێشخەریی لە تاکی چەوساوە دەسێننەوە و دەیکەنە تاکی خۆشباوەڕ و پاشکۆ و ملکەچی بڕیارە پێشتر دریاریکراوەکان. ئەم شێوازە لە کوشتنی گیانی کارابوون و چالاکبوون و بەدەربەستبوون، تەنیا لەلایەن دەسەڵات و پارتە پارلەمانیییەکانەوە نەگیراوەتەبەر، بەڵکو فێرگە و ئاراستە پڕۆ-مارکسیستە بەناو "سۆشیالیستەکان"یش، ئەوەی کە بۆرجوازی نەیتوانیوە کۆمەڵایەتیی بکاتەوە، ئەوان بەلەخۆبوردووییەوە بۆ کۆمەڵگەی چینایەتی ئەنجامیانداوە.

ئەناکۆسەندیکالیزم وەك ڕێبازی یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە لە بەرانبەر هەوڵە خۆشباوەڕگەر و خەڵەتینەرەکانی بۆرجوازی بەوەی بە پارانەوە و چاوەڕوانی و متمانە بە نوێنەرە پارلەمانییەکان، بەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان ژیان و گوزەرانی چینە ژێردەستەکان (ناسەروەرەکان) باشتر دەبێت، هەروەها لە بەرانبەر خۆشباوەڕیی و پاشکۆکردنی چین و توێژە ژێردەستەکان لە دووی پارتە ڕامیارییەکانی دەستەبژێران، بەوەی ئەگەر چەوساوان وزە و هێزی خۆیان بکەنە پاڵپشتی "پارتی پێشڕەو" و دەستەبژێرە فەرماندەرەکەی، ئەوا پاش بەدەسەڵاتگەیشتنی ئەو جەنابانە، چەوساوان بە ئاواتەکانی خۆیان دەگەن و جیاوازییە چینایەتییەکان وەك بەفری بەهاران بە جادووی "پێشرەوی"ی ئەوان دەتوێتەوە. ئەنارکۆ - سەندیکالیزم لە بەرانبەر ئەو فریوکارییە هەزارانباربووانەدا وەك ئەلتەرناتیڤی خۆڕابوونی چەوساوان و خۆرزگارکردن چەوساوان لە نوێنەرایەتی پارلەومانیی و پێشڕەوایەتی دیکتاتۆری پارتەکان، وەك وەڵامدانەوە بە پێداویستی خەباتی چینایەتی لە دەروونی خودی

بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و جەماوەریی چەوساوانەوە، هاتووەتە مەیدان و هەر لە سەرەتاوە لە شێوەی ڕێکخستن و شێوازی خەبات و میکانیزمەکانی کار و چالاکی و ڕۆڵی تاکە چەوساوەکان لە دیاریکردنی داهاتووی خۆیاندا لەتەك یەکێتیگەرایی یاسایی و پاشکۆگەرایی پارتە چەپەکاندا سنووربەندی کردووە. لە هزر و بیرۆکەی ئەنارکۆ-سەندیکالیستیدا ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و خەباتی کۆمەڵایەتی سەنگەری لاوەکی و کاتیی خەباتی چینایەتی نین، بەڵکو تاکە سەنگەری شۆڕشگێڕانە و چەکی کارای ئەو خەباتە پێکدەهێنن و هاوکات دەبنە یەکەی ڕێکخستنی کۆمەڵگەی داهاتوو. لەمەش واوەتر یەکێتییە شۆڕشگێڕەکان لە ژیان و کاروبار و چالاکی ڕۆژانەدا هەوڵی لێدان لە پایەکانی سیستەمی چینایەتی دەدەن و دەخوازن هەر ئەم ڕۆژگارە و لە دەروونی سیستەمی چینایەتیدا ڕێسا و کولتوور و پایەکانی ژیان و مامەڵەی مرۆڤی نوێ جێخستە بکەن و هاوسەنگی هێز لە خەباتی ڕۆژانەدا بەلای کۆمەڵگەی هاوبەش و هەرەوەزییدا بشکێننەوە.

جیاوازییە سەرەکییەکانی ئەنارکۆسەندیکالیزم وەك هزر و بیرۆکەی یەکێتییە شۆڕشگێڕەکان لەتەك یەکێتییە یاسایی و پاشکۆ باوەکان، ئەوەیە، کە لە بەرانبەر نێوەندگەرایی بڕیاردان و سنووربەندیی نەتەوەیی و نیشتمانیدا، خۆجێی چالاکی دەکەن و جیهانی بیردەکەنەوە، لە بەرانبەر پێهکاتەی قوچکەیی ڕێکخستندا، خوازیاری پێکهێنانی یەکێتی پیشەیی سەربەخۆ و یەکگرتووە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا لەسەر بنەمانی فیدرالیستیی، لە بەرانبەر گوریڕایەڵی نێوەندی و یاسا و دەوڵەت، خەریکی هەڵخڕاندنی خەباتی ڕاستەخۆ و کتوپڕ و مانگرتنی گشتی دەبێت، لە بەرانبەر دەوڵەتییکردنەوە و بازارئازادی نیئۆلیبراڵیزم، کار بۆ پێکهێنانی هەرەوەزییە ئازادەکان و خۆبەڕێوەبەرایەتی چین و توێژە بندەستەکان لە شوێنی کار و ژیانی خۆیاندا دەکات، بەواتایەکی دیکە واتە دەستکۆتاکردنی هەنگاو بە هەنگاوی سەروەران و سیستەمی چینایەتی لە ژیانی ڕۆژانەدا، هەنگاو بە هەنگاو بە گوێرەی هوشیاربوونەوە و ڕێکخراوبوون و دەستبەکاربوون و پەرەگرتنی هێزی یەکگرتووی چەوساوان بۆ خستنەگەڕی ویست و سەپاندنی خواست و کۆمەڵایەتیبوونەوەی کولتووری هاوبەشیی و هاریکاری و هەرەوەزیی ژیانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگە ئازادە بێسەروەرەکاندا بە ئامانجی کۆتاییهێنانی یەکجارەکی بە سەرکوت و نایەکسانیی و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

**وەرگێڕی کوردی**

# ئایدیۆلۆجی ئەنارکیزم

ئەنارکیزم ڕەوتێکی دیاریکراوی هزرییە لە هزری کۆمەڵایەتییدا، کە پەیڕەوانی خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی چەپاوڵگەرییە (monopolies) ئابوورییەکان و لەنێوبردنی گشت دەزگە ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییە سەرکوتگەرەکانی کۆمەڵگەن. لەجیاتی سیستەمی ئابووریی سەرمایەداری، ئەنارکیستەکان خوازیاری کۆمەڵە ئازادەکانی گشت هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کۆمەڵگەن، لەسەر بنەمای کاری هەرەوەزی، کە تاکە ئامانجیان، دابینکردنی پێداویستییەکانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەیە. ئەوان لەجیاتی دەوڵەتە نەتەوەییە هەنووکەییەکان و دەزگە ڕامیارییە دابڕاو و بیرۆکراتیکەکانیان، خوازیاری فیدراسیۆنی کۆمیونیتییە ئازادەکانن، کە لەسەر بنەمای هاوبەرژەوەندێتی ئابووریی و کۆمەڵایەتییان پێکەوە پەیوەستن و بە هاریکاری بەرانبەرانە و ڕێکەوتنی ئازادانە، کاروبارەکانیان جێبەجێدەکەن.

هەر کەسێك بە وردبینییەوە لە گەشەی ئابووریی و ڕامیاریی سیستەمی کۆمەڵایەتی هەنووکەیی بکۆڵێتەوە، بۆی دەردەکەوێت کە ئەم ئامانجانە لە بیرۆکەی خەیاڵیی کەمایەتییەکی خەیاڵپەروەرەوە سەرچاوەناگرن، بەڵکو سەرەنجامی لوجیکییانەی تویژینەوەی قوڵی ناڕێکییە کۆمەڵایەتییە جێکەوتەکانن، کە لەتەك هەر قۆناخێکی تازەی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی هەنووکەییدا، خۆیان بەشێوەیەکی ئاشکراتر و زیانمەندتر دەخەنەڕوو. سەرمایەداری چەپاوڵگەرانەی هاوچەرخ و دەوڵەتە سەرتاپاگیرەکان، تەنیا دواقۆناخی پەرەسەندنێکن، کە بەناچاریی بە لووتکەی دەگات و دەرباز و کۆتاییەکی دیکەی نابێت.

پەرەسەندنی نەهامەتباری سیستەمی ئابووریی هەنووکەیی، کە بووەتە هۆی کەڵەکەکردنی تەواوی سامانی کۆمەڵایەتی لە دەستی کەمایەتییەکی بەرتەر و سەرکوتی بەردەوامی جەماوەری بەرینی خەڵك، بواری بۆ کاردانەوەی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی هەنووکەیی ڕەخساندووە و تەنانەت لە هەموو ڕوویەکەوە بووەتە هاوەڵدوانەی. سیستەمی هەنووکەیی، بەرژەوەندی زۆرینەی کۆمەڵگەی مرۆیی، کردۆتە قوربانی بەرژەوەندی تایبەتی چەند کەسێك و سەرەنجام بەشێوەیەکی سیستیماتیك، پەیوەندی ڕاستینەی نێوان مرۆڤەکانی لەنێوبردووە. خەڵکی ئەوەی لەبیرکردووە، کە پیشەسازی بۆخۆی ئامانج نییە،

بەڵكو دەبێت تەنیا ئامرازێك بێت بۆ دابینكردنی ژیانی مرۆڤ و كەرەستە پێویستەكان و دەسەبەركردنی هەلی بەهرەمەندبوون لە ڕۆشنبیرییەكی باڵاتری كولتووریی. لە هەر كوێ پیشەسازی ببێتە هەموو شتێك، لەوێندەرێ كار گرنگی ئاكاریی خۆی لەدەستدەدات و مرۆڤ دەبێتە هیچ، لێرەوە ڕێڕەوی سەركوتگەرانەی ئابووریی دەستپێدەكات، كە نەهامەتباریی شێوازەكانی كاركردن هیچیان لە سەركوتگەریی ڕامیاریی كەمتر نابێت. لە ڕاستیدا سەركوتی ڕامیاریی و ئابووریی، هەردووك بەشێوەیەكی هاوتا تەواوكەری یەكدین و لە یەك سەرچەشمەوە هەڵدەقوڵێن.

سیستەمی كۆمەڵایەتی هاوچەرخ، لە نێوەوەڕا، ڕێكخستنی كۆمەڵایەتیی هەر وڵاتێكی بەسەر چینی دژبەیەكدا دابەشاندووە و لە دەرەوەشڕا، بازنە هاوبەشە ڕۆشنبیرییەكانی، لە نەتەوە دژبەیەكەكاندا تێكشكاندووە؛ هەردووك، چینەكان و نەتەوەكان، لە دوژمنایەتییەكی بێكۆتاییدا ڕووبەڕووی یەكدی دەبنەوە و بەهۆی جەنگە بەردەوامەكانیانەوە ژیانی كۆمەڵایەتییان لە بارگرژیی بەردەوامدا ڕاگرتووە. دوو جەنگی جیهانی لە نیوسەدەدا و شوێنەوارە ترسناكەكانیان و مەترسی بەردەوامی هەرساتە ڕوودانی جەنگە تازەكان، كە ئەوڕۆكە باڵی بەسەر هەموو گەلاندا كێشاوە، تەنیا سەرەنجامی لۆجیكیانەی وەها بارودۆخێكی لەتوانابەدەرن، كە بۆی هەیە ببێتە هۆی نەهامەتیی زیاتری جیهانی. هۆكاری ئاشكرای ئەوەیە، كە ئەم ڕۆژە زۆربەی دەوڵەتەكان وابەستەن، بەشێكی زۆر لە داهاتی ساڵانەی بەرهەمی كۆمەڵایەتی بۆ بەناو پارێزگاری نەتەوەیی و دانەوەی قەرزی جەنگەكانی پێشووتر دەخەنەلاوە، ئەمە سەلمێنەری نالەباری و چارەهەڵنەگری بارودۆخی ئەوڕۆكەییە؛ پێویستە بۆ هەر كەسێك ڕۆشنبێت، ئاساییشێك كە دەوڵەت پاگەندەی دابینكردنی بۆ تاكەكان دەكات، خەرجی لە سوودی زیاترە.

دەسەڵاتی گەشەسێنی دابڕاوی بیرۆكراسی ڕامیاریی، كە لە لانكەوە تاكو نێوگۆڕ، ژیانی مرۆڤ، چاودێری و سەرپەرستییدەكات، ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێگری زیاتر لەسەر ڕێی هاریكاری نێوان مرۆڤەكان دروستدەكات. سیستەمێك كە لە هەر كاركردێكیدا خۆشگوزەرانی بەشێكی زۆری خەڵك و تەنانەت نەتەوەكان بەقوربانی هەوەسی خۆپەرستیی لەپێناو دەسەڵات و بەرژەوەندی ئابووریی كەمایەتییەكی بچووك دەكات و بەگوێرەی پێداویستی دەبێتە هۆی تێكدانی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و هەڵگیرساندنی جەنگی هەر كەس و لایەك دژی

هەمووان. ئەم سیستەمە تەنیا ڕێکخەری دەستەبژێرانی دیار و کاردانەوەی کۆمەڵایەتییە، کە لەم ڕۆژەدا بەرجەستەبوونی تەواوەتی لە فاشیزمی نوێ و دەوڵەتی سەراپاگیردا دەردەکەوێت. زۆر لە دەسەڵاتخوازیی پاشایەتی بێچەندوچوونی سەدەکانی ڕابوردوو تێپەڕیکردووە و هەوڵدەدات هەموو چالاکییە مرۆییەکان بخاتە ژێر ڕکێفی دەوڵەتەوە. "هەموو شتێك بۆ دەوڵەت؛ هەموو شتێك لە ڕێی دەوڵەتەوە؛ هیچ شتێك بەبێ دەوڵەت نابێت!" تیئۆلۆگی (اللاهوتیة) بووەتە بیرۆکەی دووبارەبووی ڕامیاریی نوێ، کە جیاوازی سیستەمەکەی لەتەك تیئۆلۆگی کلیساییدا "خوا هەموو شتێکە و مرۆڤ هیچ"، لە باوەڕی ڕامیاریی نوێدا دەکاتە "دەوڵەت هەموو شتێکە و هاووڵاتی هیچ" نییە. بە هەمان شێوە، کە دەربڕینی "ویستی خوا" بۆ ڕەوایەتیدان بە ویستی (ئیرادەی) چینە بەرتەرەکان بەکاردەبرا، هەروا لەم ڕۆژگارەشدا لەپشت پەردەی "ویستی دەوڵەت"ەوە، تەنیا بەرژەوەندی خۆپەرستانەی ئەوانە شاردراوەتەوە، کە خۆیان ڕاسپێردراو دەبینن، ئەم ویستە بە تێگەیشتنی خۆیان لێکبدەنەوە و بەسەر خەڵکدا بیسەپێنن.

لە ئەنارکیزمی هاوچەرخدا، دوو ڕەوتی گەورە بەیەك دەگەن، کە لە پێش و لە دەمی شۆڕشی فەرەنسەدا، ئاوا دەربڕینگەلێکی بەرجەستە لەنێوەندی ڕۆشنبیریی ئەوروپادا هەبوون. سۆشیالیزم و لیبرالیزم. سۆشیالیزمی هاوچەرخ کاتێك گەشەیکرد، کە چاودێرانی وردبینی ژیانی کۆمەڵایەتی بەدڵنیاییەکی زۆرەوە بۆیاندەرکەوت، کە دەستووره ڕامیارییەکان و گۆڕینی شێوەکانی فەرمانداریی (فەرمانداری) هیچ کات ناتوانن ڕیشەی گرفتە گەورەکە، کە بە "پرسی کۆمەڵایەتی" ناویدەبەین، چارەسەربکەن. لایەنگرانی بەو سەرەنجامە گەیشتن، تا کاتێك کە خەڵك لەسەر بنچینەی دارابوون و دارانەبوون بەسەر چینەکاندا دابەشبووبن، یەکسانی کۆمەڵایەتیی و باری ئابووریی لە بەرژەوەندی هەمووان لەتوانادانییە، چینگەلێك کە لەئارادابوونیان بەر لە هەر شتێك هەر بیرۆکەیەکی کۆمەڵگەی کەتواریی دووردەخاتەوە. بەم جۆرە ئەو بڕوایە گەشەدەکات، کە تەنیا هەڵوەشاندنەوەی چەپاوڵگەرییە ئابوورییەکان و دامەزراندنی دارایی هاوبەشی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، مەرجی لەتوانادابوونی هاتنەدی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیین، تەنیا بەو مەرجانە کۆمەڵگە، دەبێتە کۆمەڵگەیەکی ڕاستینە و ئامانج لە کاری مرۆڤ، بەهرەکێشی نابێت، بەڵکو لەپێناو بەختەوەری هەمووواندا دەبێت. بەڵام هەر کە سۆسیالیزم دەستی بە

کۆکردنەوەی هێزەکانی کرد و بوو بە بزاڤێك، بەهۆی کارایی هەلومەرجی کۆمەڵایەتییەوە لە وڵاتانی جۆراوجۆردا، لەناکاو هەندێك جیاوازی لە تێڕوانیندا دەرکەوتن. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە هەموو چەمکە ڕامیارییەکان، لە تیئۆکراسییەوە (فەرمانداریی ئایینی) تا ئیمپراتۆری و دیکتاتۆری، کارایییان لەسەر بەشگەلێکی دیاریکراوی بزاڤی سۆشیالیستی داناوە.

لە هەمان کاتدا، دوو ڕەوتی گەورەی دیکە لە هزری ڕامیارییدا، کارایی یەکلاکەرەوەیان لەسەر پەرەسەندنی بۆچوونە سۆشیالیستییەکان دانا: لیبرالیزم، بەتوندی هۆشمەندانی پێشکەوتووی وڵاتانی ئەنگلۆساکسۆن، بەتایبەتی هۆڵەندە و ئیسپانیا و چەمکی دیمۆکراسی هەژان، ئەوەی کە ڕۆسۆ لە " ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی"یدا دەریبڕیبوو و هەروا کارایی بەرچاوی لەسەر نوێنەرانی لەنێو ڕابەرانی ژاکوبینگەری فەرەنسەدا دانابوو. لە کاتێکدا کە لیبرالیزم لە تیئۆرییە کۆمەڵایەتییەکانیدا لە تاکەوە دەستپێدەکرد و هیواداربوو، کە ڕادەی کاکردەکانی دەوڵەت تا کەمترین ڕادە سنووورداربکات، لە بەرانبەردا دیمۆکراسی لەسەر چەمکێکی ئەبستراکتی کۆمەڵگەرایانە پێداگرییکرد، " ویستی گشتی"ی ڕۆسۆ، کە هەوڵیدەدا لە دەوڵەت-نەتەوەدا پیادەیبکات. لیبرالیزم و دیمۆکراسی چەمکی بەرجەستەی ڕامیاریی بوون، بەڵام لەوێوە کە لایەنگرانی سەرەکی هەردووك زۆر بەکەمی پرسە ئابوورییەکانی کۆمەڵگەیان لەبەرچاوەگرت، پەرەسەندنی فرەتری ئەو بارودۆخە، بەکردەوە نەیدەتوانی لەتەك بنەما سەرەتاییەکانی دیمۆکراسی بگونجێت و هەروا کەمتر لەتەك ئەوانەی لیبرالیزمدا دەهاتەوە. دیمۆکراسی بە دروشمی "یەکسانی هەموو هاووڵاتیان لەبەردەم یاسا" و لیبرالیزم بە دروشمی "مافی مرۆڤ بەسەر خۆیدا"، هەدووکیان لە کەتوارییەکانی ئابووری سەرمایەداریدا شکستیانخوارد. تا کاتێك، کە میلیۆنان مرۆڤ لە هەر وڵاتێکدا ناچاربن، کاری خۆیان بە کەمایەتییەکەی کەمی داراکان بفرۆشن و ئەگەر کڕیارێك بەدەستنەهێنن، تووشی خراپترین نەهامەتی دەبن، ئەوەی پێیدەوترێت "یەکسانی هەمووان لەبەردەم یاسا"، هەر لەو کاتەوەی کە یاساکان لەلایەن ئەوانەوە دەنووسرێنەوە، کە خۆیان بە خاوەنی سامانی کۆمەڵایەتی دەزانن، تەنیا فێڵێکە لەوانەی کە بڕوایان پێی هەیە. بەڵام هەروا لە هەمان ڕێوە، ناتوانرێت قسە لە "مافی تاك بەسەر خۆیدا" بکرێت، ئەو مافە لەوێدا کۆتاییدێت، کاتێك کە کەسێك بۆ ئەوەی نەمرێت، ناچاربێت خۆی بخاتە ژێر ڕکێفی

ئابووریی کەسێکی دیکەوە.

لە خاڵی نێوکۆیی لەتەك لیبرالیزمدا، ئەنارکیزم نوێنەرایەتی بۆچوونی "کامەرانی و خۆشگوزاری تاك دەبێت لە گشت پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا پێوەر بێت" دەکات. هەروەها، وەك خاڵی نێوکۆیی لەتەك نوێنەرایەتی فراوانی تێڕوانینی لیبرالی، ئەنارکیزم هەمان بۆچوونی "کەمکردنەوەی ڕۆڵ و کارکردەکانی فەرمانداریی، تا کەمترین ئاست"ی هەیە. لایەنگرانی تا ئەوپەڕی ڕادە پەیگیرییان لەسەر ئەم بیرۆکەیە کردووە و خوازیاری لەنێوبردنی هەموو دامودەزگەکانی دەسەڵاتی ڕامیاریی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بوون. کاتێك جێفرسۆن [Jefferson] چەمکی بناخەیی لیبرالیزمی بەم شێوەیە دەردەبڕێت "باشترین فەرمانداریی ئەوەیە، کە کەمترین فەرمانداریی هەبێت". لای ئەنارکیستەکانیش وەك سۆرۆ (Thoreau) دەڵێت : "باشترین فەرمانداریی ئەوەیە، کە لە بنەڕەتەوە هیچ فەرمانداریی ناکات".

وەك خاڵی نێوکۆیی لەتەك بنیاتنەرانی سۆشیالیزمدا، ئەنارکیستەکان خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی گشت فۆرم و شێوەکانی پاوانگەری ئابوورییین و پێداگری لەسەر دارایی هاوبەشی زەمین و گشت ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەکەن، بەجۆرێك کە سوودوەرگرتن لێیان، بەبێ هەڵاواردن، بۆ هەمووان لواوبێت؛ لەوێوە کە ئازادی کەسیی و کۆمەڵایەتیی، تەنیا لەسەر بناخەی هەلومەرجی یەکسانی ئابووریی بۆ هەمووان دەتوانرێت دەسەبەربکرێت. لەنێو خودی بزاڤی سۆشیالیستیشدا، ئەنارکیستەکان نوێنەرایەتی ئەو ڕوانگەیە دەکەن، کە خەبات دژی سەرمایەداری، لە هەمانکاتدا دەبێت خەبات بێت دژ بە گشت دەزگە سەرکوتگەرییەکانی دەسەڵاتی ڕامیارییش، چونکە بەدرێژایی مێژوو، بەهرەکێشی ئابووریی، هەردەم شان بە شانی چەوسانەوەی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی بووە. بەهرەکێشیی مرۆڤ لە مرۆڤ و زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا، هاوەڵدووانەن و هەریەکەیان مەرجی مانەوەی ئەوی دیکەیانە.

تا کاتێك لەنێو کۆمەڵگەدا دوو دەستەی دژبەیەکی دارا و نەدار لە ڕووبەڕووبوونەدا بن، دەوڵەت وەك ئامرازی پارێزگارییکردن لە بەرتەرییەکانی کەمایەتی دارا، پێویستییەکی بێچەندوچوون دەبێت، تاوەکو بتوانێت پارێزگاریی لە دارایییەکەی خۆی بکات. کاتێك ئەو

باره نادادوەرانە کۆمەڵایەتییە نامێنێت و نەزمی باشتری بەڕێوەبەرایەتی شتەکان جێی دەگرێتەوە، لەوێدا هیچ مافێکی تایبەت بە فەرمی ناناسرێت و تەنیا ئامانجی سەرەکی بەرژەوندی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دەبێت، پێویستە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئابووریی و کۆمەڵایەتیی جێگەی فەرمانداریی سەرووخەڵکیی بگرێتەوە، یا وەك سان سیمۆن ( Saint Simon ) دەڵێت "ڕۆژگارێك دێت، کە هونەری فەرمانداریيکردن بەسەر مرۆڤدا شوێنەواری نامێنێت، هونەرێکی نوێ جێگەی دەگرێتەوە، هونەری بەرێوەبەبردنی شتەکان". لەم ڕووەوە، دەتوانرێت ئەنارکیزم بە جۆرێك لە سۆشیالیزمی خۆبەخشانە (voluntary Socialism) دابنرێت.

ئەمە ئەو تیئۆرییەش دەگرێتەوە، کە لەلایەن کارل مارکس و پەیڕەوانییەوە داڕێژراوە، ئەوەی کە دەوڵەت، لە شێوەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا، قۆناخێکی بێچەندوچوونی گواستنەوەیە بەرەو کۆمەڵگەی بێچین، کە تێیدا ئەو دەوڵەتە، پاش کۆتاییهاتن بە ململانێ چینایەتییەکان و لەنێوچوونی خودی چینەکان، بەخۆی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە و لەسەر تابلۆکان وندەبێت. ئەم چەمکە، لەبارەی سروشتی کەتواریی دەوڵەت و گرنگیی لە مێژووی هۆکارەکانی دەسەڵاتی ڕامیارییدا، بەتەواوی بەهەڵەداچووە، بەتەنیا سەرەنجامی لۆجیکیانەی ئەوەیە، کە بە ماتریالیزمی ئابووریی ناودەبرێت، کە لە هەموو دیاردە مێژوویەکاندا، تەنیا کارایی بێچەندوچوون (بێگەڕانەوەی) شێوازەکانی بەرهمهێنانی ئەو ساتە دەبینێت. لەژێر کارایی ئەم تیئۆریەدا خەڵکی گشت جۆرە جیاوازەکانی دەوڵەت و شێوەکانی دیکەی دەزگەکۆمەڵایەتییەکانی وەك "سەرخانێکی بێوێنەی دادوەرانە و ڕامیارانەی ژێرخانی ئابووری"، لەبەرچاودەگرت. لە ڕاستیدا هەر بەشێك لە مێژوو هەزاران نموونەی ئەو ڕێگەیانەمان بۆ دەخاتەڕوو، کە تیایاندا گەشەکردنی ئابووریی وڵاتان بەهۆی دەوڵەت و ڕامیاریی دەسەڵاتەکەیەوە، چەندین سەدە دواکەوتووە.

بەر لە سەرهەڵدانی پاشایەتیی کلیسایی، ئیسپانیا، پێشکەوتووترین وڵاتی ئەوروپایی بوو و لە زۆربەی بوارەکانی بەرهەمهێنانی ئابوورییدا، لە پلەی یەکەمدا بوو. بەڵام پاش تێپەڕبوونی سەدەیەك بەسەر سەرکەوتنی پاشایەتی مەسیحییدا، زۆربەی پیشەسازییەکانی تەفروتونا بوون؛ ئەوی کە مابووەوە، لە خراپترین باردا بوو. لە زۆربەی پیشەسازییەکاندا، گەڕابوونەوە سەر شێوازە سەرەتاییەکانی بەرهەمهێنان. کشتوکاڵ لەنێوچوو، کاناڵەکان و

جۆگەکان وێرانبوون و ناوچەگەلێکی زۆر لە وڵات بووبوونە بیابان. سەرکوتگەریی خانزادان لە ئەوروپا، بە "فەرمانە ئابوورییە" پەستەکانی و "یاسادانانی پیشەسازی"ی، کە بچووکترین لادانی لە شێوە پێشتر دیاریکراوەکانی بەرهەمهێناندا بەتووندی سزادەدا و مۆڵەتی هیچ داهێنان و پێشخستێکی نەدەدا، بۆ ماوەی چەندین سەدە لە وڵاتانی ئەوروپایی بەری بە پێشکەوتنی پیشەسازیی گرتبوو و بووبووە ڕێگری گەشەی سروشتییانەی. تەنانەت هەنووکەش پاش ئەزموونی ترسناکی دوو جەنگی جیهانی، ڕامیاریی دەسەڵاتی دەوڵەتە نەتەوەییە گەورەکان جێگیردەبێت و دەبێتە گەورەترین ڕێگری بەردەم نۆژەنکردنەوەی ئابووری ئەوروپا.

لە ڕوسیا، سەرەڕای ئەوەی کە دیکتاتۆری بەناو پرۆلیتاریا کەتواریی بووەتەوە، ئامانجە تایبەتەکانی پارت بەری بەهەر جۆرە ڕێکخستنەوەیەکی نوێی ڕاستینەی سۆشیالیستیی ژیانی ئابووریی گرتووە و وڵاتی ناچار بەکۆیلایەتی سەرمایەداری-دوڵەتی کردووە. دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، کە سادە بڕواکان پێیانوابوو قۆناخێکی ناچاریی گواستنەوەیە بەرەو سۆشیالیزمی ڕاستینە، لەم ڕۆژگارەدا وەرگۆڕاوە بۆ سەرکوتێکی ترسناک و ئیمپریالیزمێکی نوێ، کە لە هیچ شتێکدا لەتەك دەوڵە فاشیستەکاندا جیاوازی نییە. پاگەندەی ئەوە، تا کاتێك کە کۆمەڵگە هێشتا بەسەر چینی دژبەیەکدا دابەشبوویێت، هەر دەبێت دەوڵەت درێژەی هەبێت، لەبەر ڕۆشنایی گشت ئەزموونە مێژوویەکاندا، لە نوکتەیەکی بێتام بەولاوەتر نییە.

هەموو جۆرێك لە دەسەڵاتی ڕامیاریی، بۆ پاراستنی ئەوەی کە لەپێناویدا سەریهەڵداوە، جۆرێکی تایبەت لە کۆیلەتی مرۆڤ دەسەپێنێت. دەوڵەت بەڕووی دەرەوەدا، بەو جۆرەی کە دەرکەوێت، لە پەیوەند بە دەوڵەتانی دیکە، بۆ ڕەوایەتیدان بەبوونی خۆی، جۆرە دوژمنایەتییەکی دەستکرد دروستدەکات، هەروا لە نێوەوەش ڕا، وەك مەرجی سەرەکی مانەوەی، کۆمەڵگە بەسەر هۆز و توێژ و چینەکاندا دابەشدەکات. گەشەی بیرۆکراسی بۆلشەڤیکی لە ڕوسیا، لەژێر نێوی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا [کە هیچ کات، بێجگە لە دیکتاتۆری تاقمێکی بچووك بەسەر پرۆلیتاریا و تەواوی خەڵکی ڕوسیادا، شتێکی دیکە نەبووە] تەنیا نموونەیەکی تازەیە لە ئەزموونە کۆنە مێژووییەکان، کە بێئەژمار هەموو جارێك خۆی دووبارەکردووەتەوە. ئەم چینە سەروەرە تازەیە، کە تاکو ئەم ڕۆژە بەخێرایی بەرەو

ئاریستۆکراسییەکی نوێ  گەشەدەکات، بە هەمان ڕۆشنی، کە چین و توێژە بەرتەرەکان لە وڵاتانی دیکە لە جەماوەری خەڵك جیان، لە جەماوەری جوتیاران و کرێکارانی ڕوسیە جیابووەتەوە. ئەم بارە لەوەش زیاتر تواناپروکینتر دەبێت، کاتێك کە دەوڵەتی سەرکوتگەر، مافی سکاڵاکردنی چینەکانی خوارەوە لە بارودۆخی جێگیر ڕەتبکاتەوە و هەر ناڕەزایەتی-دەربڕینێك بە مەترسییەك بۆ سەر گیانیان تەواوبێت.

بەڵام تەنانەت پلەیەکی بەرزتریش لە یەکسانی ئابووریی، لەوەی کە لە ڕوسیا بوونی هەیە، ناتوانێت لە بەرانبەر نادادپەروەری ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییدا مسۆگەرییەك بێت. بەتەنیا یەکسانی ئابووری، ناکاتە ئازادی کۆمەڵایەتی. ڕێك هەر ئەم خاڵەیە، کە هیچ یەك لە فێرگە سۆشیالیستییە دەسەڵاتگەراکان لێی تێنەگەیشتوون. لە زینداندا، لە تەکیەدا (الدیر - cloister) ، یا سەربازگەکاندا پلەیەکی بەرز لە یەکسانی ئابووریی بەدیدەکرێت، هەروەك چۆن گشت زیندانیان لە زیندانێکدا، هەمان سەرپەنا، هەمان خواردن، هەمان پۆشاك (uniform) و هەمان ئەرکیان بۆ دیاریدەکرێت. دەوڵەتی کۆنی ئینکا (Inca) لە پێرۆ و دەوڵەتی یەسوعی (Jesuit) لە پاراگوای، دابینکاری یەکسانی ئابوورییان بۆ هەموو دانیشتوانیان، وەك سیستەمێکی جێگیر، دابینکردبوو، بەڵام لەتەك ئەوەشدا، لەوێدا دڕندەترین سەرکوتگەریی سەروەربوو و مرۆڤ وەك ڕۆبۆت کایەی دەستی سەروەران بوو و هیچ کارایی لەسەر بڕیارەکان نەبوو. بەبێ هۆ نەبوو، کە پرۆدۆن لە "سۆشیالیزم"ی بێئازادیدا، خراپترین شێوە لە شێوەکانی کۆیلەتی بەدیدەکرد. ئارەزووی دادپەروەری کۆمەڵایەتیی، تەنیا کاتێك دەتوانێت بەدروستی پەرەبسێنێت و کارایی دابنێت، کە هەستی ئازادیخوازیی و لێپرسراوەتی لە مرۆڤدا گەشەبکات و پشتی پێببەستێت. بەواتایەکی دیکە، سۆشیالیزم یا ئازادیخوازانەیە یا هەر بوونی نییە. لە بەفەرمیناسینی ئەم ڕاستییەدا، لە ڕاستی و قوڵی بەڵگەکانی دروستی ئەنارکیزم دەگەین.

دەزگەکان لە ژیانی کۆمەڵگەدا هەمان کاردەکەن، کە ئەندامە فیزیکییەکان لە گژوگیا و گیانداراندا ئەنجامیدەدەن، ئەوان ئەندامەکانی جەستەی کۆمەڵگەن. ئەندامەکان بەشێوەی خۆسەرانە گەشەناکەن، بەڵکو بنەڕەتیان بۆ هەندێك پێداویستی دیاریکراوی دەوروبەری مادیی و کۆمەڵایەتیی دەگەڕێتەوە. گۆڕانی هەلومەرجی ژیان، گۆڕانی ئەندامەکان بەرهەم دەهێنێت. بەڵام ئەندامێك، هەمیشە  ئەرکێکی دیاریکراو یا پەیوەندیدار ئەنجامدەدات،

کە لەپێناو ئەنجامدانیدا گەشەیکردووە. هەروەها هەر لەتەك ئەوەی کە چیدی ئەرکەکەی بۆ بوونەوەرەکە پێویستی نامێنێت، بەرە بەرە لەنێودەچێت یا دەگەڕێتەوە دۆخە سەرەتاییەکەی. هەمان شت بەسەر دەزگە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگونجێت. ئەوانیش، بەشێوەیەکی خۆسەرانە دروستنابن، بەڵکو بۆ دابینکردنی پێداویستی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی دێنەبوون. هەر لەم ڕێگەیەوە دەوڵەتی هاوچەرخ گەشەیکردووە، پاش ئەوەی کە بەرتەرییە ئابوورییەکان و دابەشبوونە چینایەتییەکان و لەتەکیدا یەکانگیربوون، دەستی بە بەرجەستەکردنی هەرچی زیاتری خۆی لە چوارچێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتیی کۆندا کرد. چینە دارا تازە دروستبووەکان پێویستییان بە ئامرازی دەسەڵاتی ڕامیاریی هەبوو، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە بەرتەرییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان لە بەرانبەر جەماوەری خەڵکدا بکەن. بەم جۆرە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی گونجاو بۆ گەشەکردنی دەوڵەتی هاوچەرخ، وەك دەزگەی دەسەڵاتی ڕامیاریی، بۆ سەرکوتکردنی چینە نادارکان و ژێرچەپۆکخستنیان پێکهات: ئەم ئەرکە هۆی سەرەکی بوونییەتی. لە ڕەوتی گەشەکردنە مێژووییەکەیدا شێوە دەرەکییەکانی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەڵام هەردەم ئەرکەکانی وەك خۆیان ماونەتەوە. تەنانەت بەردەوام خۆیان بەو ئەندازە فراوانکردووەتەوە، کە پشتیوانگەرانی خوازیاریبوون، کە خۆیان لە بواری چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا بخەنەگەڕ. ڕێك بەو جۆرەی کە ناتوانرێت کارکردی ئەندامێکی ژیان خۆسەرانە بگۆڕدرێت، بۆ نموونە، کەس ناتوانێت بە چاوانی ببیستێت یا بە گوێیەکانی ببینێت، هەرواش لە توانای هیچ کەسێکدا نییە، بتوانێت بە حەزی خۆی دەزگەی چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی، [دەوڵەت]، بگۆڕێت بە ئامرازی ڕزگارکردنی چەوساوان.

ئەنارکیزم ڕێگەچارەی ئامادەکراوی هەموو گرفتە مرۆییەکان نییە، یا ئوتۆپیای نەزمی کۆمەڵایەتیی بێکەموکوڕی نییە (بەو شێوەی کە زۆر جار ناوبراوە)، لەو کاتەوەی سەریهەڵداوە، بەگوێرەی بنچینەکانی، هەموو نەخشەڕێژیی و چەمکە بێچەندووچوونەکان ڕەتدەکاتەوە، باوەڕی بە هیچ ڕاستییەکی بێچەندوچوون یا هیچ دوائامانجێکی دیاریکراو بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی نییە، بەڵکو باوەڕی بە پێگەیینی (perfectibility) ناکۆتای شێوازە کۆمەڵایەتییەکان و هەلومەرجەکانی ژیانی مرۆڤ هەیە، کە هەردەم لە دووی شێوەی باڵاتری خۆدەربڕینن و لەبەر ئەم هۆیە، هیچ کەس ناتوانێت هیچ پێناسەیەکی

کۆتایی یا ئامانجێکی دیاریکراویان بۆ دەستنیشانبکات. ترسناکترینی شێوەکانی دەسەڵات ڕێك هەر ئەوەیانە، کە هەردەم هەوڵدەدات بە زۆر هەمەڕەنگی شێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەنێو چوارچێوەی دیاریکراو و تایبەتدا بگونجێنێت. هەرچەندێك لایەنگرانی خۆیان بە بەهێزتر بزانن، هەوڵدەدەن هەرچی زیاتر بوارەکان ژیانی کۆمەڵایەتی بخەنە خزمەتی خۆیانەوە. کارایی لەسەر کارکردی گشت هێزە ڕۆشنبیرە داهێنەرەکان گەوجگەرانەتر دەبێت و لە هەمووی خراپتر کاراییەتی لەسەر پێشکەوتنی هزریی و کۆمەڵایەتی و پێشبینی سەردەمی ئێمە، بەڕۆشنییەکی ترسێنەرەوە نیشانیدەدات، کە بۆی هەیە چ دێوودرنجێکی ترسناکی هۆبز لێڤیاسان (Thomas Hobbes' Leviathan) ئاسا گەشەپێبدرێت. زاڵبوونی تەواوەتی دەزگەی ڕامیاریی بەسەر هۆش و جەستەی مرۆڤەکان و لە قاڵبدانی تێڕوانین و هەست و ڕەفتارە مرۆییەکاندا، تەنیا بەگوێرەی بنەما سەپاوەکانی سەروەران و دواجار مراندنی گشت کولتورە هزرییە ڕاستینەکان، مەیسەردەبێت.

ئەنارکیزم تەنیا دان بە واتای ڕێژەیی بۆچوونەکان، دەزگەکان و هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنێت. هەر لەبەرئەوەیە، کە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی خۆداخەر و جێگیرنییە، بەڵکو ئاراستەیەکی دیاریکراوە لە گەشەی مێژوویی مرۆڤایەتیدا، کە بەپێچەوانەی دەمڕاستی هزری گشت دەزگە ئایینی و ڕامیارییەکانەوە، لەپێناو گەشەی ئازادانەی بەربەستنەکراوی تاکەکان و هێزە کۆمەڵایەتییەکان تێدەکۆشێت. هەروەها لای ئەنارکیستەکان تەنانەت ئازادیش ڕێژەییە نەك چەمکێکی بێچەندوچوون، بەو پێیەی، کە بەردەوام تێدەکۆشێت ڕەهەندەکانی فراوانتربکات و لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە کارایی لەسەر بازنەکانی دیکە دابنێت. بۆ ئەنارکیستەکان، ئازادی چەمکێکی ئەبستراکتی فیلۆسۆفیی نییە، بەڵکو توانایەکی بەرجەستەی زیندووە، بۆ بەدیهێنانی پەرەپێدانی تەواوەتی هەموو توانایی و بەهرەکانی گشت مرۆڤێك، کە سروشت پێیبەخشیوە، تاوەکو لەبواری کۆمەڵایەتییدا بیانخاتەگەڕ. ئەم گەشە سروشتییانەی مرۆڤ چەندێك کەمتر لەلایەن دەستەمۆگەرانی کلیسایی و ڕامیاریی دەستیتێوەربدرێت، کەسێتی تاکەکان کارامەتر و هاوسەنگتر دەبێت و لەوەش زیاتر ئاستی هوشیاری کۆمەڵگە پەرەدەسێنێت. لەبەر ئەم هۆیەیە، کە هەموو سەردەمە ڕۆشنبیرییە گەورەکان لە مێژوودا، سەردەمی لاوازیی ڕامیاری بوون، لەبەرئەوەی سیستەمە ڕامیارییەکان هەمیشە لەسەر بنەمای میکانیکی

دامەزراون، نەك گەشەی ئۆرگانیکی هێزە کۆمەڵایەتییەکان. دەوڵەت و ڕۆشنبیری دژبەیەکن، لەتوانادا نییە پێکەوە بگونجێندرێن. نییتشە (Nietzsche)، کە ئەنارکیست نەبوو، زۆر بە ڕۆشنی ددانی بەمەدا نا، کاتێك کە نووسی "سەرەنجام هیچ کەس ناتوانێت زیاتر لەوەی کە هەیەتی، خەرجبکات. ئەمە بۆ تاکەسەکانیش هەر وایە، بۆ نەتەوەکانیش هەر وایە. ئەگەر کەسێك خۆی بخاتە پێناو دەسەلات، لوتکەی ڕامیاری، کشتکاری، بازرگانی، پارلامانتاریزم یا کاروباری سەربازی— ئەگەر کەسێك ئەو هەمووە هۆکارانە، پەیگیری و ویست و خۆ-سەروەری (self-mastery) بخاتەلاوە، تاکو خودێکی ڕاستەقینە بۆ شتێك پێکبهێنێت، ئیدی بۆ شتەکانی دیکە هیچی نییە. کولتوور و دەوڵەت دوژمنی یەکدین [بوارنەدەن لەو بارەوە، کەس بخەڵەتێت]: دەوڵەتی کولتووریی تەنیا بیرۆکەیەکی هاوچەرخە. یەکیان لەسەر ئەوی دیکەیان دەژی، یەکیان لەسەر پوکانەوەی ئەوی دیکەیان پەرەدەسێنێت. هەموو سەردەمەکانی هەڵکشانی [پڕشنگداری] کولتوور، سەردەمی داکشانی [پووکانەوەی] ڕامیاریین. هەرچییەك لە هەستی کولتوورییدا گەورە [پڕشنگدار] بێت، ناڕامیارییە، بەڵکو دژە ڕامیارییشە".

لە هەر شوێنێك کارایی دەسەڵاتی ڕامیاریی لەسەر هێزە داهێنەرەکانی کۆمەڵگە تا کەمترین ئاست کەمبکرێتەوە، لەوێدا ڕۆشنبیری بەباشترین شێوە پەرەدەسێنێت، چونکە سەروەری ڕامیاریی هەمیشە هەوڵ بۆ یەکجۆرکردن دەدات و دەخوازێت هەموو لایەنێك لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بخاتە ژێرڕکێفی خۆیەوە. لێرەدایە، کە دەسەڵاتی ڕامیاریی دەکەوێتە ناکۆکییەکی بێچەندوچوون لە بەرانبەر چاوەڕوانییە پەرەپێدەرە کولتوورییە ئافەرێنەرەکان، کە هەردەم لە گەڕاندان بەدوای شێوە و مەیدانی نوێی چالاکی کۆمەڵایەتی و ئازادی دەربرین و هیدیکەدان. فرەلایەنی و ئاڵوگۆڕی بەردەوامی شتەکان، پێویستییەکی زیندوون بۆ کۆمەڵگە، بەهەمان ڕادەی پێویستبوونی فۆرمە نەگۆڕەکان و ڕێنوێنییە مردووەکان و سەرکوتی بیرۆکەکان بۆ پارێزگاری لە دەسەڵاتی ڕامیاریی. هەموو کارێکی سەرکەوتوو، کارایی لەسەر ئارەزوومەندی بۆ هەڵکشان [پێگەیین] زیاتر و سروشی قوڵتر دادەنێت، هەر فۆرمێکی نوێ دەبێتە مژدەدەری ئەگەری پێشکەوتنی نوێ. بەڵام دەسەڵات هەردەم هەوڵدەدات شتەکان بەو جۆرەی کە هەن، بە خەیاڵ ئاسوودەییەوە لەنگەرخستوو، بیانهێڵێتەوە. بەدرێژایی مێژوو، ئەمە هۆکاری گشت شۆڕشەکان بووە.

دەسەڵات تەنیا خەریکی وێرانگەرییە، هەردەم لە هەوڵی یەخسیرکردنی هەموو دیاردەیەك لە دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بووە، لەنێو کۆتوبەندی بنەماکانیدا. دەربرینی هزریی دەسەڵات دۆگمایەکی مردووە، فۆرمە فیزیکییەکەی هێزێکی دڕندەیە. ئەم گەوجییەی ئامانجەکانی، هەروا مۆری خۆی لە نوێنەرانی دەدات و بە زۆری دەیانکاتە پەست دەبەنگ و دڕندە، تەنانەت ئەگەرچی لە بنەڕەتدا خاوەنی باشترین بەهرەش بووبن. کەسێك کە بە بەردەوامی هەوڵبدات بەزۆر هەموو شتێك بترنجێنێتە نێو سیستەمی میکانیکییەوە، دواجار بەخۆیشی دەبێت بە دەزگەیەك و هەموو هەستە مرۆییەکانی لەدەستدەدات.

هەر لەم تێگەیشتنەوە بوو، کە ئەنارکیزمی هاوچەرخ لەدایکبوو و هێزی ئاکاریی خۆی خستەڕوو. تەنیا ئازادی دەتوانێت لە کاری گەورەدا سروشبەخشی مرۆڤ بێت و ئاڵوگۆڕی هزریی و کۆمەڵایەتیی بێنێتە بوون. هونەری کەسی فەرماندار، هیچ کات هونەری فێرکردن و سروشبەخشین نەبووە بۆ ڕێکخستنی نوێی ژیان. ناچارییەکی دڵتەنگگەرانە، کە [هونەری فەرمانداریی] دەیسەپێنێت، تەنیا فەرماندانێکی سەربازیی بێگیانە و هەر جۆرە داهێنانێك لە دەمی لەدایکبووندا لەباردەبات و تەنیا کۆیلە باردەهێنێت، نەك کەسی ئازاد. ئازادی کرۆکی ژیانە، هێزی بەرەوپێشبەرە لە هەموو پەرەسەندنە هزریی و کۆمەڵایەتییەکاندا، ئافەرێنەری گشت ئاسۆیەکی نوێیە بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی. ئازادی مرۆڤ لە بەهرەکێشی ئابووریی و سەرکوتی هزریی و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی، کە لە فیلۆسۆفی ئەنارکیزمدا لە بەرزترین ئاستدا دەربڕدراوە، مەرجی یەکەمی گەشەکردنی باڵاترین کولتووری کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی نوێیە.

# مێژووی فیلۆسۆفی ئەنارکیزم
# لە لائۆ تسە (Lao-Tse)وە تا کرۆپۆتکین

بیرۆکە ئەنارکیستییەکان لە هەموو سەردەمە مێژووییەکاندا بەرچاودەکەون. لە هزری حەکیمی چینی لائۆتسە (وانە و ڕێگەی ڕاست The Course and The Right Way) و فیلۆسۆفانی دواتری یۆنانی و هێدۆنیستەکان (Hedonists) و سینیکەکان (Cynics) و پەیرەوانی دیکەی لایەنگری "مافی سروشتی"، بەتایبەت لە هزری زێنۆ (Zeno) بنیاتنەری قوتابخانەی ڕەواقی (The Stoic) و نەیاری ئەفلاتون، شوێنپای ئەم فیلۆسۆفییە بەدیدەکرێت. ئەم دەربڕینانە لە وانە عیرفانییەکانی کارپۆکراتیس لە (ئەسکەندەریە)دا هاتوون و کارایی بەرچاویان لەسەر هەندێك ئاراستە کریستییەکانی سەدەکانی نێوەراست لە فەرەنسە، ئاڵمان، ئیتالیا، هۆلەند و ئینگلاند هەبووە، کە بە زۆری ڕووبەڕووی توندترین سزا دەبوونەوە. لە مێژووی چاکسازییەکانی (بۆهێمیایی)دا، پیتەر چێلکیسکی (Peter Chelcicky) بەوپەری تواناوە پشتیوانی لەم باوەڕە کرد و لە پەرتوکەکەی خۆیدا (پاکیی باوەڕ)، هەمان هەڵسەنگاندنی بەرانبەر دەوڵەت و کلیسا خستەڕوو، کە چەند سەدە پاشتر تۆلستۆی بەوە گەیشت. لەنێوان مرۆڤدۆستانی دیکەدا، ڕابێلایس (Rabelais)یش دیارە، لە پیاهەڵدانی شاری خۆشبەختی (Theleme Gargantua)دا وێنایەك لە ژیان دەخاتەڕوو، کە لە گشت کۆتوبەندەکانی سەروەری ئازاد بووە. لەنێو لایەنگرانی دیکەی هزری ئازادیخوازیدا، دەتوانین لا بۆتیێ (La Boetie)، سیلویان مارشال Sylvain Marchal و لە هەمووان بەرچاوتر، دیدروت Diderot ناوبەرین، کە نووسینە درەشاوەکانی نیشانەیەکن لە هزری ئازادبوونی لە هەر جۆرە دەمارگیرییەکی سەرکوتگەرانە.

لە هەمان کاتدا، پەرەسەندنی چەمکی ئەنارکیزم لە مێژووی تازەدا تێگەییشتنێکی ڕۆشنتری بە ژیان بەخشی و وەڵامدانەوەکی دەستەبەجێ بوو بە ڕەوتەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی کە لە سەدەکانی دواتری مێژوودا هاتنە ئاراوە. بۆ یەکەمین جار ئەمە لەلایەن ولیەم گودوین (١٧٥٦-١٨٣٦)ەوە لە نووسینە سەرنجراکێشەکەیدا (لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی یەکسانی ڕامیاریی و کارایی لەسەر خۆشبەختی و بەختەروەری گشتی (لەندەن ١٧٩٣)دا

ئەنجامدرا. دەتوانین بڵێین کارەکەی گۆدوین، بەرهەمی پێگەیینی درێژماوەی چەمکە ڕادیکاڵە ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییەکانی ئینگلاند بوو، کە لە جۆرج بوچانان George Buchanan دەستپێدەکات و لە ڕیچارد هۆکەر Richard Hooker، گێرارد وینستانلی Gerard Winstanley، ئالگێرنۆن سیدنی Algernon Sidney، جۆن لۆك John Locke، ڕۆبێرت والاس Robert Wallace، جۆن بلێرزJohn Bellers، بە جێرمی بێنتام Jeremy Bentham، جۆزیف پریستلیJoseph Priestley، ڕیچارد پرایس Richard Price و تۆماس پاین Thomas Paine دەگات.

گۆدوین زۆر بەرۆشنی ئەوەی خستەڕوو، کە هۆی خراپکارییە کۆمەڵایەتییەکان، لە شێوەکانی دەوڵەتدا نییە، بەڵکو لە بوونی خودی دەوڵەتدایە. هەروەها ئەوەی خستەڕوو، کە مرۆڤەکان ناتوانن ئازادانە و بەشێوەیەکی سروشتی لەتەك یەکدیدا بژین، بەبێ ئەوەی مەرجە ئابورییە پێویستەکان بۆ ئەم مەبەستە دابینبکرێن و هیچ کەس نەکەوێتە بەهرەکێشی کەسانی دیکە؛ ئەوەی کە زۆربەی قسەگەرانی ڕادیکالیزمی ڕامیاریی لە ئاستیدا بەتەواوی چاویان نووقاندبوو. لەم ڕووەوە بوو، کە دواتر ناچاربوون بەرتەری فرەتر بە دەوڵەتێك بدەن، کە لە سەرەتادا دەیانویست بۆ لایەنیکەم بەرتەسکی بکەنەوە. بیرۆکەی گودوین لەبارەی کۆمەڵگەی بێدەوڵەت، دارایی کۆمەڵایەتی (هاوبەشیی هەمووانی) زەمینەکان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی لەبەرچاوەدەگرت و پشتی بە ژیانی ئابووریی ئازادانەی بەرهەمهێنەران لە هەرەوەزییەکاندا دەبەست. بیرۆکەکەی گۆدوین کاراییەکی فراوانی لەسەر نێوەندە پێشکەتووەکانی کرێکارانی ئینگلاند و بەشە فرە کراوەکانی ڕۆشنبیرانی لیبراڵ هەبوو. لە هەمووی گرنگتر، بەشداری ئەو بوو لە بزووتنەوەی نۆپای سۆشیالیستی (ئینگلاند)دا، ئەوەی کە دواتر لە کارەکانی ڕۆبێرت ئۆئێن Robert Owen، جۆن گرەی John Gray و ولیام تۆمسۆن William Thompson دا پەرەسەندنی بەرچاوی بەخۆوەبینی و بۆ ماوەیەکی درێژ ڕوخسارێکی ئاشکرای ئازادیخوازانەی وەهای لەخۆ نیشاندا، کە سۆشیالیستەکانی ئاڵمان و وڵاتانی دیکە هیچ کات نەیانبوو.

هەروەها سۆشیالیستی فەرەنسی، چارلز فۆریە (١٧٧٢- ١٨٣٢ Charles Fourier)ش لەم مەیدانەدا کاریی داناوە و پێویستە لێرەدا لەتەك تیئۆرییەکەی لەبارەی سەرنجراکێشی کار، وەك یەکێك لە پێشڕەوانی هزری ئازادیخوازانە ڕۆشنایی بخەینەسەر.

بەڵام کەسێك کە کارایی فرەتری لەسەر پەرەسەندنی تیئۆری ئەنارکیستی دانا، پییەر ژۆزێف پرۆدۆن (١٨٠٩-١٨٦٥Pierre Joseph Proudhon) بوو.

یەکێك لە لێهاتووترین و پەیگیرانەترین نووسەرانی فرەلایەنی سۆشیالیزمی هاوچەرخ بوو. پرۆدۆن بەقوڵی ڕۆچووبووە ژیانی هزری و کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی و ئەمە کارایی لەسەر هەڵوێستی ئەو لەسەر وەڵامدانەوە بە هەر پرسێك دانابوو. لەبەرئەوە داوەریکردن لەسەر ئەو لەسەر بنچینەی پێشنیارە کردەییە تایبەتەکانی، پێشنیارگەلێك کە وەك وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی ئەو ساتە سەریانهەڵداوە، وەك ئەوەی دواتر هەندێك لە لایەنگرانی پێیهەستان، کارێکی نابەجێیە. لەنێو زۆربەی بیریارانی سۆشیالیستی ئەو سەردەمەدا، ئەو تەنیا کەسێك بوو، کە هۆی نالەباریی کۆمەڵایەتی بەقوڵترین شێوە تێگەیشتبوو و لەو بارەوە ڕوانگەیەکی فراوانتری هەبوو. ئەو بەبێ پێچوپەنا دژی هەموو سیستەمە دەستکردە کۆمەڵایەتییەکان بوو و لە گەشەی کۆمەڵایەتیدا ئارەزوومەندیی هەمیشەیی بۆ شێوە نوێ و باڵاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و هزری بەدیکرد؛ پێیوابوو کە ئەم گەشەکردنە ناتوانێت پابەندی هیچ فۆرمۆڵبەندییەکی ئەبستراکتی دیاریکراو بێت.

پرۆدۆن بەرهەڵستیی کارایی ڕێسای ژاکۆبینیی (Jacobin) کرد، کە باڵی بەسەر هزری دیموکراتەکانی فەرەنسە و زۆرێك لە سۆشیالیستەکانی ئەو سەردەمەدا کێشابوو، بەهەمان پەیگیرییەوە دەستتێوەردانی دەوڵەتە نێوەندییەکان و چەپاوڵگەریی ئابووری لە ڕەوتی سروشتیی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتیدا ڕەتدەکردەوە. بۆ ئەو ڕزگارکردنی کۆمەڵگە لە ڕیشاڵی ئەو دوو وەرەمە، ئەرکی سەرەکی شۆڕشی سەدەی نۆزدەهەم بوو. پرۆدۆن کومۆنیست نەبوو. ئەو دارایی وەك بەرتەریدەری بەهرەکێشی ڕەتدەکردەوە، بەڵام دانی بە دارایی ئامرازەکانی بەرهەمێناندا بۆ هەمووان دەنا، کە تێیدا لە ڕێی ڕێکەوتننامەی ئازادەوە گروپە پیشەسازییەکان کارایی لەسەر یەکدی دادەنێن، تا ئەو جێیەی کە ئەو مافە نەبێتە هۆی بەهرەکێشی کەسانی دیکە و بەرهەمی کارەکەش بەشێوەیەکی تەواو بخرێتە بەردەست ئەندامانی کۆمەڵگە. وەها کۆمەڵەیەك لەسەر بنەمای هاریکاری بەرانبەرانە (ئاڵوێریی)، بەهرەمەندیی هەموانی لە مافی یەکسان و گۆڕینەوەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، دابیندەکات. ماوەی نێوەنجی کاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی هەر بەرهەمێك دەبێتە پێوەری

نرخەکەی و پێکهێنەری بنەمایەك بۆ ئاڵوێری بەرانبەرانەی بەرهەمەکانی کار. بەم جۆرە سەرمایە لە هێزی جێکەوتە و ئاسایی خۆی بێبەشدەبێت و بەشێوەیەکی تەواو پابەندی کارکردی کار دەبێت. هەل بۆ هەمووان دەڕەخسێنێت، کە وەك ئامرزایێکی بەهرەکێشی، بەر بەسوودوەرگرتن لێی بگرن.

وەها شێوەیەك لە ئابووری هەر جۆرە دەزگەیەکی سەرکوتگەرانەی ڕامیاریی دەکاتە شتێکی زیادە و ناپێویست. کۆمەڵگە دەگۆرێت بۆ کۆی کۆمەڵە ئازادەکان، کە کاروبارەکانی خۆیان بەگوێرەی پێداویستی ڕێکدەخەن. لەلایەن خۆیانەوە یا بە هاوبەشی لەتەك ئەوانی دیکە ئەنجامدەدەن و لەوێدا ئازادی بەواتای یەکسانی لەتەك ئازادی کەسانی دیکە دێت، نەك بەرتەسککەرەوەی، بەڵکو وەك ئاسایشپارێزی و پشتیوانیگەری دەبێت. "هەرچەندی تاکەکان ئازادتر و سەربەستتر و ئامادەکراوتر بن، بۆ کۆمەڵگە باشترە".

ڕێکخستنی فێدرالیستی، کە پرۆدۆن داهاتووی نزیکی مرۆڤایەتی تێدا دەبینی، هیچ بەرتەنگییەکی دیاریکراوی لەبەردەم لەتوانادابوونی گەشەسەندنە ئایەندەییەکان دانانێت و فراوانترین زەمینە بۆ هەموو جۆرە چالاکییە تاکەکەسیی و کۆمەڵایەتییەکان دەرەخسێنێت. لە خاڵی دەستپێکی فیدراسیۆنەوە، پرۆدۆن بەهەمان شێوە دژایەتی ئامانجی کۆتایی یەکێتییە ڕامیاریی و نەتەوەییەکانی ناسیونالیزمی تازە پاگرتووی ئەو سەردەمە دەکات، کە کەسانی ناوداری وەك مازینی Mazzini، گاریبالدی Garibaldi، لێلێویل Lelewel و کەسانی دیکە قسەکەری بوون. لەم بارەوە، ئەو زۆر لە هاوڕێ هاوچەرخەکانی ڕۆشنتر سروشتی ڕاستەقینەی ناسیونالیزمی دەناسی. پرۆدۆن کارایییەکی زۆر بەرچاوی لەسەر گەشەی سۆشیالیزم دانا، بەتایبەت لە وڵاتانی لاتین.

بیرۆکەگەلی لە جۆری تێڕوانینە ئابووریی و ڕامیارییەکانی پرۆدۆن، لەلایەن لایەنگرانی بەناو (ئەنارکیزمی تاکگەرا)ی وەك جوسیە وارن Josiah Warren ، ستێفان پێرڵ ئاندرێوس Stephen Pearl Andrews ، ویلیام بی. گرین William B. Greene، لیساندەر سپونەر Lysander Spooner، بێنیامین توکەر Benjamin R. Tucker ، ئەزرا هێیوود Ezra Heywood، فرانسیس دی. تاندی Francis D.

Tandy و زۆرێكی دیكەوە لە ئەمەریكا پاگەندەیان بۆ دەكرا و پەرەیانپێدەدرا، هەرچەندە هیچ یەك لەوانە نەیانتوانی بگەنە دووربینی ڕوانگەی پرۆدۆن. تایبەتمەندیی ئازادئەندێشی ئەم فێرگەیە ئەو ڕاستیەیە، كە زۆربەی بیریارانی ئەو فێرگەیە، بیرۆكە ڕامیارییەكانیان لە (پرۆدۆن)ەوە وەرنەگرتوون، بەڵكو لە ڕێسای لیبرالیزمی ئەمەریكاییەوە هاتوون، بە جۆرێك كە توكەر دەتوانێت پاگەندەی ئەوە بكات، كە "ئەناركیستەكان پێشەنگانی دیمۆكراتە (جێفرسۆن Jefferson)ییەكانن".

یەكێك لە دەربڕینە بێوێنەكانی بیرۆكە ئازادیخوازەكان، دەتوانرێت لە پەرتووكەكەی ماكس شتینەر (یۆهان كاسپار شمیت ١٨٠٦-١٨٥٦ Johann Kaspar Schmidt) تاك و دارایییەكەی (Der Einzige und sein Eigentum)دا، بەدەستبهێنرێت، كە زۆر زوو فەرامۆشكرا و كارایییەكی وەهای لەسەر بزاڤی ئەناركیستی دانەنا. پەرتووكەكەی شتینەر فرەتر كارێكی فیلۆسۆفییە، كە شوێنپای وابەستەیی مرۆڤی بەوانەوە، كە پێیاندەوترێت دەسەڵاتە باڵاكان لە هەموو ڕێگە پێچاوپێچەكانییەوە هەڵگرتووە، هیچ سڵی لە نیگاركێشیی بەدەستهێنراوە زانستییەكان لە ڕێگەی لێكۆڵینەوەوە، نەكرد. ئەم پەرتووكە یەكێكە لەو یاخیبوونە ئاگاهانە و بەئەنقەستانە، كە ڕێز بۆ هیچ دەسەڵاتێك دانانێن، هەرچەندە بەدەسەڵاتیش بێت. هەر لەبەرئەوەیە، كە بەتەواوی هێزییەوە خوازیاری سەربەخۆیی بیركردنەوەیە.

ئەناركیزم تین و وزەی شۆڕشگێڕانەی، لە میخائیل باكونین ( Michael A. Bakunin ١٨١٤-١٨٧٦)ەوە وەرگرت، كە بیرۆكەكانی بە فێركارییەكانی پرۆدۆن پشتئەستووربوون، بەڵام لە بواری ئابووریدا پەرەیپێدان، كاتێك كە شانبەشانی باڵی فیدرالیستی نێونەتەوەیی یەكەم، بانگەوازی بۆ دارایی گەلیانەی (بەكۆمەڵیانەی) زەمین و ئامرازەكانی دیكەی بەرهەمهێنانی كرد و خوازیاری بەرتەسككردنەوەی مافی دارایی تایبەتی بوو، تەنیا بۆ بەرهەمی كاری كەسیی. هەروا (باكونین)یش نەیاری كۆمونیزم بوو، كە لە سەردەمی ئەویشدا، تایبەتمەندییەكی زۆرتر دەسەڵاتگەرایانەی هەبوو، وەك ئەوەی لەم ڕۆژگارەدا لە بۆلشەڤیزمدا خۆی نیشاندەداتەوە. باكونین لەو بارەوە دەڵێت: "من كۆمونیست نیم، چونكە كۆمونیزم گشت هێزەكانی كۆمەڵگە لە دەوڵەتدا یەكدەخات و بەخۆی هەڵیاندەلوشێت؛

لەبەرئەوەی کە بەناچاری بەرەو کۆکردنەوەی گشت داراییەکان لە دەستی دەوڵەتدا ملدەنێت، لە کاتێکدا کە من خوازیارم بنچینەکانی دەسەڵاتگەرایی و چاودێریی فەرمانداریی بەتەواوەتی لەنێوبچن، کە تاوەکو ئەم ڕۆژگارەش، لەژێر پاگەندەی مۆڕاڵیکردن و شارستانییکردندا، خەڵکیان لە کۆیلایەتیدا ڕاگرتووە و بەهرەکێشیی لێدەکەن".

باکونین شۆڕشگێڕێکی پەیگیر بوو و باوەڕی بە چارەسەری دۆستانە و ئاشتیخوازانەی کیشەکانی نێو کۆمەڵگە نەدەکرد. ئەو لەوە تێگەیشتبوو، کە چینە فەرمانڕەواکان، کوێرانە و سەرسەختانە بەر بە هەر لەتوانادابوونێك بۆ جەێبەجێکردنی چاکسازییە کۆمەڵایەتییە گەورەکان دەگرن، بۆیە تەنیا ڕێگەچارەی لە شۆڕشی کۆمەڵایەتیی نێونەتەوەییدا دەبینی، کە لە توانایدا هەیە گشت دامودەزگەکانی دەسەڵاتی ڕامیاریی و بەهرەکێشی ئابووریی لەنێوبەرێت و لە جێی ئەواندا فێدراسیۆنی ئەنجومەنە ئازادەکانی بەرهەمهێنەران و بەکاربەران بۆ دابینکردنی پێداویستییە ڕۆژانەییەکانی ژیانیان، بەرپابکات. لەوێوە، کە ئەویش وەك زۆرێك لە هاوسەردەمەکانی، باوەڕی بە نزیکی ڕوودانی شۆڕش هەبوو، دڵسۆزانە هەموو هێزی خۆی خستبووە پێناو یەکێتی کەسانی شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز لە نێوەوە و دەرەوەی نێونەتەوەیی (ئینتەرناسیوناڵ) یەکەمدا، تا لە بەرانبەر دیکتاتۆری یا هەر جۆرە گەڕانەوەیەك بۆ هەلومەرجی پێشێن، پارێزگاری لە شۆڕشێك بکات، کە بەڕێوەیە. لەبەرئەوەیە، کە دەتوانرێت لە زۆر ڕووەوە، ئەو بە بنیاتنەری بزاڤی ئەنارکیزمی هاوچەرخ هەژماربکرێت.

یەکێکی دیکە لە تیئۆریداڕێژەرە ناسراوەکانی ئەنارکیزم، پیتەر کرۆپۆتکین (Peter Kropotkin ١٨٤٢-١٩٢١) بوو، کە خۆی بۆ بەکاربردنی دەستکەوتەکانی زانستی سروشتیی هاوچەرخ لەپێناو پەرەدان بە چەمکی کۆمەڵناسییانەی (sociological) ئەنارکیزم، تەرخانکردبوو. ئەو لە پەرتووکە داهێنەرانەکەیدا "هاریکاری بەرانبەرانە - هۆکاری گەشەکردن"، بەخستنەڕووی بەڵگەکانی خۆی، دژی داروینیزمی کۆمەڵایەتی (Social Darwinism) وەستایەوە، کە لایەندگرانی هەوڵیاندەدا بەسوودوەرگرتن لە تیئۆری داروینیی ململانێ لەپێناو مانەوە (the Struggle for Existence)، ئەوە بسەلمێنن، کە جەنگی بەهێز بەرانبەر لاواز، یاسایەکی نەگۆڕ (ئاسنینی)ی سروشتییە و

مرۆڤیش دەگرێتەوە. لە ڕاستیدا ئەم چەمکە بەتوندی لەژێر کارایی ڕێڕەوی مالتوس (Malthus)یدا بوو، ئەوەی "خشتەکی ژیان بۆ هەمووان بڵاونەکراوەتەوە و پێویستیان نییە، تەنیا دەتوانن خۆیان لەتەك ئەو ڕاستییەدا بگونجێنن". کرۆپۆتکین نیشانیدا، کە وەها تێگەیشتنێك بۆ سروشت وەك مەیدانی بێسنووری جەنگ، تەنیا کاریکاتۆرێکە لە ژیانی ڕاستینە، لە هاوشانی جەنگی دڕندانەدا بۆ مانەوە، کە بە چنگ و کەڵبە دەکرێت، لە سروشتدا ئاراستەیەکی دیکەیش هەیە، کە خۆی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی جۆرە لاوازەکان و هەوڵی مانەوەی جۆرەکان لەسەر بنەمای گەشەکردنی ئارەزوومەندی کۆمەڵایەتیی و هاریکاریی بەرانبەرانە ڕاوەستاوە. بەم جۆرە، مرۆڤ ئافەرێنەری کۆمەڵگە نییە، بەلکو کۆمەڵگە ئافەرێنەری مرۆڤە، لەوەدا کە ئەو لەو جۆرانەی کە ئەویان لێوە هاتووە، ئارەزوومەندیی کۆمەڵایەتیی بۆ ماوەتەوە، ئەو توانایەی پێدەبەخشیووە کە بەتەنیا لە دەوروبەری یەکەمیدا لە بەرانبەر زاڵی جەستەیی (فیزیکی) جۆرەکانی دیکەدا پارێزگاری لە خۆی بکات و پێشکەوتنێکی چاوەڕواننەکراوی باڵاتر مسۆگەربکات. ئەمەی دووەمیان هەروا کە لە پاشڕەوی بەردەوامی ئەو جۆراندا نیشاندراوە، کە تیایاندا حەزی ململانێی مانەوە تا هەنووکە بەسەر یەکەمیاندا، واتە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، زاڵترە و تەنیا پشت بە هێزی جەستەیی خۆی دەبەستێت. ئەم بیرۆکە، ئەوڕۆکە بەردەوام لە ئاستێکی فراواندا لە بواری زانستی سروشتیی و لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا پێشوازی زیاتری لێدەکرێت، بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی گەشەکردنی مرۆڤ، گشت دەرگەکان بەڕوویدا ئاوەڵاکراون.

بەگوێرەی تێڕوانینی کرۆپۆتکین، ئەم ڕاستییە تەنانەت لە سەرکوتگەرترین هەلومەرجدا ڕاستە، کە فرەتر پەیوەندییە کەسییەکانی مرۆڤ لەتەك هاوجۆرانی، لەسەر بنەمای ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان، ڕێککەوتنی ئازاد و هاریکاری بەرانبەرانە ئەنجامدەدرێن و بەبێ ئەوانە، ژیانی کۆمەڵایەتی هەرگیز لە تواناداندەبوو. ئەگەر بەم جۆرە نەبووایە، تەنانەت بەهێزترین دەزگە سەپێنەرەکانی دەوڵەتیش نەیاندەتوانی نەزمی کۆمەڵایەتی تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورتیش بپارێزن. سەرەڕای ئەوەش، ئەم شێوە سروشتییانەی ئاکار، کە لە قوڵایی سروشتی مرۆڤەوە سەرچاوەدەگرن، تاکو ئەم ڕۆژگارەش بەهۆی دەستێوەردانی بەردەوام و بەرئەنجامەکانی بەهرەکێشی ئابووریی و جێگیریی فەرمانداریییەوە، کە نوێنەرایەتی شێوەیەکی دڕندانە لە شێوەکانی ململانێی مانەوە لە کۆمەڵگەی مرۆییدا دەکات،

لەکاردەخرێن، پێویستە شێوەیەکی دیکە لە شێوەکانی هاریکاری ئازاد و یارمەتیی بەرانبەرانە بەسەریدا زاڵببێت. هوشیاری لەبارەی لێپرساوەتی کەسیی و توانای هاودەردی لەتەك کەسانی دیکە، کە گشت ئاکارە کۆمەڵایەتییەکان و گشت بیرۆکەکانی یەکسانی کۆمەڵایەتی دروستدەکەن، لە سایەی ئازادیدا باشتر گەشەدەکەن.

هەروەك باکونین، (کرۆپۆتکین)یش، شۆڕشگێڕ بوو. بەڵام ئەو، وەك ئێلیزە ڕێکلوس (Elisee Reclus) و ئەوانی دیکە، لە شۆڕشدا تەنیا قۆناخێکی تایبەتیی پرۆسیسی پەرەسەندنیی بەدیکرد، ئەوەش کاتێك دەردەکەوێت، کە هیوایەکی نوێی کۆمەڵایەتیی لە گەشەسەندنی سروشتییانەی خۆیدا بەڕادەیەك لەلایەن دەسەڵاتەوە بەرتەسکبکرێتەوە، کە پێش ئەوەی وەك هۆکارێکی نوێ لە ژیانی مرۆڤدا بتوانێت کاربکات، ناچاربێت بەتوندوتیژی قاوخە کۆنەکان بشکێنێت.

بە پێچەوانەی هاریکاریگەرایی بەرانبەرانەی پرۆدۆن و کۆمەڵگەرایی (باکونین)ەوە، کرۆپۆتکین بانگەوازی بۆ دارایی هاوبەشکرد، نەك تەنیا ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، بەڵکو هەروا بەرهەمەکانی کاریش، لەبەرئەوەی پێیوابوو لە باری هەنووکەیی تەکنۆلۆجیادا هیچ پێوەرێکی ورد بۆ نرخاندنی کار بوونی نییە. بەڵام، لەلایەکی دیکەوە، بە ئاراستەی ئاوەزگیرانەی شێوازە هاوچەرخەکانی کارەوە، لە تواناد‌ا هەیە فراوانییەکی ڕێژەیی بۆ هەموو مرۆڤێك دابینبکرێت. ئەنارکیزمی کۆمونیستی، پێش کرۆپۆتکین لەلایەن کەسانی وەك ژوزیف دێجاك (Joseph Dejacque)، ئێلیزە ڕێکلوس (Elisee Reclus)، کارلۆ کافییرۆ (Carlo Cafiero) و کەسانی دیکەوە پێشنیارکرابوو، درەوشاوەترین و بەرجەستەترین نموونەی ئەم هزرە، کە لەلایەن زۆرینەیەکی بەرچاوی ئەنارکیستەکانی ئەم ڕۆژگارەوە پەسەندکراوە، لە کارەکانی (کرۆپۆتکین)دا بوو.

لێرەدا پێویستە یادێکیش لە لیئۆ تۆلستۆی (Leo Tolstoy۱۹۱۰-۱۸۲۸) بکەینەوە، کە لە کریستانیزمی سەرەتایی و لەسەر بنچینەگەلێکی مۆڕاڵیی، کە لە وانەکانی ئینجیلدا هاتوون، بە بیرۆکەی کۆمەڵگەی بێسەروەر گەیشت.

خاڵی هاوبەشی هەموو ئەنارکیستەکان خوازیاریی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی خاڵییە لە هەموو دەزگە ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییە سەپێنراوەکان، کە لەبەردەم گەشەی مرۆڤایەتی ئازاددا ڕێگرن. لەم چەمکەدا، نابێت هاریکاریی بەرانبەرانە، کۆمەڵگەرایی و کۆمونیزم بەواتای سیستەمی ئابووریی داخراو لەبەرچاوبگیردرێن، کە بوار بۆ پێشکەوتنی زیاتر و بەردەوام ناهێڵێتەوە، بەڵکو ئەمانە تەنیا ئامرازی ئابوورییین بۆ پارێزگاری لە کۆمەڵگەی ئازاد. تەنانەت بۆی هەیە لە هەموو شێوەکانی کۆمەڵگەی ئازادی داهاتوودا، شێوەی جیاوازی ئابووری هاریکاریی لە پاڵ یەکدیدا هەبن، لەوێدا هەر بەرەوپێشچوونێکی کۆمەڵایەتی، پێویستە بۆ ئەزموونگیری ئازادانە و تاقیکردنەوەی کردەیی شێوازە تازەکان، لە کۆمەڵگە ئازادی کۆمیونیتییە ئازادەکاندا هەموو هەلێك لە ئارادابێت.

هەمان شت لەتەك هەموو شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئەنارکیزم دەگونجێت. کاری لایەنگرانی بەدیاریکراوی، پەروەردە و ئامادەکاریی هزریی و دەروونیی خەڵکە بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵایەتییانەی خۆیان. هەر هەوڵێك بۆ سنووردارکردنی کارایی پاوانگەری ئابووریی و دەسەڵاتی دەوڵەت، هەنگاوێکە بەرەو کەتوارییبوونەوەی ئەم ئامانجە. هەموو پەرەسەندنێکی ڕێکخراوە خۆبەشکارەکان لە بواری جۆراوجۆری چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بە ئاراستەی ئازادی کەسیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، هوشیاری خەڵکی قوڵتر و لێپرسراوەتی کۆمەڵایەتییان زیاتر دەکات و بەبێ ئەمانە، بەدیهێنانی هیچ ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتیی لەتوانادانابێت. زۆربەی ئەنارکیستەکانی ئەم سەردەمە لەو بڕوایەدان، کە وەها ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتیی چەندین ساڵ دەخایێنێت و کاری بنیاتنان و پەروەردەی پێویستە و بەبێ هەڵچوون و بارگرژییەکی شۆڕشگێڕانە، کە تا هەنووکە هەموو بەرەوپێشچوونێکی کۆمەڵایەتی ئافراندووە، بەدیهاتنی لە توانادانییە، هەڵبەتە تایبەتمەندی وەها هەڵچوون و بارگرژییەك بەڕادەی بەهێزیی بەرهەڵستییێکەوە بەستراوە، کە چینە فەرمانرواکان بۆ بەرگرتن لە کەتوارتیبوونەوەی بیرۆکە تازەکان لە خۆیان نیشاندەدەن. هەچەندی بازنەکانی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە بە نێوەڕۆکی ئازادیخوازیی و سۆشیالیزمەوە فراوانتربن، ژانەکانی لەدایکبوونی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیی لە داهاتوودا کەمتر و ئاسانتر دەبن. تەنانەت شۆڕشەکان دەتوانن تەنیا گەشە بە بیرۆکەگەلێك بدەن و پێبگەیێنن، کە هەنووکە بوونیان هەیە و بوونەتە بەشێك لە هوشیاری مرۆڤ: بەڵام بەخۆیان ناتوانن بیرۆکەگەلێکی نوێ، یا

دونیایەکی نوێ لە هیچەوە بئافرێنن.

پێش دەرکەوتنی دەوڵەتە سەراپاگیرەکان لە ڕوسیە، ئیتالیا، ئاڵمانیا و دواتر لە پورتوگال و ئیسپانیا و هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم، ڕێکخراوە و بزاڤی ئەنارکیستی لە نزیکەی زۆربەی وڵاتاندا بوونیان هەبوو. بەڵام وەك هەموو بزاڤە سۆشیالسیتییەکانی دیکەی ئەو سەردەمە، کەوتوونەتە بەر سەرکوتی فاشیزم و هێرشەکانی سوپای ئاڵمانیا و تەنیا توانییان بە نهێنی بمێننەوە. لە پاش کۆتایی جەنگەوە، هەستانەوەی بزاڤە ئەنارکیستییەکان لە گشت وڵاتانی ئەوروپای خۆراوایی شتێکی بەرچاوە. فیدراسیۆنی ئەنارکیستانی فەرەنسە و ئیتالیا یەکەم پێکهاتنیان بەست، هەروەها ئەنارکیستانی ئیسپانیا کە هێشتاکە هەزارانیان لە دوورخراوگەن و بە زۆری لە فەرەنسە، بەلجیکا و ئەفریکای باکووری دەژین بە هەمان کار هەستان و هەر بەو جۆرە ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەنارکیستییەکان لە زۆر وڵاتی ئەوروپا و ئەمەریکای باکوور و باشووری بڵاودەکرێنەوە.

# ڕەگەکانی ئەنارکۆسەندیکالیزم

زۆرێك لە ئەنارکیستەکان، بەتایبەت لە وڵاتانی لاتین، بەشێکی زۆری چالاکییان لە بزاڤی کرێکاریدا ئەنجامداوە، لەوێوە لە ساڵانی دواییدا بزاڤی ئەنارکۆسەندیکالیستی لەدایکبوو. بنەما تیئۆرییەکانی ئەنارکۆسەندیکالیزم لە فێرکارییەکانی سۆشیالیزمی ئازادیخوازانە یا ئەنارکیزمەوە سەرچاوەدەگرن، لە کاتێکدا شێوە ڕێکخراوەییەکەی لە بزاڤی سەندیکالیزمی شۆڕشگێرانەی ساڵانی ١٨٩٥-١٩١٠ وەرگیراوە، بەتایبەت ئەوەی کە لە فەرەنسە، ئیتالیا و ئیسپانیا زۆر گەشەیکردبوو. بەشێوەیەکی گشتی، هزر و شێوازەکانی تازەنەبوون. زۆربەیان پێشتر بەقوڵی لە ڕیزەکانی نێونەتەوەیی یەکەمدا دەنگیان دابووەوە، کاتێك کە پەرەسەندنی پەروەردە هزرییەکانی ئەنجوومەنی سەرتاسەری، گەیشتبوونە لوتکە. ئەم بابەتە لە کێشمەکێشەکانی لەبارەی گرنگی ڕێکخراوبوونی ئابووریی کرێکاران، لە کۆنگرەی چوارەمدا لە بازیل ١٨٦٩، بەڕۆشنی دەرکەوت. لە ڕاپۆرتێکدا لەبارەی ئەم پرسە، کە Eugene Hins لەپێش کۆنگرەوە بەنێوی فیدراسیۆنی بەلجیکا ئامادەیکردبوو، بۆ یەکەمین جار ڕوانگەیەکەی تەواو تازە لەبارەی ئەم بابەتە خرایەڕوو، کە لێکچوونێکی ئاشکرای لەتەك ئەندێشەکانی ڕۆبێرت ئۆئێن و بزاڤی کرێکاری دەهەی ١٨٣٠ ئینگلاند هەبوو.

بەمەبەستی بەدەستهێنانێکی لەم جۆرە، پێویستە ئەوەمان لەبیربێت، کە ئەو کات، فێرگە جیاوازەکانی سۆشیالیزمی دەوڵەتی، سەرنجیان نەدەدا یا لە باشترین باردا کەمترین سەرنجیان دەدایە یەکێتییە کرێکارییەکان. بلانکییەکانی (Blanquists) فەرەنسە، کە ئامانجی دەستبەجێیان سەرکوتگەرێتی سۆشیالیستی بوو، ئەو ڕێکخراوانەیان تەنیا بە ڕیفۆرمیست لەبەرچاودەگرت. فێردینان لاسال (Ferdinand Lassalle) و پاشڕەوانی گشت هەوڵێکی خۆیان خستبووە پێناو وابەستەکردنی کرێکاران بە پارتێکی ڕامیارییەوە و نەیارانی قینلەدڵی هەر جۆرە یەکێتییەکی کرێکاریی بوون، کە پێیانوابوو لەبەردەم گەشەی ڕامیاریی چینی کرێکاردا ڕێگرن. مارکس و پاشڕەوانی ئەو کاتی، ددانیان بە یەکێتییەکاندا دەنا، پێویستبوونی یەکێتییە کرێکارییەکانیان بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێك

پێشکەوتن لە سیستەمی سەرمایەداریدا پەسەنددەکرد، بەڵام لەو باوەڕەدابوون، کە پاش لەنێوچوونی سەرمایەداری، ئەوا ئیدی کۆتایی بە ڕۆڵی یەکێتییەکان دێت و هەر لەتەك گەیشتن بە سۆشیالیزم ڕێنوێنی تەنیا لەلایەن دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ئەنجامدەدرێت.

لە بازیڵ بۆ یەکەمین جار ئەم بیرۆکەیە کەوتە بەرلێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی تێروتەسەل. بۆچوونگەلێك لە ڕاپۆرتەکەی بەلجیکادا، کە لەلایەن هینز(Hins) خرانەڕوو، نوێنەرانی ئیسپانیا و جورای سویسرا و گەورەترین باڵی بەشی فەرەنسی تێیدا بەشدارییانکرد. پشتیان بەم بنەمایە بەستبوو، کە یەکێتییە هەنووکەییە کرێکارییەکان، تەنیا پێداویستی کۆمەڵگەی هەنووکەیی نین، بەڵکو واوەتر لە هەستەبوونی ئابووریی سۆسیالیستی لەبەرچاو بگیردرێن و بەگوێرەی ئەوە، ئەرکی نێونەتەوەیی بوو، کە کرێکاران بەم ئەرکە ڕۆشنبیر بکات. لەبەرئەوە کۆنگرە ئەم بڕیارنامەیەی پەسەندکرد:

" کۆنگرە لەم بارەوە ڕادەگەیێنێت، کە پێویستە هەموو کرێکاران بۆ پێکهێنانی یەکێتییەکان بۆ بەرگری لە پیشە جۆراوجۆرەکاندا تێبکۆشن. لەتەك پێکهێنانی هەر یەکێتییەك، یەکێتییەکانی دیکە کە لەو پیشەدا چالاکیدەکەن، دەبێت ئاگادار بکرێن، تاوەکو زەمینەی یەکێتی سەرتاسەری هەر پیشەیەك کە لەبارە، دەستپێبکرێت. ئەرکی ئەم یەکگرتنە کۆکردنەوەی هەموو داخوازییە پەیوەستەکانە بە پیشەکەی و پاگەندە لەبارەی پێوەرگەلێك کە دەبێت بەشێوەیەکی گشتی جێبەجێبکرێن و هەڵسەنگاندنی باشیی و چۆنیەتی جیبەجێکردنەکەیان بکرێت، بەو ڕادەیەی کە لە تواناداا هەیە، سیستەمی کرێیی هەنووکەیی بە فیدراسیۆنی بەرهەمهێنەرانی ئازاد جێی بگیردرێتەوە. کۆنگرە داواکاری ئاراستەی ئەنجومەنی گشتی دەکات، تاکو سەرنج لە هاوپەیمانی یەکێتییە کرێکارییەکان لە هەموو وڵاتان بدات."

هینز لە بەڵگەنامەکانیدا لەبارەی بڕیارنامەی پێشنیارکراوی کۆمیتە، ڕوونیکردەوە " لە ڕێگەی ئەم نموونە دوولایەنە لە ڕێکخراوی یەکێتییە خۆجێییەکانی کرێکاران و یەکێتی گشتی هەر پیشەیەك لەلایەك و بەڕێوەبەرایەتی ڕامیاریی ئەنجومەنە کرێکارییەکان لەلایەکی دیکەوە، نوێنەرایەتی گشتی کرێکاران، لەسەر ئاستی هەرێمی، سەرتاسەری و

نێونەتەوەیی دەخرێتەڕوو. ئەنجومەنی یەکێتییەکان و ڕێکخراوە پیشەسازییەکان، جێی فەرمانداریی هەنووکەیی دەگرێتەوە و بەم جۆرە نوێنەرایەتی کرێکاران بە یەکجاری و بۆ هەمیشە، بەبێ فەرمانداریی‌یەکانی پێشووتر ، ئەنجامدەدات."

ئەم بیرۆکە نوێیە لە دداننان بەوەدا سەرهەڵدەدات، کە هەر شێوەیەکی ئابووریی تازەی کۆمەڵگە، شێوەیەکی ڕامیاریی تازە لە ئۆرگانیزمی کۆمەڵایەتی لەتەك خۆیدا دەهێنێت و تەنیا بە دەربڕینێکی کردەیی دەتوانرێت بەدیبهێنرێت. پەیڕەوانی ئەم ئەندێشەیە، دەوڵەتە نەتەوەییەکانی هەنووکە، تەنیا بە هۆکاری ڕامیاریی و پارێزەری چینە بەهرەکێشەکان دەبینن و لەبەرئەوە هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی ڕامیاریی نادەن، بەڵکو بۆ لەنێوبردنی هەموو سیستەمێکی دەسەڵاتیی لە کۆمەڵگەدا، تێدەکۆشن، کە مەرجی داخوازی سەرەکیی هەر جۆرە سەرکەوت و بەهرەکێشییەکی تێدا بەدیدەکەن. ئەوان لەوە گەیشتوون، کە شانبەشانی پاوانگەری دارایی، پاوانگەری دەسەڵاتیش دەبێت لەنێوببرێت. لە دداننان بەوەدا، کە سەردەمی سەروەری مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا بەسەرچووە، هەوڵی ناسینی چۆنییەتی بەڕێوەبەرایەتی کاروبارەکانیان داوە. یا بەو جۆرەی کە باکونین، یەکێك لە پێشەنگانی ئەنارکۆسەندیکالیزمی هاچەرخ گوتوویەتی:

" لەوێوە کە ئامانجی ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی، بەرپاکردنی فەرمانداریییە تازەکان یا سەرکوتگەرەکان نییە، بەڵکو لەنێوبردنی ڕادیکاڵانەی هەر جۆرە دەسەڵاتێکی سەروخەڵکییە، کەواتە دەبێت ڕێکخراوێکی تەواو جیاواز لە ڕێکخراوی دەوڵەتیی هەبێت. بە هەر ڕادەیەك کە دووەم سەرکوتگەر، ناسروشتی، توندوتیژ، نامۆ و دژە بە گەشەی سروشتیی بەرژەوەندی و ئارەزوومەندیی خەڵکە، دەبێت ڕێکخراوی نێونەتەوەیی بە هەمان ڕادە ئازاد، سروشتی و لە هەموو ڕوویەکەوە لەتەك خواستەکان و ئامادەییەکانی خەڵك گونجاوبێت. ئەی ڕێکخراوی سروشتیی جەماوەر چییە؟ ڕێکخراوێکە لەسەر بنەمای پیشە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کردەیی ڕۆژانە، کاری جۆراوجۆر، ڕێکخراوبوونە بەگوێرەی پیشەکان و یەکێتییە پیشەییەکان. کاتێك کە هەموو پیشەسازییەکان، هەموو بەشە کشتوکاڵییەکان، لە نێونەتەوەییدا نوێنەریان هەبێت، ڕێکخراوەکانی، ڕێکخستنی جەماوەریی خەڵکی زەحمەتکێش، هاتوونەتەدی."

له بۆنەیەکی دیکەدا دەڵێت: "هەموو ئەم لێکۆڵینەوە کردەیی و گرنگانەی بواری زانستی کۆمەڵایەتی، کە لەلایەن خودی کرێکارانەوە لە بەشی پیشەکانیاندا و لە تاقیگە تایبەتییەکانی کاردا ئەنجامیاندەدەن، بەتەبایی و ڕێکەوتن و دروستبیرکردنەوە و شیاویی سەلماندنی تیئۆری و کردەییان دەگەیێنێت، کە ئازادی کۆتایی و تەواوی کرێکاران بەمەرجێك مەیسەردەبێت : کە سەرمایەی پێویست بۆ کار، لەوانە کەرەستەی خاو و هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، لەوانەش زەمینەکان، لەلایەن گشت کرێکارانەوە دابینبکرێن، نەك لەلایەن کەسانی دەرەوەی کرێکارانەوە.. ڕێکخراوەکانی بەشە پیشەییەکان، فیدراسیۆنەکانیان لەنێونەتەوەییدا و پێکهێنانی ژوورە کرێکارییەکان، دانشگەیەکی گەورە بۆ کرێکارانی نێونەتەوەیی پێکدەهێنن، کە تیئۆری و کردار ئامێتەبکەن، ئەوان دەتوانن و پێویستە زانستی ئابووری بخوێنن، پێویستە لەنێوان خۆیاندا بنەماکانی نەزمی نوێی کۆمەڵایەتی، کە بڕیارە جێگرەوەی دونیای بۆرجوازی بێت، شرۆڤەبکەن. ئەوان نەك تەنیا ئەندێشەکان، بەڵکو کەتوارەکانی سبەینێش، هەر لەم ڕۆژگارەدا چێدەکەن .... "

پاش تیاچوونی نێونەتەوەیی و سەرهەڵدانی جەنگەکانی فەرەنسە - ئاڵمانیا، کە بوونە هۆی گواستنەوەی نێوەندی سەرنجی بزاڤی سۆشیالیستی کرێکاریی بۆ ئاڵمانیا، کە کرێکارانی نە بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕانەیان هەبوو و نە وەك سۆشیالیستەکانی وڵاتانی خۆراوایی بەئەزموون بوون، لە ڕاستیدا ئەو بیرکردنەوانە لەبیرکران. پاش تێکشکانی کۆمونەی پاریس و ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ئیسپانیا و ئیتالیا، بزاڤەکانی ئەو وڵاتانە چەندین ساڵ ناچار بە چالاکی ژێرزەمینی بوون. تەنیا بە دەستپێکردنی سەندیکالیزمی شۆڕشگێرانە لە فەرەنسە بوو، کە ئەندێشەکانی نێونەتەوەییی یەکەم لە فەرامۆشی دەربازبوون و جارێکی دیکە لە بەشگەلێکی گەورەی بزاڤی کرێکاریدا، سوودیان لێ وەرگیرا.

# سۆشیالیزم و ئەنارکۆسەندیکالیزم لە فەرەنسە

ئەنارکۆسەندیکالیزمی هاوچەرخ، درێژەی ڕاستەوخۆی ئەو بۆچوونە کۆمەڵایەتیانە بوو، کە لە ئامێزی نێونەتەوەیی یەکەمدا سەریانهەڵدا، باشتر لە هەر شوێنێکی دیکە، لەنێو باڵی ئازادیخوازی ئەودا، یەکێتی گەورەی کرێکاران، دەرکیانکردن و پارێزران. پێگەیینی ئەو، کاردانەوەی ڕاستەوخۆ بەرانبەر بە چەمك و شێوازەکانی سۆشیالیزمی ڕامیاریی بوو؛ ئەم کاردانەوەیە لە دەهەکانی پێش جەنگی جیهانی یەکەم، بە بەرەولوتکەکشانی بزووتنەوەی ئەنارکۆسەندیکالیستی لە فەرەنسە، ئیتالیا و بە تایبەت ئیسپانیا، خۆی بەباشی نیشاندا. ئەمانە ناوچەگەلێکن، کە تیایاندا زۆربەی کرێکارانی ڕێکخراو بە بەردەوامی پابەندی بنچینەکانی باڵی ئازادیخوازی نێونەتەوەیی مابوونەوە.

لە فەرەنسە بوو، کە لە ڕوانگە و تاکتیکەکانی سەندیکالیزمی شۆڕشگێڕانەدا، سەرپێچی بەرانبەر بیر و شێوازەکانی پارتە هاوچەرخە کرێکارانییەکان بەرجەستەکرا. بەڵگەی خێرایی پێگەیینی ئەم ئاراستە تازانە لە بزووتنەوەی کرێکارانی فەرەنسەدا، کەلێنی بەردەوام و بێکۆتایی پارتە سۆشیالیستەکان لەو وڵاتەدا بوو. گشت پارتەکان، بێجگە لە ئاڵمانیستەکان (Allemanists*)، کە دواتر چالاکی پارلەمانی خۆیان سەراپا ڕاگرت، یەکێتییە کرێکارانییەکانیان بەتەواوی بە فێرگەی داخوازییە ڕامیارییەکانی خۆیان دەزانی و هیچ تێگەیشتنێکیان لە کارکردی کەتوارییان نەبوو.

ناکۆکی بەردەوامی نێوان فراکسیۆنە جیاوازە سۆشیالیستەکان خۆبەخۆ کێشرایە نێو یەکێتییە کرێکارانییەکان، هەروا زۆرجار ئاوا دەهاتە پێش، کە یەکێتییەکانی سەر بە فراکسیۆنێك مانگرتنیان دەکرد، یەکێتییەکانی فراکسیۆنێکی دیکە لەوان جیادەبوونەوە و مانگرتنەکەیان تێکدەشکاند. ئەم بارە نالەبارە چاوی کرێکارانی کردەوە. کۆنگرەی یەکێتییە پیشەییەکان لە نانت (١٨٩٤) کۆمیتەیەکی تایبەتی کردە بەرپرسی هەڵهێنجانی شێوازگەلێك بۆ لەیەك-تێگەیشتنی گشت یەکێتییەکان. ئەم کارە ساڵێك دواتر لە کۆنفرانسی گشتی زەحمەتکێشان، لە کۆنگرەی (لیموگس)دا، بەڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە گشت پارتەکان، گەییشتە سەرەنجام. لەو کاتەوە، تەنیا دوو گروپی گەورە لە یەکێتییەکان لە فەرەنسەدا مانەوە،CGT

و فیدراسیۆنی نرخدانانی زەحمەتکێشان، ساڵی ١٩٠٢، لە کۆنگرەی (مۆنۆلیە)دا، دووەمیش بە 'CGT'وە پەیوەست بوو.

هەندێك جار کەسانێك لەتەك ئەم هۆشمەندییە فراوانە و بەشێوەیەکی تایبەتی پەروەردەی (ڤێرنەر سومبارت) ڕووبەڕوودەبنەوە، پێیانوایە سەرچاوەی سەندیکالیزمی شۆڕشگێڕانەی فەرەنسە، بۆ ڕۆشنبیرانی وەك جی. سورل G. Surel، ئەی. بێرت A. Bert ، ئێچ. لاگاردل H. Lagardel دەگەڕێتەوە، کە لە بڵاوکراوەی بزووتنەوەی سۆشیالیستیدا، دامەزراو لە ١٨٩٩دا، بەشێوازی ڕۆشنبیرانەی خۆیان، بزووتنەوەیەکی نوێیان داڕێژا. ئەم هۆشمەندییە تەواو نادروستە. هیچ یەك لەم کەسانە نە پەیوەندییان بە بزووتنەوەکەوە هەبوو، نە کارایییەکی بەرچاوییان لەسەر پێگەیینی نێوەڕۆکی بزووتنەوەکە داناوە. هەڵبەتە CGT، تەنیا لە سەندیکا شۆڕشگێڕەکان پێکنەهاتبوو، زیاتر لە نیوەی ئەندامانی ئاراستەیەکی ڕیفۆرمیستانەیان هەبوو و بە(CGT)ەوە پەیوەستبووبوون، چونکە تەنانەت ئەوانیش تێگەیشتبوون، کە پشتبەستنی یەکێتییە پیشەییەکان بە پارتە ڕامیارییەکان هۆی لاوازبوونی بزووتنەوەکەیە. بەڵام باڵی شۆڕشگێڕانەی، کە بە وەرەترین و چالاکترین ئەندامانی کرێکارانی و هەروا ئامادەترین هێزە هزرییەکانی لەخۆگرتبوو، مۆری تایبەتمەندییەکانی خۆی لە CGT دا و ئەوە ئەوان بوون، کە بۆچوونەکانی سەندیکالیزمی شۆڕشگێڕانەیان پێگەیاند. زۆرێك لەوان لە نێوان ئالمانیستەکان*ەوە سەریانهەڵدابوو، بەڵام ژمارەیەکی تەنانەت فرەتر، وەك فێرناند پلوتیە، سکرتێری زۆر هۆشمەندی فیدراسیۆنی ئاڵوویری کرێکاران، ئەمیل پوژە، ڕێکخەری ئۆرگانی فەرمی CGT ، ئیوتوت و زۆرێکی دیکە، پێش ئەوەش ئەنارکیست بوون. بەزۆری لەژێر کارایی باڵی ڕادیکاڵی (CGT)دا بوو، کە بزوتنەوەی نوێ پێکهات و لە بەرجەستەبوونە ئارامەکانی (١٩٠٦)دا، کە بنچینە و شێوازەکانی بزووتنەوەکەی جێگیرکردبوون، دەرکەوت.

بزووتنەوەی فەرەنسە، کاردانەوەی بەرچاوی لەسەر کرێکارانی وڵاتانی لاتاین دانا و لە وڵاتانی دیکەیشدا پەرەیسەند. قەیرانی نێوخۆیی، کە لەو سەردەمەدا نزیکەی هەموو پارتە سۆشیالیستەکانی ئەوروپای گرتبووەوە، تا ڕادەیەکی زۆر بووە هۆی بەهێزبوونی کارایی سەندیکالیزمی فەرەنسە لەسەر بزووتنەوەی نێونەتەوەیی کرێکاران. ململانێی نێوان بەناو

لادەرەکان و مارکسیستە توندڕەوەکان، زۆرێك لە کەسانی ئەندێشمەندی کیشایە پای ڕامانی پەیگیرەوە. ئەوانە بۆیان دەرکەوت، کە بەشداری لە ڕامیاریبازی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا، تاڵە موویەك بزووتنەوەکەی لە سۆشیالیزم نزیکنەکردۆتەوە، بەڵکو لەجیاتی ئەوە لێدانێکی توندی لە باوەڕی کرێکاران بە پێداویستی چالاکی سۆشیالیستانەی چارەنووسساز داوە و لەوەش خراپتر، بەسەپاندنی ئەم خۆشباوەڕییە وێرانگەرە بەسەر هۆشی جەماوەردا، کە هەمیشە ڕزگاری لە سەرەوە دێت (نەك لەنێو خۆیانەوە)، گشت دەستپێشخەرییەکی جەماوەری لەنێوبردووە.

لەژێر کارایی ئەم هەلومەرجەدا بوو، سۆشیالیزم ڕۆڵی ئامانجدارانە و فەرهەنگیی خۆی، کە بڕیاربوو کرێکاران بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سەرمایەداری ئامادەبکات، لەدەستدەدات و چیدی نەیدەتوانی خۆی لە سنووری دەستکردی دەوڵەتە نەتەوەییەکان دەربازبکات. تێگەیشتنی ڕابەرانی پارتە کرێکارییە هاوچەرخەکان لە داخوازییەکانی بزووتنەوەکە، بەردەوام زیاتر و زیاتر لەتەك بەرژەوەندی دەوڵەتەکاندا ئامێتەدەبوو، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی، کە دواجار نەدەکرا هیچ سنوورێك لەنێوانیاندا بکێشرێت. بەپێچەوانەی ئەوەی زۆرێك وێنایدەکەن، کە ئەم ڕوخسارگۆڕینە، بە دژەخونی دانانی نێونەتەوەیی ڕابەران، هەڵەیە. لە ڕاستیدا ئێمە لەتەك کشانی بەرەبەرەیی بەرەو شێواز و ئەندێشەکانی کۆمەڵگە ڕووبەڕووین، کە بەگوێرەی پێداویستی لەسەر ئاراستەی هزری ڕابەرانی جۆراوجۆری پارتە کرێکارانییەکان لە وڵاتانی جۆراو جۆردا، کارایی دانا. ئەو پارتانەی، کە ڕۆژگارێك ئامانجی خۆیان بە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ڕامیاریی بە ئاڵای سۆشیالیزمەوە، دانابوو، خۆیان لە لۆجیکی پۆلایینی هەلومەرجدا گیریانخوارد و بە بەقوربانیکردنی کەم کەمەی باوەڕە سۆشیالیستییەکانی خۆیان لەبەرانبەر ڕامیارییە نەتەوەییەکانی دەوڵەتدا ناچاربوون. دەسەڵاتی ڕامیاریی، کە دەیانویست بەدەستیبهێنن، سۆشیالیزمەکەیانی تێکشکاند، تا ئەو ڕادەیەی کە شتێك بێجگە لە ناوەکەیان نەمابووەوە.

* (Allemanists) لە شێوەکاری یەکێتیگەراییدا لە ئەنارکیستەکانەوە نزیکبوون (دژە پارلەمانتاریسم و لایەنگری مانگرتنی گشتی بوون).

# ڕۆڵی یەکێتییە کرێکارییەکان: ڕوانگەی ئەنارکۆسەندیکالیزم

ئەندێشەگەلێك بوونە هۆی گەشەی سەندیکالیزمی شۆڕشگێڕانە، یا بەوجۆرەی کە دواتر ناوهێنرا ئەنارکۆسەندیکالیزم، لە فەرەنسە و وڵاتانی دیکە دەستەواژەی "سەندیکای کرێکاران" سەرەتا هەر بەواتای ڕێکخراوەی بەرهەمهێنەران بۆ باشترکردنی دەستبەجێی هەلومەرجی ئابووریی و کۆمەڵایەتییان بەکاردەبرا.

بەڵام سەرهەڵدانی سەندیکالیزمی شۆڕشگێڕانە واتای یەکەمی فراوانتر و قوڵترکردەوە. هەر بەو جۆرەی کە پارت، ڕێکخراوێکی یەکگرتووە بۆ چالاکی ڕامیاریی لە سایەی بڕیارنامەکانی دەوڵەتی دیموکراتی هاوچەرخدا، هەوڵدەدا سیستەمێك کە لە ئارادایە بە شێوەیەك بپارێزێت یا ئاڵوگۆڕی دیاریکراوی تێدا بکات. لە ڕوانگەی یەکێتیگەراکانەوە، یەکێتییە پیشەییەکانیش ڕێکخراوەی یەکگرتووکردنی کرێکارانن، کە ئامانج لە پێکهاتنیان پارێزگاریکردنە لە بەرهەمهێنەران لە هەمان کۆمەڵگەدا، ئامادەبوونیان بۆ سۆشیالیزم و سەرلەنوێ سازدانەوەی بەکردەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی بەو ئاراستەیە. بەگوێرەی ئەوە، ئامانجی دوو لایەنەیان هەیە :

١. هێنانەدی داخوازییە دەستبەجێکانی کرێکاران بۆ دابینکردن و پێشخستنی پێوەرەکانی ژیان.

٢. ئاشناکردنی کرێکاران بە هونەری بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنان و پرسی ئابووری بەشێوەیەکی گشتی و ئامادەکردنیان بۆ بەدەستەوەگرتنی دەزگە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و پێکهێنانەوەیان لەسەر بنچینەی شێوازە سۆشیالیستییەکان.

ئەنارکۆسەندیکالیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن، کە پارتە ڕامیارییەکان توانای ئەنجامدانی هیچ یەك لەم دوو کارەیان نییە. بەگوێرەی ڕوانگەی ئەوان، دەبێت یەکێتییە پیشەییەکان سەرەنێزەی بزووتنەوەی کرێکاریی بن، بە چالاکی ڕۆژانە بەهێزبن و گیانی سۆشیالیستیی پەرەپێبدەن؛ لەبەرئەوەی چالاکی ئەوان وەك بەرهەمهێنەرانێك کە تەواوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییان ڕاگرتووە، مانەوەی کۆمەڵگە مسۆگەردەکات. کرێکار تەنیا وەك بەرهەمهێنەر و ئافرێنەری سامانی کۆمەڵایەتی، دەتوانێت هێزی خۆی بناسێت. ئەو لە

هاوپشتی سەندیکاییدا لەتەك هاوکارانیدا یەکە گەورەکانی سوپای کرێکاران پێکدێنن، گیانی ئازادی مەشخەڵداری دەکا و بە ئامانجی یەکسانی کۆمەڵایەتی دەیگێڕێتەوە نێو ژیان.
بەتێڕوانینی ئەنارکۆسەندیکالیستەکان، سەندیکای کرێکاریی بە بەرهەمترین کۆرپەلەی کۆمەڵگەی داهاتوو و بەشێوەیەکی گشتی، فێرگەی سۆشیالیزمە. هەر پێکهاتەیەکی نوێی کۆمەڵایەتیی، سەرەتا پەلوپۆی خۆی لە دەزگە (ئۆرگانیزم)ی پێشیندا دروستدەکات؛ لە ڕوانگەی ئەوانەوە، بەبێ ئامادەکردنی زەمینە، وێناکردنی هیچ ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی لەتوانادانییە.

پەروەردەی سۆشیالیستیی، نەك بەواتای بەشداریکردن لە دەسەڵاتی ڕامیاریی دەوڵەتی نەتەوەکاندا، بەڵکو هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی خۆیی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و پرسە هونەرییەکانی کار بۆ کرێکاران، پەروەردەکردنی توانایی بەڕێوەبەرایەتییان، بەئامانجی بەدەستهێنانی ئامادەیی بۆ خۆگرتن لە شوێنی ڕاستینەیان وەك ڕێکخەرانی نوێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و دواجار، هێنانەدی باوەڕبەخۆبوون لەواندا بۆ ئەم کارە. بۆ ئەم شتە، هیچ پەیکەرەیەکی کۆمەڵایەتی کاراتر لە ڕێکخستنی خەباتی ئابووریی کرێکاریی، نییە؛ ئەم ڕێکخستە ئاراستەیەکی دیاریکراو بە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دەدات، بەرهەڵستی خۆی لەسەر بنەمای خەبات بۆ داخوازییە دەستبەجێ و پێویستەکانی ژیان و بەرگری لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ ڕێکدەخات. بەڵام لەم نێوەدا، چەمکی مۆڕاڵیی پێویست بۆ هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتیش پێکدەهێنێت: وابەستەیی چارەنووس بەگشتەوە و بەرپرسێتی مۆڕاڵیی لە هەموو کارەکاندا.

ئەنارکۆسەندیکالیستەکان، لەبەر ئاراستەگەری کاری ڕاهێنەرانەیان بەرەو بەدیهێنانی هزر و کاری سەربەخۆ، نەیاری سەرسەختی ئاراستە نێوەندگەراکانن، کە لە زۆربەی پارتە کرێکارییەکانی ئەم ڕۆژگارەدا دەبیندرێن. نێوەندگەرایی، بەرنامەڕێژیی دەستکردانە کە لە سەرەوەڕا بۆ خوارەوە جێبەجێدەکرێت و پرسەکانی بڕیاردان بە کەمایەتیەکی کەم دەسپێرێت، باوەڕی تاکەکان لەنێودەبات و داهێنانی کەسییان بە پرنسیپڵ و بۆرۆکراسی بێچەندوچوون دەکوژێت؛ هەردەم ئەنجامەکەی پێکهاتەی فەرمیی و نەزۆك دەبێت. بۆ دەوڵەت،

نێوەندگەرایی شێوە ڕێکخستنێکی گونجاوە. لەبەرئەوەی بۆ پاراستنی هاوسەنگی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی، خوازیاری فرەترین ڕادەی یەکجۆریی ژیانی کۆمەڵایەتییە. بەڵام لە بزووتنەوەی کرێکاریی و کۆمەڵایەتییدا، کە بناخەی بوونی پابەندی کاری دەستبەجێ لە کاتی گونجاو و سەربەخۆیی هزری لایەنگرانییەتی، نێوەندگەرایی بەڵایەکە، کە دەسەڵات بڕیاردانی لاوازدەکات و بەشێوەیەکی سیستەمیی هەر بزووتنێکی سەربەخۆی تێیدا سەرکوتدەکات.

ڕێکخستنی ئەنارکۆسەندیکالیستی بەگوێرەی بنچینەکانی فیدرالیزم، لەسەر بناخەی یەکێتی ئازادانە، لە خوارەوەڕا ئەنجامدەدرێت، مافی بڕیاردانی هەر یەکێتییەك لەبارەی هەر شتێك خۆی بەبانتر لە هەر شتێکی دیکە دادەنێت و تەنیا پێکهاتەیەك کە بە فەرمی دەیناسێت، پەیوەندییەکە لەسەر بناخەی خواستە هاوبەشەکان و پێکهاتنی هەردوولا. بەگوێرەی ئەمە، ئەم ڕێکخستە بەم جۆرە سەرهەڵدەدا: کرێکارانی هەر بەشێك لە یەکێتییە پیشەییەکانی پەیوەست بە خۆیاندا کۆدەبنەوە. یەکێتییەکانی هەر شارێك یا ناوچەیەکی دێهاتی لە نووسینگە کرێکارییەکاندا کە نێوەندی ڕاگەیاندن و پەروەردەی خۆجێیی بەڕێوەدەبەن، کۆدەبنەوە، کرێکاران وەك بەرهەمهێنەر پێکەوە پەیوەندیدەگرن تاوەکو بەر بە پەرەسەندنی هەر جۆرە دەستەگەرییەکی کورتەبیرانە بگیردرێت. گشت یانە کرێکارییەکان بەلەبەرچاوگرتنی ناوچەیان دەستەبەندیدەکرێن و (فیدراسیۆنی سەرتاسەری / گەلی) یانەکرێکارییەکان پێکدێنن، کە پەیوەندی پتەوی نێوان ڕێکخستنە ناوچەییە جۆراوجۆرەکان دەپارێزێت، هێزی بەرهەمهێنەرانەی ئەندامانی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان، بەشێوەیەکی ئازادانە و لەخۆوەڕا، ڕێکدەخرێن، هەر بڕیاردانێکی پێویست بۆ پرسی پەروەردە و پارێزگاریی لە گروپە خۆجێییەکان لە ڕێگەی ڕاوێژی گشتی و پێشنیارەوە جێبەجێدەکرێت.

سەرەرای ئەوەی، هەر یەکێتییەکی پیشەیی، بەشێوەیەکی فیدراسیۆنیی لەتەك گشت ڕێکخراوەکانی ئەو پیشە تایبەتە و پاش ئەوە لەتەك گشت پێشە پەیوەندیدارەکان، یەکدەگرن و بەم جۆرە یەکێتییە پێشەسازی و کشتوکاڵییە گشتییەکانیش پێکدێن. دابینکردنی پێداویستییەکانی خەباتی ڕۆژانەی نێوان کرێکار و سەرمایەدار، کۆکردنەوەی گشت هێزەکانی بزووتنەوەکە بۆ کارێکی تایبەت، کاتێك کە پێویستیی بێتە پێشەوە، کاری ئەم

یەکێتییانەیە. بەگوێرەی ئەمە فیدراسیۆنی یانەکرێکارییەکان و فیدراسیۆنی یەکێتییە پیشەییەکان، دوو جەمسەری چالاکی سەندیکای کرێکارانن.

وەها ڕێکخراوەیەك نەك تەنیا هەلی هەر جۆرە خەباتێك بۆ باشترکردنی ڕێڕەوی ڕۆژانە بۆ کرێکاران دەرەخسێنیت، بەڵکو هەروەها پێشەکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیشیان، بەدەستی خۆیان و بەبێ خۆتێهەڵقورتاندنی دەرەکی، فێردەکات. ئەنارکۆسەندیکالیستەکان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە ئابووری سۆشیالیستیی ناتوانێت بە سەروەری و فەرمانی فەرماندارییی بیتەدی، بەڵکو تەنیا بە هاریکاری خۆبەخشانەی (لەخۆوەڕا) کرێکاران، شارەزایان و جوتیاران، بەڕێوەبەرایەتی خودی خۆیان بەسەر کاروباری بەرهەمهێنان و دابەشکردندا، دەستەبەریدەکات. لە وەها بارودۆخێکدا، یانەکرێکارییەکان بەڕێوەبەرایەتی سەرمایەیەك کە هەیە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بەدەستەوەدەگرن، پێداویستییەکانی دانیشتووانی هەر ناوچەیەك دەستنیشاندەکەن و خەرجی خۆجێییاندەدەن. دیاریکردنی پێداویستییە گشتییەکانی وڵات و ڕێکخستنی کاری بەرهەمهێنان بە سەرنجدان لێی، لە ڕێگەی بەرپرسانی فیدراسیۆنی یانەکرێکارییەکانەوە لەتوانادادەبێت. لەلایەکی دیکەوە، کاری یەکێتییە پیشەسازیی و کشتوکاڵییەکان، بەڕێوەبەرایەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، بارکردن و گواستنەوە و دابینکردنی پێداویستییەکانی گروپە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان دەبێت. بەکورتی :

١. ڕێکخستنی گشت بەرهەمهێنانی وڵات لەلایەن فیدراسیۆنی یەکێتییە پیشەسازییەکان و ئاراستەدانی کار لەلایەن ئەنجومەنە کرێکارییە هەڵبژێردراوەکانی خودی کرێکاران.
٢. ڕێکخستنی هاریکاریی کۆمەڵایەتی لەلایەن فیدراسیۆنی یانەکرێکارییەکانەوە.

سەرەرای ئەوەش، لەم بوارەدا ئەزموونەکان باشترین ڕێنوێنیان خستۆتەڕوو. ئەزموونەکان نیشانیانداوە، کە زۆرێك لە گرفتەکانی نوێژەنکردنەوەی سۆشیالیستی کۆمەڵگە، ناتوانرێت بەدەستی هیچ فەرمانداریيەك چارەسەربکرێن، تەنانەت ئەگەر ئەو فەرمانداریيە دیکتاتۆری ئەفسوناوی پرۆلیتاریاش بێت. لە ڕوسیە، دیکتاتۆری بۆلشەڤیکەکان بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ، لەبەرانبەر گرفتە ئابوورییەکاندا دۆشدامابوو و لە هەوڵی ئەوەدا بوو، لاوازییەکانی خۆی لە پشت شەپۆلێك لە فەرمان و بڕیاردا، کە بەزۆری لە دەزگە و فەرمانگەی

جۆراوجۆرەوە سەریاندەردەهێنا، بشارێتەوە. ئەگەر بە فەرماندەرکردن دونیا ئازاد ببووایە، پێش پێش هەمووان و هەموو شت،گرفتەکانی ڕوسیە چارەسەردەبوون. بۆلشەڤیزم، بەنرخترین بنچینەکانی سیستەمی سۆشیالیستی، بە دەسەڵاتخوازیی شەیدایانەی، بە توندوتیژی، بە تابووکردنی کۆبوونەوە ئازادەکان، بە دەوڵەتییکردنی یەکێتییە پێشەییەکان و بە بێبەشکردنی ئەنجومەنەکان (سۆڤیەتەکان) لە ئازادی بڕیاردان؛ لەنێوبردن و بەپێچەوانەوەی ڕێگەی سۆشیالیزمەوە، ڕێگەی بۆ دواکەوتووترین شێوەی سەرمایەداری دەوڵەتی و دیوانسالاری خۆشکرد، کە بووە هۆی گەڕانەوە بۆ فەرمانڕەوای بێچەندوچوون، کە سالآنێك بەر لەوە لە زۆربەی وڵاتاندا بە سەرکەوتنی بۆرجوازی لەنێوبرابوو. کرۆپۆتکین، لە پەیامێکدا بۆ کرێکارانی وڵاتانی ئەوروپای خۆراوایی، ڕاستی گوتبوو: " ڕوسیە بۆی خستینەڕوو، کە چۆن ناتوارێت سۆشیالیزم جێگیربکرێت. هەڵبەتە خەڵکی، لەبەر نەفرەتیان لە ڕژێمی پێشین، هیچ بەرهەڵستییەکی چالاکانەی لەبەرانبەر کردەوەکانی فەرمانداریی نوێدا نیشاننادا. بیرۆکەی پێکهێنانی ئەنجومەنە کرێکارییەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕامیاریی و ئابووریی وڵات، بۆ خۆی، فرە گرنگ و پێویستە ... بەڵام کاتێك کە وڵات لەلایەن دیکتاتۆری پاتەوە بەڕێوەببرێت، ئەنجومەنە کرێکاریی و جوتیارییەکان، خۆبەخۆ گرنگی خۆیان لەدەستدەدەن و تووشی هەمان شەرمەزاری دەبن، کە نوێنەرانی هەرێمەکان لە سەردەمی پاشایەتی بێچەندوچووندا بەسەریان هات ".

# خەبات لە ئاڵمانیا و ئیسپانیا

لە ئاڵمانیا، کە باڵە میانڕەوە سۆشیالیستەکان بەهێزبوون، سۆشیالیزم لە ماوەی ساڵانێکی دوورودرێژی فریوخواردووی بە چالاکی ڕۆژانەی پارلەمانی وەها جێکەوتەبووبوو، کە چیدی نەیدەتوانی هیچ جۆرە دەستپێشخەرییەك نیشانبدات. تەنانەت ڕۆژنامەیەکی بورجوازی وەك فرانکفۆرتەر تسایتونگ (Frankfurter Zeitung) خۆی بەناچار دەبینێت ددان بەوەدا بنێت، کە " مێژووی گەلانی ئەوروپا، پێشتر هیچ کات شۆڕشێکی وەها هەژار لە بۆچوونی داهێنەرانە و لاواز لە وزەی شۆڕشگێڕانەی بەرهەمنەهێناوە ". لەتەك ئەوەی کە پارتێك بە ژمارەیەکی فرەتر ئەندام لە هەر پارتێکی وەك خۆی لە دونیادا، کە ساڵانێك بەهێزترین ڕێکخراوی ڕامیاریی ئاڵمان بوو، وەها ئاسان و بەبێ هیچ بەرگرییەك مەیدانی بۆ هیتلەر و داروودەستەکەی چۆڵکرد، نیشانەیەکی فرە ئاشکرای لاوازی و بێتوانایی ئەم پارتەیە.

بەراوردی بارودۆخی ئاڵمانیای ئەو سەردەمە لەتەك هەلومەرجی یەکێتییە پیشەییە ئاناکۆسەندیکالیستەکان لە ئیسپانیا و بەتایبەت فرە جەماوەرییان لە کاتالۆنیا، جیاوازی نێوان بزووتنەوە کرێکارانییەکانی ئەم دوو وڵاتە بەباشی دەخاتەڕوو. کاتێك کە لە جونی ١٩٣٦دا، پیلانی فەرماندە فاشیستەکانی سوپا جێبەجێکرا، تەنیا بەرهەڵستی قارەمانانەی فیدراسیۆنی میلی کرێکاران (CNT) و فیدراسیۆنی ئەنارکیستەکانی ئیریا (FAI) بوو، کە ئاژاوە و پیلانی فاشیستەکانی لە کاتالۆنیادا تەنیا لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا کپکردەوە، بەشێکی فرە گرنگی لە خاکی ئیسپانیای لە چنگی دوژمن ڕزگارکرد و بە پووچەڵکردنەوەی نەخشەی یەکەمییان لە گرتنی (بەرشەلۆنە)دا پیلانگێڕانی تەواو سەرسامکرد. پاش ئەوە، کرێکاران نەیاندەتوانی لە نیوەی ڕێگەدا بووەستن، ئیدی سۆشیالیزەکردنی زەوییەکان (بەهەرەوەزیکردنی کێڵگەکان) و خۆبەڕێوەبەرایەتی کارخانەکانیان لەلایەن سەندیکا کرێکارانییەکان و جوتیارانەوە، جێبەجێکرد. ئەم بزووتنەوە، کە بڕیاری دەستپێشخەرانەی ئەندامانی فیدراسیۆنی میلی کرێکاران (CNT) و فیدراسیۆنی ئەنارکیستەکانی ئیریا (FAI) بوو، بە هێزێکی بەرپێنەگیراوەوە خرایەگەڕ، ناوچەکانی ئاراگۆن ، لیوان و هەندێ ناوچەی دیکەی وڵاتی گرتەوە و ژمارەیەکی زۆری لە یەکێتییەکانی پارتی سۆشیالیست (UGT) یەکێتی گشتی کرێکارانی بۆ خۆی ڕاکێشکرد. ئەم ڕووداوە نیشانیدا، کە کرێکارانی ئەنارکۆسەندیکالیستی

ئیسپانیا، نەك تەنیا دەزانن چۆن بچنەپای جەنگ، بەڵکو لێواولێویشن لە بۆچوونی بنیاتنەرانەی پێویست بۆ زاڵبوون بەسەر قەیرانە کەتواریەکاندا. ئەوە لێهاتوویی سۆشیالیزمی ئازادیخوازانە بوو لە ئیسپانیا، کە لە دەمی نێونەتەوەییی یەکەمەوە، کرێکارانی بە وەها گیانێکەوە پەروەردەکردبوو، کە ئازادی لە هەر شتێکی دیکە بەنرختر بگرن و سەربەخۆیی هزری بە بنچینەی بوونی بزووتنەوەی خۆیان بزانن. ئەوە بێتوانایی و شەرمەزاری کرێکارانی ڕێکخراو لە وڵاتانی دیکە بوو، کە ملیان بە ڕامیاریی دوورەپەرێزانەی فەرمانداریییەکانیان دا؛ هەر لاوازی و خۆشباوەڕیی و کرێکارانی وڵاتانی دیکەش بوو، کە بووە هۆی شکستی کرێکاران و جوتیارانی ئیسپانیا پاش دوو ساڵ و نیو لە خەباتێکی قارەمانانە و کەم وێنە.

# خەباتی ڕامیاریی: ڕوانگەی ئەنارکۆسەندیکالیستی

یەکێك لە پاگەندە باوەکانی دژ بە ئەنارکۆسەندیکالیزم و پەیڕوانی، ئەوەیە کە ئەوان هیچ هۆگرییەکیان بو بنیاتنانی ڕامیارییانەی وڵاتەکانیان نییە و هەروا لە خەباتی ڕۆژانەی ڕامیاریدا بەشدارنیاکەن. ئەم پاگەندەیە نادروستە، یا لە نائاگاییەوە، یا لەچەواشەکردنی بەئەنقەستانەی ڕاستییەکانەوە سەرچاوەدەگرێت. ئەوەی کە بنچینە و تاکتیکی یەکێتییە شۆڕشگێڕەکان لە پارتە هاوچەرخە کرێکارییەکان جیادەکاتەوە، خەباتی ڕامیاری نییە، بەڵکو خواست و شێوەی خەباتییەتی. ئەنارکۆسەندیکالیستەکان هەر ئەو شێوازانەی کە لەبەرانبەر بەهرەکێشی ئابوورییدا هەیانە، بۆ خەبات دژ بە ڕێگرە ڕامیارییەکانیش بەکاریاندەهێنن. ئەوان بەو ئەنجامە گەیشتوون، کە هەر سیستەمێکی بەهرەکێشی، دەزگەی پارێزەری ڕامیاریی خۆی [دەوڵەتی] هەیە و پێیانوایە بە لەنێوبردنی بەهرەکێشی، دەبێت دەوڵەتیش شوێنی خۆی بە بەڕێوەبەرایەتی ئازادانە و هەڵبژێردراوی پرسە گشتییەکان بدات، لەسەر بنچینەی هاوڕایی گشتی، چیدی بە هیچ شێوەیەك چاپۆشی لەم ڕاستییە ناکەن، کە دەبێت ڕێکخراوە کرێکارییەکان، لە بەرانبەر هەر هەنگاوێکی ڕێگرانەی ڕامیاریشدا بەرهەڵستیبکەن و لە هەر شوێنێك کە گونجاوبێت،،تێبکۆشن ئازادییە کۆمەڵایەتی و کەسییەکان پەرەپێبدەن. لەوانەیە خەباتی قارەمانانەی CNT لە ئیسپانیا لە دژی فاشیزم، باشترین بەڵگە بۆ نابەجێیبوونی پاگەندەی ناچاکی ڕامیاریی ئەنارکۆسەندیکالیستەکان بێت.

بەڵام لە ڕوانگەی ئەنارکۆسەندیکالیستەکانەوە، مەیدانی خەباتی ڕامیاریی، لە دەزگەکانی یاساداناندا نییە، بەڵکو لەنێو جەماوەردایە. مافی ڕامیاریی لە پارلەمانەوە سەرچاوەناگرێت؛ بەڵکو واوەتر لەوەی کوڕ و کۆمەڵێك داهێنەری ئەم مافە بن، لە دەرەوە ناچار بە ملدان پێیاندەکرێن، بەڵکو لەبەر پێشوازیلێکردن و ڕێساییبوونیان لەنێو جەماوەردایە و لەبەرئەوەی کە هەر هەوڵێك بۆ بەرتەسککردنەوەیان لەتەك بەرهەڵستی فراوانی گشتیدا ڕووبەڕوودەبێتەوە. لە کاتێکدا ئەگەر بارودۆخ ئاوا نەبێت، هیچ زۆرینەیەکی پارلەمانی و هیچ هەوڵێکی ئەفلاتونی بۆ یاسادانان، کەمترین سوودی نابیت. تەنیا کەسێك کە ڕێزی کەسانی دیکە بەرزڕابگرێت، دەزانێت چۆن وەك مرۆڤێك پارێزگاری لە کەسایەتی خۆی دەکات. ئەم بنچینە تەنیا لەبارەی ژیانی کەسییەوە نییە؛ بەڵکو لەبارەی ژیانی ڕامیارییەوەش هەمیشە

ئەمە ڕاستبووە.

خەڵکی، ئازادی و مافێکی ڕامیاریی کە هەیانە لە گرەوی نیازچاکی فەرمانداریییەکانیانی نازانن، بەڵکو بەهێزی خۆیان بەدەستیانهێناون. فەرمانداریییەکان هەرچیەکیان لەدەستهاتبێت، ئەنجامیانداوە، تاوەکو بەر بەدەستڕاگەیشتنی خەڵك بەو مافانە بگرن، یا بەهەندێك ئاڵوگۆڕی ڕوخسارەکی فریویانبدەن. بزووتنەوە فراوانە جەماوەرییەکان و شۆڕشەکان بۆ سەندنی ئەم مافانە لە چینە سەروەرەکان، کە هیچ کات دڵخوازانە ملیانپێنادەن، هەردەم پێویستبوون.

سەراپای مێژووی سێ سەد ساڵەی دوایی، سەلمێنەری ئەم شتەیە. گرنگ، بڕیاردانی فەرمانداریییەکان نییە بۆ پەسەندکردنی مافەکانی خەڵك، بەڵکو گرنگ چۆنیەتی سەپاندنیانە بەسەریاندا. ئەگەر کەسێك پشت بە قسە گوماناوییەکانی لینین ببەستێت و ئازادی بەتەواوی بە بەرتەری (امتیاز) بورجوازییانە بزانێت، بەدڵنیاییەوە ئیدی لە ڕوانگەیەوە، ئازادی ڕامیاریی بۆ کرێکاران بێکەڵك دەبێت. بەڵام لەو بارەدا، سەراپای خەباتی پێشین، هەموو شۆڕشەکان و ڕاپەڕینەکان، کە ئەو مافەیان بۆ دەستەبەرکردووین، ئەوانەش بێکەڵك و بێنرخ دەبن. ئەگەر بەو ڕادە نائاوەزییانە (نالۆجیکیانە) بیربکەینەوە، تەنانەت ڕوخانی «تزاریزم»یش بەو ڕادە پێویست نەدەبوو، تەنانەت سانسورگەریی نیکۆلای دووەمیش بەهیچ شێوەیەك لەتەك ناوهێنانی ئازادی بە بەرتەری بورجوازییانە، ناکۆك نەدەبوو.

ئەگەرچی ئەنارکۆسەندیکالیزم سەرەڕای هەموو ئەوانە لەتەك بەشداریکردن لە پارلەمانە نەتەوەییەکانی ئەم ڕۆژگارە ناکۆکە، بەڵام لەبەر هاوڕانەبوونی لەتەك خەباتی ڕامیاریی بەشێوەیەکی گشتی نییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە، کە پەیڕەوانی پیینوایە ئەم شێوە چالاکییە لاوازترین و کەمکاراترین شێوەی خەباتی ڕامیاریی کرێکارانە. چالاکی پارلەمانی، بۆ کپکردنەوەی ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەی کە لە ڕووداندان، بۆ چینەکانی سەرەوە، بەتەواوی ئامرازێکی گونجاوە، چونکە ئەوان هەموویان بەقەد یەك ئارەزوومەندی پاراستنی سیستەمێکی ئابووریی و کۆمەڵایەتیین، کە هەیە. کاتێك کە بەرژەوەندی هاوبەش لە ئارادابێت، پێکهاتنی دوولایەنە و چەند لایەنە لە توانادا هەیە و لەلایەن گشت پارتەکانەوە

سوودی لێوەردەگیردرێت. بەڵام بارودۆخی کرێکاران فرە جیاوازە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، سیستەمێکی ئابووریی کە لە ئارادایە، سەرچاوەی بەهرەکێشی و کۆیلەتی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی خۆیانە. تەنانەت ئازادانەترین ڕاپرسیش ناتوانێت ئەم جیاوازییە لەڕادەبەدەرەی نێوان چینەکانی خوارەوە و سەرەوەی کۆمەڵگە لەنێوبەرێت و کارکردی وەها کارێك تەنیا دانی مۆری ڕەوایەتی جەماوەرییە لە سیستەمی بەهرەکێشی.

ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە تەنانەت پارتە سۆشیالیستەکانیش، هەر کات ویستبێتیان ڕیفۆرمی یەکلاکەرەوە لە مەیدانی ڕامیارییدا جێبەجێبکەن، لەبەر بەرژەوەندی چالاکییە پارلەمانیەکانیان، نەیانتوانیوە بەرەوپێشیان بەرن، بەڵکو ناچاربوون پشت بەهێزی خەباتی ئابووریی کرێکاران ببەستن. مانگرتنە گشتییە ڕامیارییەکانی بەلجیکا و سوید بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدانی گشتی، گەواهیدەری ئەم بنچینەیەن. هەروەها لە (ڕوسیە)ش، لە ساڵی ١٩٠٥دا، ئەوە مانگرتنی گەورە و فراوا بوو، کە تزاری ناچار بە ئیمزای یاسای بنەڕەتی تازە کرد. تێگەیشتن لەم بابەتەیە، پاڵ بە ئەنارکۆسەندیکالیستەکانەوە دەنێت، کە پەروەردەکردنی سۆشیالیستانەی جەماوەر و بەکاربردنی توانای ئابووریی و کۆمەڵایەتییان لەنێوەندی چالاکییەکانی خۆیاندا دابنێن. شێوازی ئەوان کاری ڕاستەوخۆیە لە مەیدانەکانی خەباتی ڕامیاریی و ئابوورییدا. مەبەستمان لە کاری ڕاستەوخۆ، هەر شێوازێکی دەستبەجێی خەباتی کرێکارانە لە دژی شێوە جیاوازەکانی چەوسانەوەی ئابووریی و ڕامیاریی. لەنێوان ئەو شێوازانەدا، دەتوانرێت ئاماژە بە هەموو جۆرەکانی مانگرتن، لە مانگرتنی سادەوە بۆ زیادکردنی کرێ بگرە تا دەگاتە مانگرتنە گشتیی و سەرتاسەرییەکان، بەشدارینەکردن (بایکۆتی) ڕێکخراو و زۆرێك لە ئامرازەکانی دیکە، کە کرێکاران وەك بەرهەمهێنەر دەستیان پێیانڕادەگات، بکرێت.

یەکێك لە کاراترین شێوەکانی کاری ڕاستەوخۆ، مانگرتنی کۆمەڵایەتییە، کە تاوەکو هەنووکە فرەتر لە ئیسپانیا و تاڕادەیەك لە فەرەنسە بەکاربراوە و گەشەی بەرچاوی بەرپرسیارێتی کرێکاران بەرانبەر بە کۆمەڵگە وەك یەك گشت نیشاندەدات. ئەم مانگرتنە، پێش ئەوەی بەلای داخوازییە دەستبەجێکانی کرێکاراندا بشکێت، پارێزگاری لە کۆمەڵگە لە دژی زیادەڕەوییە مەترسیدارەکانی سیستەمەکەی لەبەرچاوگرتووە. مانگرتنی کۆمەڵایەتی لەپێناو

پەروەردەکردنی کرێکارانە بە لێپرساوەتی بەرانبەر کۆمەڵگە. یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی مانگرتنە کۆمەڵایەتییەکان، پارێزگاریکردنە لە مافی بەکاربەران، کە بە نۆرەی خۆی، کرێکاران زۆرینەیان پێکدەهێنن. لە هەلومەرجی هەنووکەییدا، ڕۆژانە کرێکاران بە هەزاران شێوازی جۆراوجۆر سووکایەتییان پێدەکرێت و تەنیا ئامانجی ئەم سووکایەتییانە، زیانگەیاندنە بە کۆمەڵگە لە بەرژەوەندی خاوەنکارەکان.

کرێکاران لە پرسی بەرهەمهێناندا ناچارن سوود لە ئامرازگەلی نەگونجاو و تەنانەت هەندێك جار مەترسیدار وەربگرن، لە ماڵی پەست و نەشیاودا بژین، بە خواردنی نەگونجاو و خراپ ڕازی بن و مل بە ئەنجامدانی زۆر کار بدەن، کە بە ئامانجی فێڵکردن لە بەکاربەر ئەنجامدەدرێن. هەر پێشکەوتنێك لەم بوارەدا، هاوکات هەم ڕێوشوێنی کرێکاران لە کۆمەڵگەدا باشتردەکات، هەم لە ئاستێکی فراوانتردا، هوشیارییان پێدەبەخشێت.

بەهێزترین جۆری کاری ڕاستەوخۆی کرێکاران، مانگرتنی گشتییە، کە بە ڕاگرتنی کار لە هەر یەك لە بەشەکانی بەرهەمهێناندا ئەنجامدەدرێت. ئەمە بەهێزترین چەکێکە، کە کرێکاران شکیدەبەن و کاراترین شێوەی دەربڕینی دەسەڵاتی ئەوانە وەك هۆکارێکی بەرەوپێشبەری کۆمەڵگە. هەڵبەتە ئەوە ڕۆشنە، کە مانگرتنی گشتی شتێك نییە، کە دڵخوازانە بتوانی بۆ هەر شتێك بەکاری بهێنیت. دەبێت کۆمەڵگە بەڕادەیەك لە توانای مۆڕاڵیی و هوشیاری پێویست گەیشتبێت و پرسەکە گرنگییەکی تەواوی هەبێت، تاوەکو مانگرتنی گشتی بتوانێت وەك داخوازی گشتی خەڵك پێشنیاربکرێت. یەکێك لە گاڵتەجارترین شتەکان، کە دەیدەنە پاڵ یەکێتیگەرانی شۆڕشگێڕ، ئەم بیرکردنەوەیە، کە تەنیا کارایی ڕاگەیاندنی مانگرتنی گشتی، کاتێکە، کە خوازیاری بەدەستهێنانی سۆشیالیزم لە چەند ڕۆژدا بین؛ هەڵبەتە ئەمە تەنیا دروستکراوی هۆشی گاڵتەکەرانەی نەیارە نەزانەکانی یەکیتیگەراییە. مانگرتنی گشتی دەتوانێت ئامانجی جۆراوجۆری هەبێت. دەتوانیت دواهەمین قۆناخی مانگرتنێکی ئاسایی بێت، بۆ نموونە، لە بەرشەلۆنە، ساڵی ١٩٠٢ و لە بیلبائۆ ساڵی ١٩٠٣، مانگرتن بۆ یارمەتی بە کرێکارانی کانەکان، ئەو توانایەی بەوان بەخشی، کە لە مووچەیەکی باشتر بەهرەمەندبن و خاوەنکارەکانیان ناچار بە دابینکردنی توانایی تەندرستی لە کانەکاندا بکەن. مانگرتنی گشتی، هەروا، دەتوانێت ئامرازێك بێت بۆ کرێکارانی ڕێکخراو بۆ ئەوەی هەندێك

لە داخوازییە گشتییەکان پێشنیاربکەن، هەروا بۆ نموونە، هەوڵێك کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٨٨٦دا، بۆ ناچارکردنی خاوەنکارەکان بە ڕازیبوونیان بە لایەنی زۆری هەشت سات کار [واتە لە ٨ سات تێنەپەڕێ] کار لە پیشەگەلی سەختدا، ڕوویدا، بووە هۆی پێشنیارکردنی گشتی ئەم خواستە. مانگرتنی فراوانی سەرتاسەری کرێکاران لە ساڵی ١٩٢٦دا لە ئەنجامی هەوڵی هەمەلایەنەی خاوەنکارەکان بوو، بۆ هێنانەخوارەوەی ئاستی ژیانی کرێکاران لە ڕێگەی کەمکردنەوەی کرێی کارەوە.

هەروەها مانگرتنی گشتی دەتوانێت، ئامانجی ڕامیاریشی هەبێت. بۆ نموونە، خەباتی کرێکارانی ئیسپانیا لە ساڵی ١٩٠٤دا بۆ ئازادی زیندانیان، یا مانگرتنی گشتی لە کاتالۆنیا لە جولای ١٩٠٩دا بۆ ناچارکردنی دەوڵەت بە کۆتاییهێنان بە جەنگی نارەوای لە مەراکیش. هەروا مانگرتنی گشتی کرێکارانی (ئاڵمانیا)ش لە ساڵی ١٩٢٠دا، کە پاش پیلانی (کاپ) ڕوویدا و کۆتایی بە دەوڵەتی کودەتاچیانی سەربازی هێنا، لەم جۆرە بوو. لە وەها بارودۆخگەلێکی قەیراناویدا، مانگرتنی گشتی جێی خەباتی ڕامیاریی ئاسایی باو دەگرێتەوە. مانگرتنی گشتی، بۆ کرێکاران، بەرهەمی لۆجیکیانەی سیستەمی پیشەسازی تازەیە، کە ئەوان ئەوڕۆکە دەبنە قوربانی ئەو، بەڵام هاوکاتیش وەك بەهێزترین چەکی خەبات بۆ ئازادی کۆمەڵایەتی لەبەردەستیاندایە، بۆ ئەم مەبەستە، تەنیا پێویستە هێزی خۆیی و شێوەی گونجاوی سوودوەرگرتن لێی، فێربن.

# ئەناركۆسەندیكالیزم پاش جەنگی جیهانی یەكەم

پاش جەنگی جیهانی یەكەم، دانیشتووانی ئۆروپا لەتەك بارودۆخێكی تازە ڕووبەڕووبوون. فەرماندارییەكانی پێشووتری ئۆروپای نێوەندی ڕوخابوون. ڕوسیە لە دەمی شۆڕشێكدا بوو، كە هیچ كەس نەیدەزانی سەرەنجامەكەی چی دەبێت. شۆڕشی ڕوسیە كارایی لەسەر هەموو كرێكارانی وڵاتانی دیكە دانابوو. ئەوان پێیانوابوو، كە ئۆروپا لە بارودۆخێكی شۆڕشگێڕانەدایە و ئەگەر نەتوانن ئەو شۆڕشە بە سەرەنجامێكی یەكلاییكەرەوە بگەیێنن، بۆ ساڵانێكی دوورودرێژ هیوابڕاوەدەبن. لەبەرئەوە ئەوان بەزۆری هیوایان بە شۆڕشی ڕوسیەوە گرێدابوو و بە دەستپێكردنی سەردەمێكی نوێی مێژوویی ئۆروپایان دەزانی. ساڵی ١٩١٩ پارتی بۆلشەڤیك، كە لە ڕوسیە دەسەڵاتی گرتبووەدەست، بۆ پێكهێنانی نێونەتەوەییەكی نوێ، هەموو ڕێكخراوە كرێكارییە شۆڕشگێڕەكانی جیهانی بۆ بەشداریكردن لە كۆنگرەیەكدا لە مۆسكۆ بانگەوازكرد. ئەو كات تەنیا لە چەند وڵاتێكدا پارتی كۆمونیست هەبوو، بەڵام ڕێكخراوە یەكێتییگەراكان لە وڵاتانی ئیسپانیا، پورتوگال، فەرەنسە، ئیتالیا، هۆڵەند، سوید، ئاڵمانیا، بریتانیا و وڵاتانی باكوور و باشووری ئەمەریكا هەبوون و لە هەندێكیاندا زۆر كارا بوون. لەبەرئەوە یەكێك لە گرنگترین بەرنامەكانی لێنین و هاوڕاكانی، گۆڕینی ئەو ڕێكخراوانە بوو، بە ئاراستەی بەرژەوەندی خۆیان. بەم جۆرە بوو، كە نزیكەی هەموو ئەناركۆسەندیكالیستەكانی ئۆروپا لە هاوینی ١٩٢٠دا بۆ یەكەمین كۆنگرەی دامەزرێنەری " نێونەتەوەیی سێیەم " میوانیكران.

بەڵام شتێك كە نێردراوانی یەكێتیگەرا شۆڕشگێڕەكان لە ڕوسیە دیتیان، شتێك نەبوو، كە هاریكاری لەتەك كۆمونیستەكان لواو یا تەنانەت خوازراو وێنابكرێت. دیكتاتۆری پرۆلیتاریا ئەو كاتیش نێوەڕۆكی ڕاستینەی خۆی نیشاندەدا. زیندانەكان پڕبوون لە سۆشیالیستانی سەر بە فێرگەكانی دیكە و زۆرێك لە ئەناركیستەكان و یەكێتیگەراكانیش زیندانیكرابوون. بەڵام لە هەمووی گرنگتر، زۆر بەڕۆشنی دیاربوو، كە فەرمانداره تازەكان بەهیچ شێوەیەك توانای نۆژەنكردنەوەیەكی سۆشیالیستیی ڕاستینەیان نییە. پایەڕێژی دیكتاتۆرئاسایانەی نێونەتەوەیی سێیەم و هەوڵدان بۆ گۆڕینی سەراپای بزاڤی كرێكاریی ئۆروپا بە ئامرازێك بۆ ڕامكارییەكانی دەوڵەتی بۆڵشەڤیكی لە پەیوەندییە دەرەكییەكاندا،

بەخێرایی ئەنارکۆسەندیکالیستەکانی تێگەیاند، کە لە نێونەتەوەیی سێیەمدا جێیەك بۆ ئەوان نییە. لەبەرئەوە، لە کۆنگرەی مۆسکۆدا پێشنیارکرا لە پاڵ نێونەتەوەیی سێیەمدا "یەکێتییەکی نێونەتەوەیی" لە یەکێتییە پیشەییە شۆڕشگێڕەکانیش پێکبهێنرێت، کە تێیدا هەموو ڕێکخراوە یەکێتیگەراکان، بە هەر ڕوانگەیەکەوە کە هەیانە، جێی خۆیان تێیدا هەبێت. نوێنەرانی یەکێتیگەراکان بەم پێشنیارە ڕازیبوون، بەڵام کاتێ کە کۆمونیستەکان ویستیان ئەو ڕێکخراوە پاشکۆی نیونەتەوەیی سێەم بێت، ئەنارکۆسەندیکالیستەکان پێشنیارەکەی خۆیان کشاندە دواوە.

لە دێسەمبەری ١٩٢٠دا، ئەنارکۆسەندیکالیستەکان لە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەییدا لە بەرلین کۆبوونەوە، تاوەکو لەبارەی بەرخوردیان لەتەك کۆنگرەی نێونەتەوەیی سووری یەکێتییە پیشەییەکان بڕیاربدەن، کە بڕیاربوو ساڵی داهاتوو لە مۆسکۆ بەرپابکرێت. کۆنفرانسەکە لەسەر مەرجدانان بۆ بەشداری یەکێتیگەراکان لەو ڕێکخراوەدا ڕێککەوتن. گرنگترینی ئەو حەوت مەرجە ئەمانە بوون؛ سەربەخۆیی تەواوی بزووتنەوەکە لە پارتە ڕامیارییەکان دابینبکات و پەیگیری لەسەر ئەو ڕوانگەیە بکرێت؛ نۆژەنکردنەوەی کۆمەڵگە تەنیا لە ڕێگەی ڕێکخراوبوونی ئابوورییانەی خودی چینی بەرهەمهێنەوە لە تواناداهەیە. لە کۆنگرەی مۆسکۆی ساڵی دواتردا، ڕێکخراوە یەکێتیگەراکان کەمایەتی بوون. یەکێتی نێوەندی یەکێتییە پیشەییەکانی ڕوسیە، بەسەر هەموو جولانەوەکەدا زاڵبوو و هەرچی دەویست، پەسەندییاندەکرد. لە ئۆکتۆبەری ١٩٢١دا، کۆنگرەی یەکێتیگەراکان لە دیوسلدۆرف Düsseldorfی ئاڵمانیا بەرپاکرا و کۆبوونەوەی نێونەتەوەیی دیکە بۆ ساڵی داهاتوو لە بەرلین بەرنامەڕێژیکرا. کۆبوونەوەکە لە ٢٥ی دێسەمبەری ١٩٢٢ تا ٠٢ی جێنیوەری ١٩٢٣ درێژەیکێشا. ئەو ڕێکخراوانەی کە بەشداربوون، بریتی بوون لە ئەرژەنتین: فیدراسیۆنی هەرێمی ئۆبرێرای ئەرژەنتین Federacion Obrera Regional Argentina بە نوێنەرایەتی ٢٠٠.٠٠٠ ئەندام. چیلی: ڕێکخراوی کرێکارانی پیشەسازی جیهان Industrial Workers of the World بە نوێنەرایەتی ٢٠.٠٠٠ ئەندام. دانیمارك: یەکێتی پرۆپاگەندەی یەکێتیگەرایی Union for Unionist Propaganda بە نوێنەرایەتی ٦٠٠ ئەندام. ئاڵمانیا: یەکێتی کرێکارانی ئازاد Freie Arbeiter Union بە نوێنەرایەتی ١٢٠.٠٠٠ ئەندام. هۆڵەندە: سکرتاریاتی سەرتاسەری

کرێکاران National Arbeids Sekretariat بە نوێنەرایەتی ٢٢.٥٠٠ ئەندام. ئیتالیا: یەکێتی سەندیکایی ئیتالیا Unione Sindicale Italiana بە نوێنەرایەتی ٥٠٠.٠٠٠ ئەندام. مەکسیکۆ: کۆنفیدراسیۆنی گشتی کرێکاران. نەرویج: فیدراسیۆنی سەندیکالیستی نۆرسك بە نوێنەرایەتی ٢٠.٠٠٠ ئەندام. پورتوگال: کۆنفیدراسیۆنی گشتی کرێکاران Geral do Trabalho Confederacao بە نوێنەرایەتی ١٥٠.٠٠٠ ئەندام. سوید: ڕێکخراوی نێوەندی کرێکارانی سوید بە نوێنەرایەتی ٣٢.٠٠٠ ئەندام. ئیسپانیا: لەو کاتەدا CNT بەتوندی سەرقاڵی خەباتێکی سەخت دژی دیکتاتۆری (پریمۆ دێ ڕیڤێرا) بوو و نەیتوانی نوێنەری بنێرێت، بەڵام نوێنەرانی لە کۆنگرەی نهێنی Saragossa لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٣دا بەشدارییانکرد. لە فەرەنسە، پاش جەنگ، کەرتتبوون لە (CGT)دا بووە هۆی پێکهاتنی CGTU، کە دواتر بە مۆسکۆوە پەیوەستبوو. بەڵام کەمایەتییەك تێیدا کە پێکەوە لەسەر پێکهێنانی کۆمیتەی پشتیوانی لە یەکێتیگەرایی شۆڕشگێڕانە Comite de Defence Unioniste Revolutionaire یەکیانگرت، نوێنەرایەتی نزیکەی ١٠٠.٠٠٠ کرێکاریان دەکرد و لە دانیشتنەکانی کۆنگرەی (بەرلین)دا بەشداریانکرد. لە (پاریس)ەوە فیدراسیۆنی باتیمن Federation du Batiment بە ٣٢.٠٠٠ ئەندام و فیدراسیۆنی لاوانی Federation des Jeunesses de la Seine بەشداربوون. دوو نوێنەری کەمایەتی یەکێتیگەرایی کرێکارانی ڕوسیە، بەشدارییانکرد.

کۆنگرە بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری لەسەر پێکهێنانی یەکێتی نێونەتەوەیی بەنێوی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران International Workingmen's Association نێوان ڕێکخراوە یەکێتیگەراکان دا. هەروەها بڕیاری ڕاگەیاندنی گشتی بنچینەکانی ئەنارکۆسەندیکالیزمی دا، کە بەم جۆرە بوو:

ئەنارکۆسەندیکالیزم دژی هەموو شێوەیەکی پاوانگەریی ئابووریی و کۆمەڵایەتییە و ئامانجی بنیاتنانی کۆمەڵگەی یەکێتییە ئازادەکان و ڕێکخراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی کرێکاران بەسەر کێڵگە و کارخانەکاندا لەسەر بنەمای سیستەمی ئازاد و ئەنجومەنە کرێکارییەکان، کە لە پاشکۆیی هەر جۆرە فەرمانداریی پارتییەك ئازادبێت. سەندیکالیزمی شۆڕشگێڕانە، بە پێچەوانەی ڕامیارییەکانی دەوڵەت و پارتە ڕامیارییەکان، لەجیاتی

فەرمانڕاوایی بەسەر تاکەکاندا، خوازیاری ڕێکخستنی ئابوورییانەی کرێکارانە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان. لەبەرئەوە، ئامانجی نەك بەتەنیا ڕوخاندنی دەسەڵاتە، بەڵکو هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە کارکردێکی دەوڵەتییشە لە ژیانی کۆمەڵدا. لەو باوەڕەدایە کە هاوکاتی لەنێوبردنی چەپاوڵگەری دارایی، دەبێت پاوانگەری دەسەڵات و ڕیشەکانی سەرکوتیش لەنێوببرێن؛ ئەوەی کە هەموو شێوەکانی دەوڵەت، لەوانەش دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، هەردەم دروستکەری پاوانگەریی نوێ و بەرتەریدانی نوێ دەبن، نەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئازادی.

بەم کارە، سنووربەندییەکی تەواو لەتەك بۆلشەڤیزم و لایەنگرانی لە وڵاتانی دیکە، ئەنجامدرا. لەو کاتەوە I.W.M.A ڕێگەی خۆی گرتەبەر، کۆنگرە نێونەتەوەییەکانی خۆی بەرپاکردن، بۆڵتنەکانی خۆی بڵاوکردنەوە و پەیوەندی خۆی لەتەك ئەنارکۆسەندیکالیستەکانی وڵاتانی دیکە پەرەپێدا.

بەهێزترین و کاراترین ڕێکخراوی I.W.M.A، ڕێکخراوی (CNT)ی ئیسپانیا بوو، کە گیانی خەباتکارانەی سەختی کرێکاران ئیسپانیا و دواتر ڕێکخەری بەرهەڵستییان لە دژی فاشیزم و نۆژەنکردنەوەی سۆشیالیستییانەی وڵاتی گرتەئەستۆ. CNT تا پێش سەرکەوتنی فرانکۆ، نزیکەی دوو ملیۆن و نیو کرێکار، جوتیار، کرێکاری هۆشی و ڕۆشنبیریی دەگرتەخۆ. سی و شەش ڕۆژنامەی دەردەکرد، لەوانە ڕۆژنامەکانی وەك سۆلیداریداد ئۆبریرا Solidaridad Obrera لە بەرشەلۆنە، کە یەکێك بوو لە گەورەترین ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا و نزیکەی ٢٤٠.٠٠٠ تیراژ چاپدەکرا، کاستێلا لیبرە، کە یەکێك لە گرنگترین ڕۆژنامەکانی مەدرید بوو. CNT چەندین ملیۆن پەرتووك و نامیلکەی چاپکرد و زیاتر لە هەر بزاڤێکی دیکە لە ئیسپانیا کاری بۆ پەروەدە و ڕاهێنانی جەماوەر کرد.

لە پۆرتوگال، کۆنفیدراسیۆنی گشتی کرێکاران CGT لە ساڵی ١٩١١دا پێکهات، کە بەهێزترین ڕێکخراوی وڵات بوو و هەمان بنچینەکانی CNT لە ئیسپانیا گرتبووەبەر. پاش سەرکەوتنی دیکتاتۆری، چالاکی ئاشکرای CGT قەدەخەکرا و بەنهێنی درێژە بە

چالاکی دەدات.

لە ئیتالیا، باڵی ئەنارکۆسەندیکالیستی (Conlederazione del Lavoro)، لەژێر کاریی هزرە سەندیکالیستییەکانی فەرەنسە، لەو ڕێکخراوە جیابووەوە و یەکێتی سەندیکاکانی ئیتالیا (USI)ی پێکهێنا. ئەم گروپە بەرئەنجامی خەباتی بێوچانی کرێکاریی بوو و لە ڕوداوی هەفتەی سووری جونی ١٩١٤ و پاشان لە دەستبەسەرداگرتنی کارخانەکانی میلان و شارەکانی دیکەی باکووری ئیتالیادا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا. بە بەدەسەڵاتگەیشتنی فاشیزم لە ئیتالیا، سەراپای بزاڤی کرێکاری و لەوانەش USI تێکشکاند.

لە فەرنسە، ئەنارکۆسەندیکالیستەکان لە CGTU لە ١٩٢٢دا دەرچوون و پاش ئەوە ڕێکخراوەکە بەتەواوی کەوتە ژێردەستی بۆلشەڤیکەکان. ئەنارکۆسەندیکالیستەکان Confederation Generale du Travail- CGT پێکهێنا، کە بە (I.W.M.A) پەیوەستبوو.

لە ئاڵمانیا، تا پێش دەستپێکردنی جەنگ یەکەمی جیهانی، ئەوانەی کە بە خۆجێییەکان (لۆکاڵیستەکان) ناودەبران بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هەبوون و ڕێکخراوەکەیان ناوی یەکێتی ئازادی یەکێتییە کرێکارییەکانی ئاڵمان FVDG بوو. لە ساڵی ١٨٩٧ دامەزراوە. لە ڕاستیدا ئەم ڕێکخراوە لەسەر هزری سۆشیالدیموکراتی دامەزرابوو، بەڵام لە بزاڤی یەکێتییە کرێکارییەکانی ئاڵماندا دژی ئاراستە نێوەندگەراکان تێدەکۆشا. ڕەنگدانەوەی سەندیکالیزمی فەرەنسی کارایەکی زۆری لەسەر FVDG دانا و بەرەو پەسەندکردنی تەواوتی بنچینەکانی ئەنارکۆسەندیکالیزمی برد. لە کۆنگرەی (دیوسلدۆف)ی ساڵی ١٩٢٠دا، ڕێکخراوەکە ناوی خۆی گۆڕی بە یەکێتی ئازادی کرێکارانی ئاڵمان Freie Arbeiter-Union Deutschlands- FAUD. ئەم بزاڤە خزمەتێکی زۆری لە ڕێگەی کرێکارانی ماندوونەناسی بنکەی چاپ و بڵاوکردنەوەی خۆی لە بەرلین ئەنجامدا، کە زۆربەی کارە گرنگەکانی بە تیراژێکی زۆر چاپدەکرد. پاش بەدەسەڵاتگەیشتنی هیتلەر، بزاڤی FAUD لەسەر شانۆ نەما. زۆرێك لە ئەندامان و

لایەنگرانی لە ئوردووگەکانی نازییەکاندا ئەشکەنجەدران یا ناچار بە دەرچوون لە وڵات بوون.

لە سوید هێشتاکە بزاڤی یەکێتیگەرایی زۆرچالاك لە ڕێکخراوی Sveriges Arbetares Centralorganisation – SAC بوونی هەیە. ئەم ڕێکخراوە، تەنیا ڕێکخراوێکی یەکێتیگەرای ئۆروپا بوو، کە لە چنگ کاردانەوەی فاشیزم و هێرشی نازییەکانی ئاڵمانیا بەدرێژایی ماوەی جەنگ دەربازبوو. ئەنارکۆسەندیکالیستەکانی سوید لە گشت خەباتە گەورەکانی کرێکارانی وڵاتدا بەشداربوون و ساڵانێکی دووردرێژ ئەرکی پەروەردە و ڕاهێنانی سۆشیالیستیی و ئازادیخوازانەیان پێکەوە ئەنجامدا.

لە هۆڵەند، بزاڤی ئەنارکۆسەندیکالیستی لە (Secretariat Nationale Arbeids)دا کۆبووبووەوە، بەڵام کاتێك کە ئەم ڕێکخراوە بەهۆی کارتێکردنی کۆمونیستەکانەوە لە بزووتن وەستا، نزیکەی نیو ملیۆن لە ئەندامانی جیابوونەوە و ( Nederlandisok Syndikalistisch Vakverbond) پێکهێنا، کە بە (I.W.M.A)وە پەیوەستبوو.

وێڕای ئەم ڕێکخراوانە، گروپە پاگەندەییە ئەنارکۆسەندیکالیستییەکان لە نەرویج، پۆڵۆنیا و بولگاریا هەبوون، کە بە (I.W.M.A) پەیوەستبوون. هەروەها ( Jiyu Rengo Dantal Zenkoku Kaigi) لە یابان بە I.W.M.A پەیوەستبووبوو.

لە ئەرژەنتین، Federacion Obrera Regional Argentina-FORA کە لە ساڵی ١٨٩١دا پێکهاتبوو، ساڵانێك نێوەندی خەباتی گەورەی کرێکاریی ئەو وڵاتە بوو. مێژووی ئەو ڕێکخراوە، یەکێکە لە بەشە بەرجەستەکانی مێژووی بزاڤی کرێکاریی. ڕێکخراوەکە بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٥ ساڵ بڵاوکراوەکەی خۆی بەناوی (La Protesta) بڵاودەکردەوە و سەرەڕای ئەوە گەلێك هەفتەنامەی لە سەرتاسەری وڵاتدا چاپ و بڵاودەکردەوە. پاش کودەتای جەنەراڵ ئوریبورو، F.O.R.A کەوتە ژێر چاودێری، بەڵام توانی چالاکی ژێرزەمینیی خۆی درێژەپێبدات و لە سەردەمی دیکتاتۆر پێرۆن (Peron)یشدا بارودۆخەکە هەر بەو جۆرە بوو. لە مانگی ئایاری ١٩٢٩دا، F.O.R.A بانگەوازێکی بۆ کۆبوونەوەی بزاڤەکانی هەموو وڵاتانی ئەمەریکای لاتین لە کۆنگرەیەکدا

لە Buenos Aires ڕاگەیاند. لەو کۆنگرەدا، بێجگە لە FORA، پاراگوای : Centro Obrero del Paraguay ، بۆلیڤیا : Federacion Local de la Paz, La Antorcha and Luz y Libertad، مەکسیك : Confederacion General de Trabajo ، گواتیمالا : Comite pro Accion Sindical، ئوروگوای:Federacion Regional Uruguaya، برازیل: trade unions from seven of the constituent states و کۆستاریکا : organization Hacia la Libertad بەشداربوون. هەر لەو کۆنگرەدا بوو، کە Continental American Workingmens Association لەدایکبوو و باڵی ئەمەریکایی I.W.M.A پێکهێنا. یەکەمین دانیشتنەکانی ئەم ڕێکخراوە لە Buenos Aires بەرپاکران، بەڵام پاش ئەوە لەبەر باری دیکتاتۆریی، ناچار بارگەی بۆ پاراگوای گوازرایەوە.

ئەمانە هێزگەلی ئەنارکۆسەندیکالیزم، پێش دەرکەوتنی فاشیزم و هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی دووەم بوون.

# بنچینەکانی سەندیکالیزم

پێشەنگانی سۆشیالیستانی فەرەنسە، لەبەرئەوەی کە لە بزاڤی (ژاکۆبینی)یەوە هاتبوونەدەر، خۆبەخۆ لەو ئاراستە هزرییەدا دەگیرسانەوە. بابۆف و بزاڤە شۆڕشگێڕانەکەی لە ڕاستیدا خوازیاری دیکتاتۆری شۆڕشگێڕانە بوون لە فەرەنسە و ئاراستەی کۆمونیزمێکی کشتوکاڵیان هەبوو. بزاڤەکانی دواتریش [ لەتەك بوونی کەسانی وەك باریس و بلانکی لە ڕابەرایەتییەکەیدا] درێژەیان بەم پێشینەیەدا و مارکس و ئەنگلس تێڕوانینەکانی خۆیان لەم بارەوە، وەرگرت. بەم جۆرە بیرۆکەی "دیکتاتۆری پرۆلیتاریا" گەشەیکرد و لە مانیفێستی کۆمونیستدا خرایەڕوو. بەڵام پاش ڕاپەڕینی (کۆمونەی پاریس) لە ساڵی ١٨٧٩دا مارکس بەتێڕوانینێکی دیکە گەیشت. ئەو ناچار بە گرنگیدان بە دەستکەوتەکانی کۆمونی پاریس بوو، چونکە "لایەنە فەرمانداریییەکانیانی لەنێوبرد" بەڵام ئەم گۆڕانەی لە ڕوانگەدا، تەواو ئازادانە و دڵخوازانە ئەنجامنەدا. باکونین دەنووسێت: "دەستەکوتەکانی کۆمونەی پاریس هێندە لێدەرانە بوون، کە تەنانەت مارکسیستەکانیش لە بەرانبەریدا سەری ڕێزیان بۆ دانەواند؛ چونکە تەواوی تێڕوانینەکانی ئەوانی خستبووە زبڵدانەوە و بەپێچەوانەی لۆجیکی خۆیان ناچاربوون بەوەی بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی کۆمونە بکەنە ئامانجی خۆیان. کارایی شۆڕشگێڕانەی ڕاپەڕینی کۆمونە، مارکسیستەکانی ناچارکرد بە پێچەوانەی خواستی پێشوویی و هەستی خۆیانەوە، پێشوازی لێبکەن، ئەگینا لە هەموو لایەکەوە تووشی سەرکۆنە و توانجلێدان دەبوون".

بەڵام لەتەك ئەوەشدا مارکس کۆمونەی پاریس وەك پێشەکی "دیکتاتۆری پرۆلیتاریا" یاددەکاتەوە. بەم جۆرە ئەو لە سەردەمە جیاوازەکاندا تێڕوانینی جیاواز لەم بارەوە دەردەبڕێت. لە "مانیفێستی کۆمونیست"دا وەك فەرمانداریی نێوەندی و شۆڕشگێڕانە لەبارەی "دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا"وە دەدوێت، کە توانای پیادەکردنی سۆشیالیزمی هەیە، بەڵام لە (جەنگی نێوخۆیی)دا لەبەر لەنێوبردنی (دەوڵەت) ڕاپەڕینی کۆمونە گرنگ دەنرخێنێت.

پرسەکە بۆ ئێمە زۆر ڕۆشنە. "دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا"" واتە دەسەڵاتداریی فەرمانداریی لەلایەن پارتێکی دیاریکراوەوە. لە بنچینەدا دیکتاتۆریی بریتییە لە دەسەڵاتی پارتێك نەك

چینێك، لەبەرئەوە لەبنەڕەتەوە دژی "دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا"ین و هەر بەهۆی ئەم بەڵگە سادە و ڕۆشنەوە، چونکە ئێمە دژی فەرماندارییین. ئەگەر مەبەست لە دیکتەکردنی پرۆلیتاریا بە چینە داراکان و کۆتایی دەسەڵاتی ئەوان و بەڕێوەبردن و گرتنەدەستی تەواوی دەزگە گرنگەکانی کۆمەڵگە لە دەستی خۆیدا بێت؛ ئێمە نەك هەر دژی نین، بەڵکو بە هەموو هێز و ئامرازە گونجاوەکان پشتیوانی لێدەکەین. وەها تێڕوانینێك نێونەتەوەیی فیدراسیۆنەکانی دژە دەسەڵات، لە دەمی کۆنگرەی خۆیدا لە ساڵی ١٨٧٢ لە سویسرا لە (بەرنامەی سان ئایمیر) پەسەندکرا و بڕیاری لەسەر درا.

ئێمە وەك نەیارانی فەرمانداریی ناتوانین پشتیوانی دەربڕینی وەك "دەوڵەتی شۆڕشگێڕانە" بین. دەوڵەت هەمیشە کۆنەپەرستە و هەر کەس ئەو پرسە پێشنیاردەکات، لە بنچینە شۆڕشگێڕییەکان تێنەگەیشتووە. هەر ئامرازێك بۆ کارێك چێکراوە. بە ئامرازەکانی ئاسنگەری ناتوانرێت ددان دەربکێشرێت و بە دندانکێشی پزیشکیش ناتوانرێت ئاسنگەری بکرێت. لەبەرئەوەی کە دەوڵەت ئامرازی زاڵکردنی کۆمەڵێکە بەسەر جەماوەری بەرینی خەڵکدا، ناتوانرێت ئۆرگانی ئازادکردنی جەماوەر بێت. ئەوە دیکتەکردن لە سەرەوەڕا نییە، بەڵکو سەرەنجامی ئاکسیۆنە شۆڕشگێڕییەکانی جەماوەری کرێکارانن، کە لەپێناو ئازادیدا هەنگاودەنێن. کەسێك کە خوازیاری "دیکتاتۆری پرۆلیتاریا"یە و پاگەندەی دەوڵەتی شۆڕشگێڕ دەکات، لە ڕاستیدا لەبەرانبەر شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا ڕاوەستاوە. لەنێوان شۆڕشی کۆمەڵایەتی و لەنێوچوونی دەوڵەت و دیکتاتۆری دەوڵەتییدا جیاوازییەکی زۆر و ئاشکرا هەیە. ڕێگەی سێیەمیش نییە، ئیدی هەر کەس چی بخوازێت، ئازادە و دەتوانێت لەنێوان ئەم دووانەدا یەکێکیان هەڵبژێرێت.

من چەندین جار لەم بارەوە دواوم، کە پارتە چەپەکان لە ڕاستیدا، هەوڵی دەستەمۆکردنی هێزی خەباتی ئابوورییان هەبووە و لەتەك ئەوەی کە دروشمی ئەنجومەنیی (سۆڤیەت*) و خەباتی ئەنجومەنی بەرزدەکەنەوە، بەڵام لەبنەڕەتدا زەمینە بۆ زاڵبوونی خۆیان لەنێو ئەنجومەنەکاندا ئامادەدەکەن، کە ئەمە لەبنەڕەتەوە لەتەك ڕوانگەی ئەنجومەنییدا ناکۆکە. ڕوانگەی ئەنجومەنیی بەمەبەستی وەستانەوە لە بەرانبەر ڕامیارییە ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و ڕامیارییەکانی دەوڵەت هاتوونەتە ئاراوە. (سان سیمۆن Saint-Simon) لەم بارەوە ئاوا

بۆچوونی خۆی فۆرمۆڵەدەکات " لە شوێنێك کە هونەری فەرمانداریيکردن بەسەر خەڵکدا، جێی خۆی بە هونەری بەڕێوەبردنی شتەکان دەدات". ئەم بیرکردنەوەیە هەرچەندە لەلایەن شۆڕشی ڕوسیەوە دەنگیدایەوە، ماوەیەکی زۆر بەر لەوە هەبووە و ئەزموونکرابوو. بەپێچەوانەی دژە دەسەڵاتیی نێونەتەوەیی کرێکارانەوە، کە ئەم ڕوانگەیەی لەلا پەسەندبوو، هەموو پارتە ڕامیارییەکان دژی ڕوانگەی ئەنجومەنیی بوون. لێنین Lenin ڕابەری بۆلشەڤیکەکانی ڕوسیە لەساڵی ١٩٠٥دا ئاوا وەڵامی ئەنجومەنەکانی پترسبۆرگ دەداتەوە "سیستەمی ئەنجومەنی کۆنە و پەڕپووتبووە و پارتی ئێمە ناتوانێت پشتیوانی لێبکات". بەڵام ئەوڕۆکە هەلومەرج، بۆلشەڤیکەکانی ناچارکردووە، کە لایەنگری "ئەو شێوازە کۆن و پەڕپووتە"بن. سروشتییە کە ئەوان لە داهاتوودا سیستەمی ئەنجومەنی بگۆڕن بە دەوڵەتی ئەنجومەنی و گیانی بیروکراسییانەی خۆیان لەنێویدا موتوربەبکەن؛ پرسگەلێك کە لەتەك بیرکردنەوەی ئەنجومەنییدا هیچ نزیکییەکیان نییە (و. فارسی: ڕودۆڵف ڕۆکەر لە ساڵی ١٩١٩دا سیستەمی هەنووکەیی روسیە - سەردەمی سۆڤیەتی جاران-ی پێشبینی کردبوو). لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی لە (بازڵ)ی سویسرا لە ساڵی ١٨٦٩دا پرسی ئەرکی مێژوویی سەندیکاکانی پێشنیارکرد و بەدرێژی ختییە بەرلێدوان و پرس و ڕا. ڕوانگەی سۆشیالدیموکراتەکانی ئاڵمانیا، کە بوونی سەندیکاکانی تەنیا لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداریدا بەپێویستدەزانی، لەوێدا بەتەواوی ڕەتکرایەوە. ڕوانگەی گشتی پێیوابوو، کە گروپە خەباتکارە ئابوورییەکان، ئەرکی بنیاتنانی سۆشیالیزم و کۆمەڵایەتییکردنیان لەئەستۆگرتووە. باکونین و کەسانی دیکە لە باڵی چەپی دژە دەسەڵاتیی نێونەتەوەیی یەکەمدا، سەندیکایان وەك چەق و پێکهێنەری بنەڕەتیی سۆشیالیزم ناودەبرد و بەپێچەوانەی لایەنگرانی ڕوانگەی سۆشیالیزمی دەوڵەتییەوە، پێداگرییان لەسەر ئەنجومەنە کرێکارییەکان دەکرد و تەنانەت دەستەواژەی "ئەنجومەنە کرێکارییەکان" لەو کاتەدا باوبوو و لە کۆنگرەکانی دواتردا بەکاردەبرا. ئەگەرچی ئەم ڕوانگەیە ماوەیەکی زۆر لێدوانی لەبارەوە نەکرا و قسەی لەسەر نەکرا، ئەوەش لەبەر شکستی کۆمونەی پاریس و بزاڤەکانی ئیسپانیا و ئیتالیا و وڵاتانی دیکە بوو، کە تارادەیەك کرێکاران ناچار بە پاشەکشێیەکی درێژماوە بوون. دواتر جارێکی دیکە لە بزاڤە سەندیکالیستییەکان و ڕێکخستنە ئەنجومەنییەکان و ڕێکخراوە ئەنجومەنییەکاندا سەریهەڵدایەوە و لە دەستووری کاری ڕۆژانەیاندا جێگیربوو. شێوەی پێکهاتنی ئاوایە: لە هەر شار و گەڕەکێکدا، کرێکاران ڕێکخراوە پیشەییەکانی

خۆیان پێکدەهێنن. سەندیکای گشتی خۆجێی (محلی/ لۆکاڵی)، کە لە ڕێکخراوە پیشەییە کرێکارییەکان پێکهاتووە، لە خۆجێیدا پێکدێت. لە ڕاستیدا ئەم نێوەندە کرێکارییە، شوێنێکە بۆ ڕاگەیاندن و پەروەردەی سۆشیالیستی، ڕێکخەری مانگرتن و هاوپشتی کردەییە. هەر نێوەندێکی کرێکاری بەشێکە لە فیدراسیۆنی وڵات و زەمینەی بنەڕەتی ئەنجامدانی ئاکسیۆن و چالاکییە هاوبەشەکانە.

شێوەی دووەمی ڕێکخستن، ڕێکخراوی پیشەییە. واتە هەموو کرێکارێك لە کاتێکدا کە ئەندامی سەندیکای خۆجێییە، لەلایەکی دیکەیشەوە ئەندامی سەندیکای پیشەییەی کارەکەی خۆشیەتی و بەم جۆرە لەتەك کرێکارانی هاوکاریدا لە سەرتاسەری وڵاتدا لە هاوپشتیدایە. بەم جۆرە ڕێکخراوەکانی کرێکارانی میتال، دارتاشی، بارکردن و گواستنەوە و ئەوانی دیکە پێکدێن. بەگوێرەی ئەوە لە داهاتوودا سەرکەوتنی ئەم ڕێکخراوانە دەتوانێت، پێکهاتەی کۆمەڵگە بگۆڕێت و لەپێناو کۆمەڵایەتییکردندا تێبکۆشێت. هەر نێوەندێکی کرێکاریی لە شوێنی نیشتەجێبوون و چالاکی خۆیدا، بەڕێوەبەرایەتی خانوبەرە، خواردن، پۆشاك و کەرەستەکانی دیکە دەگرێتە ئەستۆی خۆی. لەلایەکی دیکەوە نووسینگەی ئاماری نێوەندی کرێکاری لە خستنەڕووی کەمی و زیادییەکان تێدەکۆشێت و بە هاریکاری فیدراسیۆنی سەرتاسەری نێوەندی کرێکاریی، لە دابینکردنی پێداویستییەکان و پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکان و دابەشکردنی کەرەستە ئامادەکان لەتەك نێوەندە کرێکارییەکانی دیکەدا دەستبەکاردەبن. بەم جۆرە زەمینەی بەرهەمهێنان بە بەرنامەیەك لەباردەکرێت، لە کاتێکدا نێوەندە کرێکارییەکان پرسی بەکاربردن، خانوو و خواردەمەنی چارەسەردەکەن؛ ڕێکخراوە پیشەییەکان پرسی بەرهەمهێنان دەگرنە ئەستۆ و بەرەوپێشەوەی دەبەن.

بەم جۆرە، کۆمەڵایەتییکردنی بەرهەمهێنان و بەکاربردن و دابەشکردنی کەرەستەکان لە خوارەوەرا بۆ ئاستی سەرتاسەری (لە خۆجێوە بۆ سەرتاسەر)، لەلایەن خودی جەماوەری کرێکارانەوە ئەنجامدەدرێت و لەلایەکی دیکەوە [بەپێچەوانەی وێناگەریی زۆرێك لە چەپەکان کە پاگەندەگەری دەوڵەتیکردنی پیشەسازی و شتەکانی دیکەن] بە بەدەوڵەتیکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، سۆشیالیزم نایێتەدی، بەڵکو سیستەمی

سەرمایەداری دەوڵەتی کە یەکێك لە خراپترین شێوەکانی بەهرەکێشی لە مرۆڤ، سەرهەڵدەدات. لەبەر ئەم هۆیە، ئێمە سەندیکالیستەکان خوازیاری کۆمەڵایەتیکردنەوەین، ئەویش لە خوارەوەڕا بۆ سەرتاسەریی و لەلایەن سەندیکا و ئۆرگانەکانی ئەوانەوە، واتە نێوەندە کرێکارییەکان و فیدراسیۆنەکانیان و ڕێکخراوە پیشەسازییەکانەوە.

پرسێکی دیکە، کە دەبێت دەربېڕدرێت، ئەوەیە کە کۆمەڵایەتیکردنی بەرهەمهێنان لەتەك بەدەستەوەگرتنی بەرهەمهێنان جیاوازی هەیە. کۆمەڵایەتییکردن بەواتای ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی و بنەڕەتییە لە نەزمی سەرمایەداریدا، ئەگەر ئەوڕۆکە خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان لە ئارادانییە، لەبەر بێتوانایی ئێمە نییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە بەرهەمهێنان لەدەستی سەرمایەداردایە و ئەو دیاریکەر و چاودێریگەریەتی. لەلایەکی دیکەوە دەبێت پەیوەندی نادروستی نێوان پیشەسازی وکشتکاری و ناکۆکی نێوان کاری هۆشی و کاری بازوویی لەنێوببرێت. پرسەکە لەسەر ئەوە نییە، کە بەرهەمبهێنین، تاوەکو پێداویستیمان دابینبکرێت، بەڵکو دەبێت لەپێناو بەدیهێنانی شوێنی کار و ژیانی نوێ، داهێنانی مرۆڤەکان پەرەپێبدرێت و کارکردن بۆیان خۆشی و چێژبەخش بێت. ئەمە ئەرکی ئێمەیە، کە ئەوڕۆکە زەمینەی وەها کۆمەڵگە و بیرکردنەوەیەك بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە و پەیگیرانە و کۆڵنەدەرانە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی تێبکۆشین. ئەمە تەنیا ڕێگەی پەروەردەی سۆشیالیستییە. ئەوە هەڵەی مارکسیستەکانە کە تێڕوانینەکانی ئێمە بە خەیاڵی دادەنێن و لەم ئاراستە هزرییەدا تێناکۆشن. سۆشیالیزم خۆبەخۆ سەرهەڵنادا؛ بروسکەیەك نییە لە پڕێکدا سەراپای سیستەمی سەرمایەداری لەنێوبەرێت. هەروەها نابێت تەنیا پشت بە هەڵومەرجە ئابوورییەکان ببەسترێت و چاوەڕێی هاتنی ڕۆژی بەڵێندراو دانیشین. دەبێت خۆمان ئامادەبکەین، تاوەکو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان خافڵگیرماننەکەن و لەبیرنەکەین کە بۆ وەرچەرخاندنی ڕەوڕەوی ڕۆژگار، ویستی ئێمە پێویستە.

هەڵبەتە شایانی باسە، کە بزاڤی ئێمەش لە کەموکوڕی بەدەرنییە. چڵ ساڵ پەروەردەی سۆشیالدیموکراسیانە، هەموو جۆرە وزەیەکی ئافەرێنەر و توانا و لێهاتوویی کاری لە کرێکاران سەندووە. سۆشیالیزم بووە بە نەگۆڕێکی (دۆگمێکی) وشکهەڵهاتوو. گیانی پارتپەرستی و کاری پارتییانە، بزاڤەکەی لە مەنگەنەداوە، لەبەرئەوە هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی نوێ بەلەنێوچوون سزاوارە. بزاڤی سۆشیالدیموکراسی ئاڵمانیا هەمان ئەو

تاوانانەی بەرانبەر سۆشیالیزم ئەنجامدا، کە کلیسای پاپ لەبەرانبەر کریستانیزم پێیهەستا. لەبەرئەمەیە کە بزاڤی ئێمە ئەورۆکە لەتەك گیروگرفتی بێئەژمار ڕووبەڕووە.

پرسێکی دیکە، ڕوسیە و شۆڕشی ئەوێیە، کە سەردارانی پاگەندە دەکەن: لەوێ هەواڵێك لە سەندیکا و بزاڤی سەندیکالیستی نییە و تەنیا بەداهێنانی پارتە ڕامیارییەکان، جووڵانەوەکان سەریانهەڵداوە و ڕێکخراوە کارخانەییەکان لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی دەوڵەتدا ئەرکەکانیان ئەنجامدەدەن. ئەو سەردارانە ئاگایان لە کەتوارەکان و پەرەسەندنی جووڵانەوەکان نییە. لە ڕاستیدا ئەوە سەندیکا و کۆمیتەکانی کارخانەکان بوون، کە جووڵانەوەکانیان هەڵخڕاند. تەواوی بەرنامەی کۆمەڵایەتییکردن لەلایەن سەندیکا و ڕێکخراوە خەباتکارەکانی کرێکارانەوە داڕێژرا و دەست بە پیادەکردنی کرا. بۆلشەڤیکەکان بەر لە دەسەڵاتگرتنەدەست، لە بەرانبەر ئەنجومەنە (سۆڤیەت) کرێکارییەکاندا کاردانەوەیان نیشاننەدا. ئەوە ئەنارکیستەکان و سەندیکالیستەکان بوون، کە لە ئەنجومەن (شورا)کاندا سەرقاڵی کاری کارا و سەرکەوتووانە بوون. ئەوە هاوڕێیانی ئێمە بوون لە ڕێکخراوی (گولوس توورودا)دا کە خۆیان بە ئەنارکۆسەندیکالیست نێوبرد و خزمەتگوزاریی زۆر و زەبەندەیان ئەنجامدا، بەبێ هاریکاری هێزە شۆڕشگێڕەکان، هیچ کات بۆلشەڤیکەکان توانای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتیان نەبوو. هەروەها هەمان سەندیکای ڕوسیە، ئەورۆکە لە پاشLa Vie Ouvrière و بوونی سەندیکای شۆڕشگێڕانەی نێونەتەوەییە. لە ڕوسیە ئەوە پارتەکان نەبوون، بەڵکو ئەوە سەندیکا کرێکارییەکان بوون، کە هەلومەرجیان بۆ سۆشیالیزم لەبارکرد. گەشەی خێرا و بەرچاوی ڕژێمی (کۆماری سۆڤیەتیی ڕوسیە)ش سەرەنجامی چالاکی جەماوەری کرێکارانە، نەك داهێنانی ئافەرێنەرانەی تاکەکەسێك یا کەسانێك. ئەگەرچی خزمەتگوزارییان زۆرە، بەڵام جوتیارانی ڕوسییە، کە کۆمەڵێکی زیاتر لە ١٢٨ ملیۆن کەسی پێکدەهێنن، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە سەرکەوتنی شۆڕشدا هەبوو. جوتیارێك کە دوو لەسەر سێی زەوییەکەیان داگیرکردبوو و هەنووکە پاش شۆڕش دووبارە بووەتەوە بە خاوەنی، دەزانێت کە لەباری سەرکەوتنی دژەشۆڕشدا دووبارە زەوییەکەی لێدەسێننەوە. لەبەرئەوە بەهەموو توانایەکییەوە لە خەبات دژی دژەشۆڕشدا بەشداردەبێت. ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکرایە، کە سەرکەوتنی شۆڕش بەسەر دژەشۆڕشدا ڕۆشنەکاتەوە. بەڵگەیەك کە بەداخەوە لەلایەن زۆرێکەوە لەبەرچاوناگیرێت.

تێڕوانینی ئێمە لەبارەی پارتی بۆلشەڤیك، هەمان بەرخوردی ئێمەیە بەرانبەر پارتە سۆشیالیستییەکانی دیکە. ئێمە بەتەواوی هێزمانەوە پشتیوانی لە شۆڕشی ڕوسیە دژی دژەشۆڕش دەکەین. بەڵام نەك لەبەرئەوەی کە ئێمە بۆلشەڤیکین، بەڵکو لەبەرئەوەی کە ئێمە شۆڕشگێڕین. ئەگینا لە بواری دیکەدا ئێمە ڕێگەی خۆمان دەگرینەبەر، چونکە بەتوندی پێداگری لەسەر باوەڕەکانی خۆمان دەکەین. لەم بارەوە دەبێت ئەوەش بڵێین، لێنین کە هەمیشە دژی سەندیکالیستەکان بوو، لە دوا کۆنگرەی (کۆمینتێرن)دا لە مۆسکۆ ڕایگەیاند، کە سەندیکالیستەکان خەباتکارانی چینایەتی باشبوون و دەبێت هاریکارییان بکرێت. بەڵام تێڕوانینی ئێمە لەم بارەوە هەمان تێڕوانینە، کە هەموو جارێك ڕامانگەیاندووە، چونکە هێشتاکە لایەنگرانی بۆلشەڤیکەکان لە ئاڵمانیا سەرسەختانە درێژە بە جەنگ دژی سەندیکالیستەکان دەدەن.

ئەوان پێیانوایە، کە کارتی بردنەوەیان لە دەستدایە. چونکە بەگوێرەی پاگەندەی ئەوان دەسەڵاتی ئابووری بەبێ دەسەڵاتی ڕامیاری ناتوانرێت بەدەستەوەبگیردرێت. بۆیە پێویستە لەپێشدا پێناسەی دەسەڵاتی ڕامیاری بکەین. دەسەڵاتی ڕامیاری بریتییە لە سوپا، دەزگەی پۆلیس، دادوەری و هیدیکە. بەڵام نابێت لەبیربکەین کە ئەم دەزگە بەرێوەبەرییە تا کاتێك لەجێی خۆی دەمێنێتەوە، کە چینە داراکان ئامرازە ئابوورییە پێویستەکانیان لەدەستدایە. لەو کاتەوەی کە دەسەڵاتی ئابووریی دەکەوێتە دەستی کرێکاران ئیدی تەواوی دەسەڵاتی ڕامیاری چینە سەروەرکان گرنگی خۆی لەدەستدەدات. کاتێك کە کرێکاران کارخانەکان، کارگەکان و هیدیکە دەخەنە ژێر بەڕێوەبەرایەتی خۆیان؛ ئیدی سروشتییە، کە دەزگەکانی مرۆڤکوژی و کارخانەکانی چەکسازی لەکاردەکەون و ئەو دەزگە سەرکوتگەرانەیەی دژەشۆڕشیان لەدەستدەردەچێت.

ئامانجی ئێمە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات نییە، بەڵکو بەدەستەوەگرتنی زەمین و کێڵگە و کارگە و کارخانەکانە. ئەمە یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی سەندیکالیستەکان، کە ئەم بیرکردنەوەیە لەنێوان کرێکاراندا پەرەپێبدەن. ئێمە سەندیکالیستەکان بەپێچەوانەی تۆمەتەکانی کەسانی دیکەوە، نەك بە هیچ شێوەیەك خوازیاری لێکدابڕان و پڕشوبڵاوی نێوان کرێکاران نین، بەڵکو هەوڵی یەکێتی کار و بەدیهێنانی هاوپشتی فراوان و گشتیین.

ڕێك به پێچەوانەی شێوازی کاری پارتە ڕامیارییە پرشوبڵاوکانەوە، کە زۆرینەی چالاکی خۆیان بۆ تێکۆشان دژی یەکتری و دروستکردنی سەندیکای تایبەت بەخۆیان [ لەو ڕێگەیەوە لێکدابڕان لە نێوان کرێکاراندا دروستدەکەن] هەیە. با سەرنجی فەرەنسە بدەین؛ بەر لە یەکگرتنی پارتە سۆشیالیستەکان، هەشت یا نۆ گروپی پارتیی هەبوون، کە بەتوندی دژی یەکدی چالاکیاندەکرد. هەر پارتێکیش سەندیکایەکی تایبەت بەخۆی دروستکردبوو و بەم جۆرە توانای چالاکی هاوبەشی پرۆلیتاریای فەرەنسە لەنێوبرابوو. تا ئەوەی کە دواجار کرێکاران داچڵەکان (بەهۆشهاتنەوە) و ڕامیارکارانیان لەنێوان خۆیان کردەدەرەوە و ڕێکخراوی خەباتکارانەی ئابووریی خۆیان پایەڕێژییکرد.

تا ئێرە هەوڵمدا، بنچینە و بناخەی تیئۆری سەندیکالیزم ڕۆشنبکەمەوە، ئیدی ڕەتکردنەوە یا لێوەرگرتنی لە ئەستۆی خودی هاوڕێیاندایە.

کورتەی باسەکە، سەندیکالیستەکان باوەڕیان بە خەباتی ڕاستەوخۆ هەیە و پشتیوانی هەموو جۆرە چالاکی و ئاکسیۆنێکی جەماوەریین لەپێناو لەنێوبردنی سیستەمی پاوانگەریی ئابووریی، کە لە بەرانبەر چالاکی سەندیکاییدا دەوەستێت. ئەرکی سەندیکالیستەکان بریتییە لە پەروەردەکردنی کولتووریی و ڕۆشنبیریی جەماوەر و هاوئاهەنگکردنی چالاکیان لە سەندیکا و ڕێکخراوە خەباتکارییە ئابوورییەکانیاندا، بە مەبەستی ئەنجامدانی چالاکی ڕاستەوخۆ (لەوانە دەستبەسەرداگرتنی کارخانە، مانگرتنی گشتی و ...) و ڕزگاری لە چنگ سیستەمی کرێگرتەیی و فەرمانداریی هاوچەرخ. ئێمە بەمەبستی خەباتی هاوبەش دژی دژەشۆڕش، ئامادەی هەموو جۆرە چالاکییەکی هاوبەشین لەتەك شۆڕشگێڕە ڕاستگۆکانی دیکە، بەڵام هیچ کات سەربەخۆیی خۆمان لەدەستنادەین.

هاوڕێ (کرۆن) بابەتێکی خستوەتەڕوو، کە پێویستە لێرەدا ئاوڕی لێبدرێتەوە. ئەو دەڵێت "دەتوانرێت جەماوەر بەهۆی دیکتاتۆرییەوە پەروەردەبکرێن". ئەمە ڕوانگەیەکی سەیرە. من زۆر جار لەو بارەوە دواوم ، کە دیکتاتۆری و فێرکاری و ڕاهێنان وەك ئاو و ئاگر وان. ئێمە دژی هەموو جۆرە فێرکاری و پەروەردەکردنێکی توندوتیژانەین، فێرکاری واتە فێربوونی ئازادانە، فێرکاری واتە باوەڕ. پەروەردە و فێرکاری دژی هەموو جۆرە دیکتاتۆرییەکن. مرۆڤایەتی لەوێدا هەیە، کە مرۆڤ ئازادانە و سەربەخۆ بیربکاتەوە و کاربکات.

کرۆن دەڵێت "مانگرتنی گشتی بەتەنیا بەسنییە و دەبێت لەدووی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ڕامیارییەوە بین و هەروا کە لە شۆڕشی ڕوسیەی ساڵی ١٩٠٥دا ڕوویدا". پێویستە ئەوە بڵێم، کە بە باشی ئاگاداری ئەو ڕوداوانە هەم، کە ڕوویانداوە. شۆڕشی ١٩٠٥ ڕێك هەر لەبەر هەبوونی پارتەکان بوو، کە شکستیهێنا، واتە پرسێك کە کرۆن وەك بەڵگەیەك دژی تێڕوانینەکانی ئێمە بەکاریدەهێنێت. شۆڕش لەوێ هەموو ڕێکخستنە دەوڵەتی و بەڕێوەبەرییەکانی دەستلێنەدراو هێشتەوە و خۆی بەدوای بەڕێوەبردنیانەوە بوو. سەرەنجام کاتێك کە دژەشۆڕش گەڕایەوە، هەموو دەزگە سەرکوتگەرەکانی جەماوەر دەستلێنەدراو دووبارە کەوتنەوە ژێر ڕکێفی. باشترین بەڵگە بۆ بوونی پارتەکان و خراپکارییەکانیان یاخیبوونی دوو گەلەکەشتی دەریای ڕەشن. کاتێك کە دەریاوانانی کەشتی پۆتمکین و کەشتییە جەنگییەکانی دیکە یاخیبوون و دەسەڵاتیان گرتەدەست، سەروگوێلاکی سەردارانی پارتی پەیدابوو و داوای چالاکی هاوبەشیانکرد و لەو کاتەدا بوو، کە پاگەندە و تۆمەتەکان دەستیانپێکرد. هەموو کەسێکی دیکەیان بە دژەخون (خیانەتکار) دادەنا و سەرەنجام یەکێك لە باشترین هەلەکان لەدەستچوو.

ماتاچنکۆ یەکێك لە چالاکانی سەرەکی یاخیبوونەکە دواتر لە لەندەن چۆنیەتی ڕوداوەکەی بۆ گێڕاینەوە و بە ئەنارکیستەکانەوە پەیوەستبوو. چونکە لە پارتەکان بەگشتی بێزاربوو. ڕێك لەوێدا کە بە خۆشباوەڕییەوە هەوڵدەدرێت دەزگەی دەسەڵاتی دەوڵەتی لە جێی خۆیدا بمێنێتەوە، تا دواتر سوودی لێوەربگیرێت؛ بەو جۆرە ڕێگە بۆ دژەشۆڕش خۆش و لەباردەکرێت.

جوتیارانی فەرەنسی سەراپای پێکهاتەکانی سیستەمی دەرەبەگایەتی (فیئۆداڵی)یان لەنێوبرد. دواتر لەشکرەکانی ئۆروپا، فەرەنسەیان داگیرکرد و تەنانەت پاشایەکیشیان لە پاریس هەڵبژارد، بەڵام هیچ کات نەیانتوانی دووبارە سیستەمی دەرەبەگایەتی سەرلەنوێ چێبکەنەوە. چونکە سەرەپای پێکهاتەی دەرەبەگایەتی لەبنەڕەتەوە وێرانکرابوو. کەسێك کە خوازیاری جێگیرکردنی دەزگەی دیکتاتۆری دەوڵەتییە، لە ڕاستیدا خزمەت بە دژەشۆڕش دەکات. ڕێك لێرەدا (ئاڵمانیا)، لەوێوەیە کە شۆڕش سیستەمی ئابووریی و ڕامیاریی نەگۆڕیوە؛ لایەنگرانی پاشایەتی بە خۆشحاڵییەوە چاوەڕێی ڕۆژی بەڵێندراون.

کرۆن دەڵێت "دیکتاتۆری پێویستە تاکو پیشەگەران و کارناسان بگەڕێنەوە سەر کارەکانی خۆیان". لێرەشدا شۆڕشی ڕوسیە نموونەیەکی باشە. هیچ دیکتاتۆرێك نەیتوانی شارەزایان و تەکنیککاران بگێڕێتەوە سەر کاری خۆیان. تا ئەوەی کە لێنین ملی بە پێدانی کرێی داواکراویان بدات و بەم جۆرە ئەوان گەڕانەوە سەر کاری خۆیان. دیکتاتۆری توانای گۆڕینی باوەڕەکانی جەماوەری نییە. نابێت لەبیربکەین، کە شۆڕش بریتییە لە سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەی گەلێك بە ئاراستەی مۆڕاڵ و ڕۆشنبیریی نوێ. بەبێ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی و ژێرخانیی لە بنچینەدا شۆڕش واتا و تێگەیشتنێك بەدەستەوەنادات. توندوتیژی نەك هەر کارێکی شۆڕشگێڕانە نییە، بەڵکو کارێکی کۆنەپەرستانەشە. شۆڕش سەرەنجامی ئاڵوگۆڕی قوڵ لە بیرکردنەوەی مرۆڤەکان و گەیشتنیان بە هۆشیاری نوێیە؛ نەك دەسەڵاتی دەستکردی چەك. کەسانێك کە پێیانوایە، دەتوانن لە بەرانبەر ئەم میکانیزمە گەورە جەنگییەدا بەتەنیا چەکدارانە پێبنێنە مەیدانی کارەوە، بەهەڵەداچوون. چونکە دەبنە هۆی خوێنڕێژییەکی بێسوود. من دژی توندوتیژیم، لەبەرئەوەی کە دژی دەوڵەتم. چونکە لە ڕاستیدا دەوڵەت واتە بەرجەستەبوونی توندوتیژی ڕێکخراو. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم، کە توندوتیژی وەك ئامرازی پارێزگاریکردن لەخۆ ڕەتناکەمەوە، ئەگەر لە هەلومەرجێکدا بەسەرماندا بسەپێنرێت، دەبێت پەنا بۆ توندوتیژی بەرین، لەبەرئەوەی کە من دژی خۆکوژیم.

بەڵام دەستبردن بۆ خەباتی چەکدارانە و کودەتاگەرانە و سەرەنجام هەلڕەخساندن بۆ دوژمن بۆ بەرپاکردنی گەرماوی خوێن، تاکتیکێکی هەڵەیە، کە هیچ کات پشتیوانی لێ ناکەین. هەڵبەتە بەداخەوە ئێمە زۆرمان دیتووە، کە کەسانێك قسەی زلیان لەبارەی خەباتی چەکدارییەوە کردووە، بەڵام لە ساتی پێویستدا ونبوون و کارەکەیان خستووەتە سەر شانی کەسانی دیکە.

کرۆن دەڵێت " نابێت ئێمە تەنیا بەدوای خەباتی ئابوورییەوە بین، بەڵکو دەبێت پەل بۆ خەباتی ڕامیاریش بهاوێین". ئەمە هەمان شتە، کە ئێمە دەیڵێین. بەڵام ئێمە دژی چالاکی پارلەمانین، ئەگینا هەر جۆرە خەباتێك کە لە خزمەتی هەمووان‌دا بێت، جێسەرنجی ئێمەشە. مانگرتنی گشتی بۆخۆی خەباتی ڕامیاریشە و هەروا پاگەندەشە دژی میلیتاریزم.

سەندیکا واتە چالاکی ڕامیاری. سەندیکالیزم ئامانجێکی ڕامیاریی گەورەی خستووەتە بەردەم خۆی؛ لەنێوبردنی دەوڵەت، هەڵوەشاندنەوەی سەروەری مرۆڤ بەسەر مرۆڤەوە و هەڵوەشاندنەوەی دەزگەکانی بیرۆکراسی. کرۆن پاگەندەی ئەوە دەکات، کە نێوەندێتی (سەنترالیزم) لە پارتی کۆمونیستدا جۆرێکی دیکەیە. نەخێر! نێوەندێتی، هەر نێوەندێتییە. لەبەر ئەم هۆیەیە، کە ئێمە تەنانەت پرسە مادیی و داراییەکانی خۆشمان نێوەندی نەکردووەتەوە و خەزێنەی نێوەندی لەنێوماندا بوونی نییە. سەندیکالیستێك، فێدرالیستیشە و من ئەوەشی دەخەمە سەر، کە شۆڕشگێڕێك دەبێت فیدرالیستیش بێت. کەسێك کە خوازیاری سیستەمی دەوڵەتییە، لە هوشیارییەوە بێت یا ناهوشیارییەوە ئەوا خزمەت بە کۆنەپەرستی دەکات. ئەگەر پاگەندەی ئەوە دەکەن کە جەماوەر ناهوشیار و خۆپەرستە و بە دوای پرسی مادییەوەیە؛ دەبێت ئەوەش بگوترێت کەسانێك کە لە لوتکەی بڕیاردان هەر لەم دەستەیەن و لەبەرئەوەیە کە ئێمە خوازیاری لەنێوچوونی دەسەڵاتدارین.

* سۆڤیەت یا سۆڤیەتەکان ڕێکخستنی دژ بە ڕێکخستنی پلەبەندی سەرەوە بۆ خوارەوە (Hierarchy)ن، گونجاوترین واژەی هاوواتا لە زمانی کوردیدا بۆ ئەم واژە ناکوردییە، (ئەنجومەن)ە، ئەنجومەن لە دەنگدانی ڕاستەوخۆی خەڵکدا پێکدێت و لەلایەن دەنگدەرانەوە هەڵبژێردراوانی نەشیاو، لادەنرێن. بێجگە لەوەش واژەی "شورا" کە کۆمونیستەکان لەجیاتی واژەی"سۆڤیەت" بەکاردەبەن فرەتر واتایەکی ئیسلامی و هیرارشیی هەیە. (و.کوردی)

للقراءة و الطبع المزيد من الكتب الأخرى حول الأناركية باللغة العربية، الفارسية و الكردية، زوروا هذا الرابط الكتروني: http://issuu.com/anarkistan

برای خواندن و چاپکردن کتاب بیشتر درباره‌ای آنارشیسم به زبانی عربی، فارسی و کردی، روی این لینک انترنتی کلیک نماید: http://issuu.com/anarkistan

**بۆ خوێندنەوە و چاپکردنی پەرتووکی زیاتر دەربارەی ئەنارکیزم بە زمانی عەرەبی، فارسی و کوردی، کرتە لەسەر ئەم لینکە بکەن:** http://issuu.com/anarkistan

# Enarkîzm
# Û
# Enarkosendîkalîzm

**nûsînî**:

**Rudolf Rrocker**

**w. le Farsîyewe**:

**Hejên**

**Çapî yekem, sêptemberî** 2011

# Anarchism and Anarcho-Syndicalism

**by Rudolf Rocker**




**tranlated by : Hejên**

**first Edition, September 2011**